# بیرمەندی
# ناشۆڕشگێڕ

عوسمانی حاجی مارف

2025

ناوی کتێب
**بیرمەندی ناشۆڕشگێڕ**

بابەت: وتار
نووسەر: عوسمانی حاجی مارف
دیزاینی: ئومێد محەمەد
هەڵەچنی: ئاواز ساڵح
چاپی یەکەم: 2025
تیراژ:500 دانە
نرخ: 5000 دینار

# بیرمەندی ناشۆڕشگێڕ

عوسمانی حاجی مارف

2025

## پێڕست


مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە............................7

"بیرمەند"ی ناشۆڕشگێڕ........................................................39

ئامادەبوون بۆ نوێنەرایەتیی کەسێک......................................55

چەند خاڵێک بۆ هاوڕێ ئاسۆ کەمال..........................................71

بەرەو بەهێزکردنی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی!......................87

لە وەڵام بە هاوڕێ ساماندا.......................................................99

چەند هەنگاوێک لە ڕاستای ململانێی جەمسەرەکاندا...........113

هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە!..................125

# (1)
# مەنسور حیکمەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە

(باسێک لە هەفتەی مەنسور حیکمەتدا)

لە (11)ی جونی (2022) لە هەفتەی مەنسور حیکمەتدا، لە لەندەن باسێکم دەربارەی زیاتر ناسینی مەنسور حیکمەت وەک کەسێکی مارکسیستی واقعی و پراکتیکی پێشکەش کرد، بە پێویستم زانی، کە ئەم باسە، وەک نووسینێکیش بخەمە بەردەست خوێنەران. لەم بارەیەوە هاوڕێ بنار مستەفا زەحمەتی کێشا و تەواوی باسەکەی نووسییەوە، پێشەکی زۆر سوپاس بۆ هاوڕێ بنار، کە بەو ئەرکە هەستا. ئەوەش کە پێویستە خوێنەران ئاگادار بکەمەوە، دوای خوێندنەوەی باسەکەم، بە باشم زانی کە دەستکاریەکی زۆری ئەم نووسراوە بکەم، بۆیە لە سەر بنەمای هەمان ناوەڕۆک پێویستی بە چاککردنێکی زۆر بوو لە شێوەی داڕشتن و لە وردترکردنەوەی زیاتری باسەکەدا.

سەرەتا پێویستە ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە مەبەست لە ئامادەکردن و پێشەکەشکردنی ئەم باسە چییە لەم سیمینارەدا. کاتێک باسەکە دێتە سەر کەسایەتیی مەنسور حیکمەت و ڕۆڵی ئەو لە پراکتیکی شۆڕشگێڕانەدا، پێویستە بچینە سەر ناسینی کەسایەتیی هاوڕێ مەنسور وەک تەواوی

دەورەیەک، کە لە ژیانی سیاسـیدا هەوڵدان و پێگەی لـە بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتی و کرێکاریـدا چـۆن دەناسـێنرێت، لـە هەمان کاتـدا، گەڕانـەوەش بۆ ئەو دیدگایانەی کە چۆن هاوڕێ مەنسـور دەناسێنن و چ ڕەخنەیەکیان هەیە، قسەیەکی لە سەر بکەین؟

لـەم بیسـت سـاڵەدا، واتـە لـە مـاوەی ژیـان لـە دەسـتدانی هـاوڕێ مەنسـورەوە تـا ئێسـتا، زۆرتـر ئـەوە دەبیسـتین، کە هاوڕێ مەنسـور بە شـێوەیەک پێناسـە دەکەن، وەک کەسێکی بەتوانا لە مارکسیزم، کەسـێکی بیرمەنـد و تـێ گەییشـتوە، مارکسـییەکی هاوچـەرخ، کە لـەم چوارچێوەیە زیاتر بۆ ناسـاندنی هـاوڕێ مەنسـور ئەولاتـر ناچـن. بە مانایـەک، تەنها بەرهەمـی نووسـینەکانی وەک نووسـەرێکی باشـی مارکسیستی لێک دەدەنەوە. هەر لەم ئاڕاستەیەشەوە، لـە لێکدانـەوەی بۆچوونەکانیانـەوە ڕەخنـە و جیاوازییەکانیـان بەیان دەکەن! ڕەخنە لە بەشـێک لە نووسـراوەکانی دەگـرن، هـەر چەنـدە لـەم بارەیەوە ئەوانە دوای گیان لە دەسـتدانی هاوڕێ مەنسـور، بە هـەر بەڵگەیـەک باوەڕیان بـە کۆمۆنیزمـی کرێکاری نەماوە و پێداچوونەوە بە باسەکانیدا دەکەن، ئەوەی ڕاستی بێت، نەمدیوە لێکدانەوەیەکی جدی و ورد لەو

بارەیـەوە بەیـان بکرێـت، نە بە نووسـراو، نە لە هیچ کۆڕ و سیمینارێکدا.

هیـچ یەکێـک لـەو کـەس و لایەنانـەی خەریکـی پێداچوونەوەن لە سـەر بۆچونەکانی هاوڕێ مەنسور، نەیانتوانیـوە یان نەیانویسـتوە، ئەو لایەنە لێکبدەنەوە، کە هاوڕێ مەنسور وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ، دەور و دەخالەتی لە پراکتیکی شۆڕشـگێڕانەدا بناسـنەوە، یان دەور و دەخالەتی وەک ڕابەرێک بۆ ڕێکخستنی چینی کرێکار و ئامادەیی بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی بخەنە نێـو باسـەکانیانەوە، یـان بە ئاشـکرا ئەم خەسـڵەتەی دەخەنـە لاوە و لـە دنیای ئایدۆلۆژیا و بۆچوونەکانیدا دەخولێنـەوە، بـە مانایـەک ئاوێـزان بوونـی فیکـر و پراکتیکی لێک جیا دەکەنەوە و ڕۆڵی هاوڕێ مەنسور وەک شۆڕگێڕێک و کەسێکی پراگماتیزم و کەسایەتیی سیاسـی، مانایەکـی پێ نابەخشـن. تەنها لە ئاسـتێکی سـەتحیدا لە سـەر بەشـێک لە «دیـدگا فیکرییەکانی» سـەرنجەکانیان بەیان دەکەن، ئەوەش نەک بە باس و لێکدانەوە، بەڵکوو تەنها وەک بۆچونێک ڕای دەگەیەنن، کە ئەو باسانەیان قەبووڵ نییە!

تەنانـەت کەسـانێک، کـە ئەمـڕۆ وازیـان لـە ڕیزەکانـی ئێمـە هێنـاوە و کەسـانی ئازیـزی ئێمـە

بـوون، کە چوونەتە دەرەوەی حیزب و بزووتنەوەی کۆمۆنیزمـی کرێـکاری، ڕەخنەکانیـان لـە مەنسـور حیکمـەت لـەو چوارچێوەیـەدا دەسـوڕێتەوە، کە ئەو تەنهـا وەک بیرمەندێـک دەناسـێنن، واتـە وەک هـەر بیرمەندێکـی تـر قابیلـی ئەوەیە خاوەنـی لێکدانەوەی نادروسـت بێت. تەنانەت بۆ نموونە، جیاوازییەکانیان ڕۆشـن نییـە چیمـان پـێ ڕادەگەیەنـن، جگـە لەوەی دەڵێن نووسـینەکانی جێگای ڕەخنە و پێداچونەوەیە. لەو بارەیەشەوە، کەسانێک هەوڵیانداوە بە نووسراو هەندێ مەسەلە بەیان بکەن، بەڵام لەباری کردارییەوە بە چی دەگەن و چی دەکەن، نەک نارۆشـنن، بەڵکوو دەورانێکی سەرەگێژەش بە سەر دەبەن.

مەبەسـتی من زیاتر لەم لایەنەوەیە، کە مەنسـور حیکمەت چۆن بناسـین، ئەمەش دەتوانێ خاڵی جدیی چۆنێتیـی تێ گەییشـتنمان بێت، کە هاوڕێ مەنسـور چۆن پێشـڕەو بووە وەک کەسـێکی مارکسیست، کە لە ژیانی پراکتیکی سیاسـیدا نیشـانی داوین. ڕاسـتە خاوەنـی ئەدەبیاتێکـی فـراوان و نووسـینی زۆری هەیـە و دەکـرێ بـە چـاوی ڕەخنـەوە بـە هەمـوو نووسـینەکانیدا بچینەوە، بەڵام ئەمە بە تەنها ناتوانێ ڕەخنەیەکـی دروسـت بـدات بە دەسـتەوە یان مانای

ناسـینی کەسایەتی و پێگەی هاوڕێ مەنسور بێت لە نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا.

بۆ نموونە دەورانێک، کە باسی مارکس دەکرا، یان تەنانەت ئێستاش، کە بۆرژوازی دەیەوێت مارکس بە شـێواوی بناسێنێت، وەک کەسێکی شارەزا لە بواری ئابووریدا دەیناسـێنن، یان تەنها وەک فەیلەسووفێک. بـەڵام کۆمۆنیسـتەکان مارکـس وەک کەسـێکی شۆڕشـگێڕ و ڕابـەری بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتی و کرێـکاری دەناسـێنن. هەروەهـا ئەو کەسـێکە لای کۆمۆنیستە سیاسییەکان لە سەر ڕێڕەوی ماتریالیزمی پراکتیکـی دەناسـرێتەوە، لـە ژیانی سیاسـی و دەور و دەخالەتـی ڕۆژانەی بۆ ڕێکخسـتنی چینی کرێکار، بۆ شۆڕشـی سۆشیالیسـتی و دەوری لە یەکخستنی ڕیـزی خەباتـی ئەنتەرناسـیۆنالی کرێکاراندایـە. واتە گرینـگ ئەوەیـە مارکـس بـە دوای چ ئامانجێکەوەیـە و تـا چەنـد پراکتیکـی ئـەو ئامانجـە بـە کارە فیکری و سیاسـییەکانی بەرجەسـتە بووەتـەوە. ئامانجـی مارکس لە سـەر ڕێڕەوی گۆڕانی دنیایە و پێویسـتە هەر لەو ڕێڕەوەدا وەک کەسـایەتییەک بیناسین، کە مانـای گۆڕینـی دنیا چۆن بە بنەما وەردەگرێت، نەک لە سـەر ئەوەی کە چەندە وتار و کتێبی نووسـیوە و

لـە ئایدۆلۆژیـی ئەڵمانی چی نووسـیوە و لە کاپیتاڵدا چی دەڵێت. هەڵبەت نووسینەکانی بەرهەمی گەورە و مەزنی مارکسن.

بە هەمان شێوە بۆ لینینیش. لینین دوا قۆناغەکانی سـەرمایەداریی نووسـی و دەیان نووسراو و کتێبی تـری هەیـە. بـەڵام لە سـەر ئـەوەی دەخالەتـی لینین لە شۆڕشـدا، لە ڕێکخسـتنی چینی کرێـکاردا، وەکوو مارکسـییەکی واقعـی و پراکتیکێـک بناسـرێتەوە، دەخەنـە لاوە. ئەوانـەی ئەم جـۆرە ڕەخنەیە دەگرن، بـە شـێوەیەک دەچنـە جەدەلێکـەوە بۆچوونەکانـی خۆشـیان ناگەیەنن! ڕۆشن نییە بە دوای چییەوەن و چییان دەوێت و دەیانەوێت چی بکەن.

سـەبارەت بـەو کـەس و لایەنانـەی ڕێـگای پێداچونەوەیـان بـە کۆمۆنیزمـی کرێـکاری و مەنسـور حیکمـەت و لینیـن کردوەتـە مەشـغەڵەی ڕێـڕەوی گۆرانـی بۆچـوون و سیاسـەتەکانیان، یـان ئـەم کۆمۆنیزمـی کرێکارییـە بـە ئەزمونێکـی شکسـتخواردوو و لـە قەیرانـدا دەبینن، دوای ئەوەی پێیـان وایـە سـەرنج و ڕەخنانەکانیان جێـگای خۆی هەیـە، ئـەو کات ئـەو ڕێـڕەوەی هەڵیانبـژاردوە، پێویسـتە لـە بـاری کردارییـەوە کاریگەریـی خێرا لە

سەر بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی نیشان بدات، چونکە بۆچوونێک نەتوانێ لە کاتێکی دیاری کراودا پراکتیزەکردنی خۆی بەرجەستە بکاتەوە، بۆچوونێکە، کە نەیتوانیوە لە ئەزموونێکی ئاڵوگۆڕدا نیشانەکانی هەڵسانەوەی کۆمۆنیزمێکی تر بە ناوی «هاوچەرخ» و «نوێ»وە... ئاگری خەڵوزەکەی بگەشێنێتەوە. بۆیە خاوەنەکەی و ئەوانەی بڕوایان پێیەتی لە چاوەڕوانییەکی درێژخایەندا دەبن تا خەڵوزەکەیان دەبێتە خۆڵەمێش.

مەنسور حیکمەت لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە لە خەباتی فیکری، سیاسی و دەخالەتی لە نێو بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا، هەر لە ئیتحادی موبارەزانی کۆمۆنیستەوە تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بووە، یەک میتۆلۆژیی پیادە کردوە و وەک ڕابەرێک لە هەر دەورانێکدا وەڵامدەرەوەی گرفتەکانی بەردەم بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بووە، کاری لە سەر کردوە و بەرەو پێشی بردوە بە هەمان میتۆلۆژی و بە هەمان هێڵی سیاسیی کۆمۆنیستی ناسراوەتەوە. لینینیش بە هەمان شێوە. لینین لە یەکەم ئەدەبیاتییەوە خاوەنی دەور و دەخالەتی شۆڕشگێڕانەیە، وەک ڕابەرێکی کۆمۆنیستی لە نێو

کێشمەکێشـی چینایەتی و کۆمەڵایەتی ئەو دەورانەی ڕووسـیادا، کە چۆن ڕێکخستن و ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ شۆڕشـی سۆشیالیسـتی بەرێتە پێشـەوە. ئەمە پێگەی لینینە. مارکسـیش بـە هەمان ئەندازە. لە مانیفێسـتەوە بـۆ دەورانـی پێش مانیفێسـت و دوای مانیفێسـت. لە هەموو باسەکانیدا ئەوە بەرجەستەیە، کـە چینـی کرێـکار ئامـادە بکرێـت بـۆ شۆڕشـی سۆشیالیسـتی و کۆتایـی هێنـان و هەڵوەشـانەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری. باسەکەی من، کە دەمەوێت لـەم کۆڕەی ئەمڕۆدا قسـەی لە سـەر بکەم هەر لەو بارەیەوەیـە، کـە پێگـەی هاوڕێ مەنسـور لە خەباتی چینایەتیـدا چییـە و چ مێژوویەکـی وەک ڕابـەر و کەسایەتییەک لە سەر ڕۆڵی خۆی تۆمار کردوە.

واتـە بەر لەوەی باس لە پراکتیکی شۆڕشـگێڕانە بکەیـن، پێویسـتە لە خـودی شـۆڕش وردبینەوە، کە خـۆی چ مانایەکـی هەیـە، لای هەر یـەک لە مارکس، لینیـن و مەنسـور حیکمـەت و چـۆن پێناسـە کراوە. هەڵبەتە ئامانجدارانە، ئەم سێ کەسایەتییە بە نموونە دەهێنمـەوە، لە خەباتی کۆمۆنیسـتی و خەباتی چینی کرێـکاردا. زۆر کـەس و لایـەن لـە نێـو بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە باسـی شۆڕشدا جۆرەها پێناسە

دەکـەن، لـە ناسیۆنالسـتەکان، ئیسـلامییەکان و تـا بەشـێک لە چەپەکان و کەسـانی تریشـەوە پێناسەی تایبەتـی خۆیـان هەیـە لە سـەر شـۆڕش، لـە بابەتی شەڕی چەکدارانە، ڕووخانی دەسەڵات و هەر جۆرە نارەزایەتی و هەڵسـانێکی جەمـاوەری... دەخەنە نێو چوارچێوەی پێناسەی شۆڕشەوە. بەڵام لای مارکس، لینین و مەنسـور حیکمەت، شـۆڕش تەواو مانایەکی وردتر، ڕۆشـنتر و دیاریکـراوی هەیە. لای مارکس، لینیـن و مەنسـور حیکمـەت، تەنهـا یەک شـۆڕش لە واقعییەتی پێکهاتەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بوون و مانـای هەیـە، کـە شـۆڕش جگـە هەڵوەشـانەوەی سیستەمی سـەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆشیالیسـتی مانایەکی تری نییە. بە مانایەک، تەنها شۆڕشـی سۆشیالیسـتییە دەتوانـێ مانایەکی واقعی ببەخشێت لە گۆڕانی ڕیشەییی کۆمەڵگەدا، ئەمەش لە دنیـای واقعی کۆمەڵگەی سـەرمایەداریدا، ئەوە تەنها چینـی کرێـکارە بەو ئەرکـە مێژووییە هەڵدەسـتێت. هەر بۆیە دەڵێین شۆڕشـی کرێـکاری، خەباتی چینی کرێـکار پێگـەی سـەرەکییە لـە مانـای شـۆڕش لـە کۆمەڵگای سـەرمایەداریدا، هیـچ چین و توێژێک ئەو پێگەیەی نییە و نابێت.

واتە کۆمەڵگایەک لە سەر بنەمای پێوەندیی کار و سەرمایە دامەزرابێت، پێکەوە گرێدانی چینی کرێکار و سەرمایەداران ئەو پێکهاتەیە بێت و لە شێوازێکی پێوەندیی بەرهەمهێناندا بەرجەستە بێتەوە، قازانج و کەڵەکەی سەرمایە دەکاتە مایەی فەراهەم هێنانی سەختترین ژیان و گوزەران و ئەوپەری نائینسانی و بێ مافی بۆ زۆرینەی کۆمەڵگە، لە هەر کاتێکدا قابیلی تەقینەوە و لێک هەڵوەشاندنەوەیە.

پێوەندیی چینی کرێکار و سەرمایەدار، کار و سەرمایە دەبێت هەڵوەشێتەوە و کۆتایی پێ بێت. ئەم هەڵوەشاندنەوەیە، بە ڕاپەڕینی جەماوەری، شەڕی چەکداری، کودەتا، هاتنە پێشەوەی سەندیکا و هاتنە مەیدانی چین و توێژە غەیرە کرێکارییەکان بە دەست نایەت و کاری ئەوان نییە. کۆتایی هێنان بە سەرمایەداری، کۆتایی هێنانە بە پێوەندییەک، کە خۆی هەر لە بنەڕەتەوە وەها پێکهاتوە درێژکراوەی چەوسانەوەی ئینسانە لە سەر ئینسان، چەوسانەوەی سەرمایەدارانە لە سەر کرێکاران، دەسەڵات و دەوڵەت بە دەست ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانی چینی بۆرژوازییەوە لە خزمەت سەرمایەداران و پاراستنی پێوەندییەکانی سەرمایەدارییەوەیە، هەر بۆیە دەبێت

بەرانبەرەکەی و ئەڵتەرناتیڤەکەی حوکوومەتی کرێکاری بێت.

سەرمایەداری، شێوازێک لە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانە، کە تەواوی جیهانی داگرتوە، کاری بە کرێ و بەرهەم هێنانی کاڵایە بۆ بازاڕ، بۆ قازانج و داهاتێک، کەڵەکەی سەرمایە بۆ بەشێکی زۆر کەمی کۆمەڵگا بە دەست دەهێنێت، کرێکاران و سەرمایەداران کۆمەڵگای جیهان لە سەر بنەمای پێوەندییەکی دژ بە یەک دەچەرخێنن. ئەوەی مانای شۆڕشە، ئەو ڕێڕەوەیە، کە هەنگاو دەنێت ئەم پێوەندییە هەڵبوەشێنێتەوە و کۆتایی بە پێوەندیی کار و سەرمایە بهێنێت، بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک کاری بە کرێ نەمێنێت. ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێت، چینێک دەتوانێ شۆڕش بکات، کە چەوساوەی کاری بە کرێیە، سەرکەوتنی ئەو ململانێیە بە ئەنجام بگەیەنێت و کۆتایی بە کاری بە کرێ بهێنێ و کۆمەڵگەی سۆشیالیستی دامەزرێنێت. هیچ لایەن، چین و توێژ و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی غەیرە کرێکاری ناتوانێ و ناکرێ ئەو ڕۆڵە مێژووییە لە بری چینی کرێکار بگرێتە ئەستۆ.

ئەم ڕێڕەوە لای مارکس، لینین و مەنسور حیکمەت ڕۆشنە و هەڵسوڕانی سیاسی، هەر ئەو مانایەیان

پێ داوە. هەر لە سەر ئەم بنەمایەش کاری سیاسی و پراکتیکی شۆڕشگێڕانەیان بردوەتە پێشەوە و ڕۆڵیان بینیوە. هەر یەکێک لەم کەسایەتییانە و هەر کەسێکی تر، کاتێ ڕۆڵیان بووە و چالاکیی سیاسییان نیشان داوە، هەر بەو پێوەرەش پێگەی کەسایەتییان بە هەند وەردەگیرێت، کە تا چەند لە باری پراکتیکییەوە لە نێو خەباتی کرێکاراندا دەست و نەخشیان دیارە و هەنگاوی بەرەو پێشیان ناوە. هەنگاوە کردارییەکانیان تا چەند لە بواری کارکردن بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی ڕۆڵێکی سیاسیی کردارییان پێچەوانە کردوەتەوە.

***

ئەو دیاردەیەی لە سەردەمانی دوای شۆڕشی ئێران و ڕووخانی شا و پێش جێگیربونی کۆماری ئیسلامی، بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو و بەرفراون، واقعییەتی هەڵسوڕانی سیاسیی کۆمۆنیستەکانی لە ئێراندا نیشان دەدا، چەندین ڕێکخراو بە شێوەی جیاواز بەیانی خەتی سیاسی و هەڵسوڕانی سیاسییان ئەنجام دەدا، لە مەیدانی خەباتی سیاسی و کێشمەکێشەکاندا چەندین ڕێکخراو بە ناوی جیاواز ناوبانگیان دەرکرد، بەڵام جگە لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان،

هیچ لایەنێکی تر نەیانتوانی هێمای کۆمۆنیستی، وەک هێزێکـی دەخالەتگـەر لە ڕووداوەکانـی ئێراندا، وەک هێزێک کرداری بکەنەوە.

دەتوانـم بڵێم «ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیسـت»، کـە بـە یەکێـک لـە بچووکترین ئـەو ڕێکخـراوە کۆمۆنیسـتانەی ئـەو سـەردەمە ئەژمـار دەکرێـت، لە دۆخـی ئەو کاتەی ئێراندا، دەبینین بە دەوری هاوڕێ مەنسـور، کە سـەرنج و مەیلی خۆیانی خسـتە سـەر پەیوەسـت بون بـە کۆمەڵەی زەحمەتکێشـانەوە، ئەم کارە دۆخێکـی تـری لە خەباتی کۆمۆنیسـتەکانی ئەو سـەردەمەی خستە بەر بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی، کە کۆمۆنیسـتەکان لەو جەنجاڵییەی ئەو سـەردەمەدا دەتوانـن چـی بکەن، کە تا ئێسـتاش ئـەوە دەبینین چ کاریگەرییەکی لە سـەر بزووتنەوەی کۆمۆنیسـتی لە ئێراندا دانا. ئەمەش سەرەتای ئەو هەنگاوە کرداری و جدییە بوو، کە مانای پێگەی ڕاگرتن و بردنە پێشەوەی بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتی بـە هەنـد وەردەگرێـت، یـان بـە مانایـەک لـە سـاتێکی مێژووییـدا پراکتیکـی شۆڕشـگێڕانەیە، کـە ئاکامەکەی حیزبی کۆمۆنیسـتی ئێرانی لێ بەرهەم هات، کە بۆ دەورەیەک کۆتایی بە پەرشوبڵاویی ڕێکخراوبوونی کۆمۆنیستی هێنا.

لەباری کردارییەوە ئەم کارەی ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیست و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان کارێکی خۆبەخۆ نییە، دەور و پراکتیکی ڕابەرانێکە چارەنووسی بە سەرکەوتن گەیاندن و نیشاندانی قودرەتی سیاسیی کۆمۆنیزمیان لە پێشترایەتیی خۆیاندا دانابوو، توانییان ئەزموونێک بەرجەستە بکەنەوە، کە تا ئێستاش کاریگەرییەکانی لە سەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ئێران، عێراق و کوردستان ماوەتەوە. هەڵبەتە هەر لەم بارەیەوە، ڕۆڵی لینینیش لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەخالەتێکی گەورەتر و کاریگەرتری نیشانداوە، کە لەباری پراکتیکییەوە، دەوری لینین لە کاتی خۆیدا بەرجەستەتر و پێشڕەوانەتر مێژووی خەباتی سیاسیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نیشان داوە، تا ئاستی گەیاندنی کۆمۆنیستەکان بە دەسەڵاتی سیاسی.

هەر لەو دەورانەدا زۆرێک لە مەنشەفیکەکان، یان چەپی لیبڕاڵ وەها شۆڕشی سۆشیالیستی یان ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگای سەرمایەدارییان بۆ سۆشیالیزم لێکداوەتەوە، کە لە ڕێگەی گەشەی ئابووری و ئامادەییی چینی کرێکار هاوشانی ئەو گەشە ئابوورییە، شۆڕشی سۆشیالیستی بە ئاکامی

واقعی خۆی دەگات. واتە نیشاندانی تێڕوانینێکی میکانیکی لە بەردەم ئاڵوگۆڕی ڕیشەییی کۆمەڵگە بە بێ پراکتیکی شۆڕشگێڕانە مەیسەر دەبێت، مادام چینەکان هەن، واتە ناکۆکییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری حەتمییە، کە شۆڕشی کرێکاری بە بێ حیزب تێدا بە دەست دێت، یان کرێکاران بۆ خۆیان ڕێکخراوی گونجاوی خۆیان دروست دەکەن، شۆڕشێکی جیهانی بەرپا دەکەن، ئەم ئاڵوگۆڕەش سروشتی و خۆبەخۆ بە ئەنجام دەگات! بەڵام ئەم ئاڕاستەیە نە لای مارکس و لینین نە لای مەنسور حیکمەت بەو شێوەیە دەست نیشان نەکراوە. بەڵکوو دەخالەتی ڕاستەوخۆ و پێک هێنانی حیزب و ڕابەری حیزب لە خەباتی سیاسیی بزووتنەوەی کرێکاریدا مانایەکی پراکتیکی و تایبەتی هەیە.

گواستنەوەی شوێنی هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی لە تارانەوە، بۆ کوردستان بە دەستپێشخەریی هاوڕێ مەنسورەوە بۆ پەیوەست بوون بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە و بەرجەستەکردنەوە و قووڵترکردنەوەی زیاتری مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە دەورانێکی تایبەت لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، تەشخیسێکی کرداری بوو لە کارکردن بۆ

ڕێکخراوبوون و بەهێزکردنی حیزبی کۆمۆنیست لە نێو هاوکێشەی سیاسیی ئەو دەورانەی کێشمەکێشی چینایەتی و هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێران، یان بە دیاریکراوتر لە بەرانبەر دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هەر چەندە ئاڕاستەیەک لە نێو کۆمەڵەی زەحمەتکێشاندا بۆ خۆی پێداگریی لە سەر مارکسیزمی شۆڕشگێر دەکرد، لە هەمان کاتدا، ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیست ئەو باسەیان شەفافتر، ڕۆشنتر و قوڵتر کردەوە.

دواتر هاوکاتی چوونە پێشەوەی خەباتی کۆمۆنیستی لە هەلومەرجی سیاسیی ئێران و ململانێی ڕەوتە فیکری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هاوڕێ مەنسور لە سەر ئەو واقعە پێشبینیی کرد، کە پێگەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە دەوران و ئاڵوگۆڕ لە دۆخێکی تری ناوچەکەدا پێشهاتوە، ڕەوت و باڵە جیاوازەکانی ناو حیزب ناتوانن ئەو حیزبە بن، کە دەوری ڕابەری لە خەباتی کرێکاراندا بۆ شۆڕشی کرێکاری لەو بارودۆخە تازەیەدا پیادە بکات. هەر بۆیە خۆی وەک نوێنەری ڕەوتێکی تر لە نێو ئەو حیزبەدا ناساند، کە دەبێت ئاوێزان بوونی حیزب بە خەباتی چینی

کرێـکارەوە مانـا پەیدا بـکات. هەر بۆیـە کۆمۆنیزمی کرێـکاری، وەک ئـەو ڕەوتـە ناسـاند، کـە حیزبـی کۆمۆنیستی کرێکاری لە سەر ئەو بنەمایە پێک دێت، کە مەشغەڵەی سەرەکیی ڕێکخستن و ڕابەری کردنی چینی کرێکارە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی.

هـەر چەندە بە ناچاریی ئەو حیزبەی لە دەرەوی وڵات پێک هێنا، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا بووە حیزبی ئۆپۆزسـیۆنی یەکەم لە بەرانبەر کۆماری ئیسـلامیی ئێراندا، لەم بارەیەوە ناتوانین نکوڵی لە دەوری باسە سیاسـی و فیکرییەکانـی هـاوڕێ مەنسـور بکەین لە سـەر ناسـاندن و ڕۆشـنکردنەوەی خەتی فیکری و سیاسیی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەڵام ئەوەی حیزبی گەیانـد بـەو ئاسـتەی مانایەک لـە هاوسـەنگیی هێز بـدات بـە دەسـتەوە بـە قازانجی حیزبەکـەی، یەکەم هەنگاو ئەنجامدانی پێک هێنانەکەی بوو،  بە بەرنامە و خەتێکـی سیاسـیی تـەواو جیـاوازەوە. پێکهێنانـی حیـزب و هەڵسـوڕانی حیزبـی و سیاسـی، ئـەو هەنگاوە کردارییانە بوون، کە حیزبەکەی بە دەوریدا هەڵدەخڕاند و کاریان لە سەر دەکرد.

مـن بـۆ خـۆم لە ژیانی سیاسـیمدا بە دوو شـێوە مەنسـور حیکمەتـم ناسـیوە، بەشـێکی دەربـارەی

نووسـراوەکانیەتی، کـە کاریگەرییـان بووە لە سـەر بەشێکی زۆری کۆمۆنیستەکانی کوردستان و عێراق. بەشێکیشی لەوەدا سەرنجی ڕاکێشام و بەبایەخ بووە لام، کە لە باری کردارییەوە هەمیشە خاوەنی پێشنیار و داهێنـان بـووە، کە چی بکرێت و چۆن کۆمۆنیزمی کرێـکاری قودرەت پەیدا دەکات و دەسـەڵات بگرێت، وەک نوێنەری چینی کرێکار.

هـەر بـەو مانایـەی کەسـێکی خـاوەن ئەزموون، لێهاتـوو و داهێنەر بـووە لە باری کردارییەوە، کە بە بۆچوونـی من، ئەم خەسـڵەتە سـیفەتێکی کاریگەری تایبەتـی هـاوڕێ مەنسـور حیکمـەت بووە لـە ژیانی سیاسـیدا، هـەر ئەمەشـە بـە بۆچونـی مـن دەیخاتـە ڕیـزی هەمـان خەتـی پراکتیکیـی شۆڕشـگێڕانە، کـە لـە ڕیـزی دەخالەتگەرێکی سیاسـی و کرداریی وەک مارکس و لینینە، جا نە ناسـینی ئەم خەسـڵەتەیە، کە ئەوانـەی پێداچوونەوە بە باسـەکانیدا دەکەن ناتوانن ئەنجامگیرییەکی دروسـت لە هەڵسـوڕانی سیاسیاندا بـە دەسـت بهێنن، هـەر بۆیە هەمیشـە لـە گێژاوێکدا دەمێننـەوە و هیـچ کات ناتوانـن کاری تاکـڕەوی و گروپی و مەحفەلی تێ پەڕێنن.

***

ئاڵوگۆڕێک، کە مەنسور حیکمەت لە بزووتنەوەی چەپی ئێراندا خوڵقاندی، بە تایبەتی لە دەورانێکدا، کە قەیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بوو، بە تایبەتی لە سەردەمی دەنگدانەوەی دارمانی سۆڤیەتدا، جیهان لە بەردەم دەورانێکی تایبەتدا گوزەری دەکرد، کە لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکرایە سەر کۆمۆنیزم و مارکسیزم، لە سەردەمێکدا، کە بانگەوازی حەتمی شکست و فەشەلی کۆمۆنیزم ڕادەگەیانرا، هاوڕێ مەنسور پێداگری لە سەر هەقیانەت و سەلماندنی واقعییەتی ئایندەی سەرکەوتنی کۆمۆنیزمی نیشان دەدا و کاری بۆ دەکرد و پێشڕەوی گەورەی لەو قەیرانەدا نیشاندا.

بە ڕاستی کەوتبووینە دەورانێکی سەختەوە بۆ بەرگری لە کۆمۆنیزم، هاوڕێ مەنسور هەر لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا، وتی، کە «ئێمە توانیمان کۆمۆنیزمەکەمان لەم بەڵای قەیرانە بپارێزین» چونکە هەر لەو سەردەمە سەختەی کە لە هەمو لایەکەوە هێرش دەکرایە سەر شکستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، هاوڕێ مەنسور حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ڕاگەیاند و هاوکات کاریگەری و ڕۆڵی جدیی هەبوو لە پێک هێنانی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا، کە دواتریش لە هەناوی هەمان بزووتنەوە و خەتی سیاسیدا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانیش پێکهات.

هاوڕێ مەنسور، خەسڵەتی پراکتیزە بوون و وەڵام بەوەی لە هەر دەورە و توند پێچییەکدا دەبێ چی بکرێت، هەمیشە نموونەیەکی بەرجەستەی کەسایەتیی ئەو بووە، تەواوی ئەو کەسانەی ئێستا لە هەوڵی پێداچوونەوەدان بە کۆمۆنیزمە کرێکارییەکەی هاوڕێ مەنسوردا، پێم وا نییە بۆ ساتێک لە ژیانی سیاسییاندا دوودڵیان لە بەرانبەر خستنە ڕووی هەر هەنگاوێکی کرادراری بووبێت، کە هاوڕێ مەنسور پێشنیاری کردبێت، لە هەمان کاتدا ئەو هاوڕێیانە، هەوڵیانداوە بیسەلمێنن، کە نوێنەری ڕاستەقینەی جێبەجێکردنی ئەو کارە کردارییانەن و وایان نیشانداوە لە پێش ئێمەوەن!

لە لایەکی ترەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە، بەشێک لەو هاوڕێیانەی کە ڕیزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکارییان بە جێ هێشتوە، ئەوەندە بە مەنسور حیکمەت ڕەوا دەبینن، کە وەک «مارکسییەکی هاوچەرخ» بیناسێنن، ئەمەش هەر ئەو مانایەمان دەداتێ، کە تەنها لە ئەدەبیاتە فیکری و

سیاسییەکانییەوە، وەک نووسەرێک و مارکسییەکی هاوچەرخە و هیچی تر، هەر بەو مانایە تەواوی ژیانی سیاسی، دەور و دەخالەتی لە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی، پێشڕەوی و بەرز ڕاگرتنی ئەو بزووتنەوەیە و هەوڵدان بۆ بەهێزکردن و گەیاندنی بۆ دەسەڵات بە فەرامۆشی دەسپێرن و دەیکەنە کەسایەتییەکی ئەکادیمی و نایانەوێت خۆیان لە قەرەی ئەو ڕابردوە سیاسییە بدەن، کە خۆشیانی تێدا دروست بوون.

بە کار هێنانی «مارکسیزمی هاوچەرخ» پێناسەیەکی تەواو نادەقیق و نادروستە بۆ هاوڕێ مەنسور، بە بۆچوونی من، بنەمای ئەم بۆچوونە لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەک مەکتەبێکی ئایدۆلۆژی دەناسێنن و هاوڕێ مەنسوریش لەو مەکتەبەدا مامۆستایەکی باش بووە.

هەر لە درێژەی جەنجاڵیی ئەم بۆچوونانەدا لە سەر ڕابەرەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، کەسانێک بە خۆیان دەڵێن مارکسیزمی هاوچەرخ، واتە خەریکی گەڕانن بە دوای ئەو گرفتە تیۆرییانەی کە لە جیهانی فیکریی خۆیاندا هێشتا وەڵامی وەرنەگرتوەتەوە و

پێکهێنانـی حیزبەکەشـیان دەسـپێرن بـە ئایندەیەکی نادیـار، یا چاوەڕێ دەکەن کرێـکاران خۆیان حیزبی خۆیان پێک بهێنن.

***

خاڵێـک، کـە بـە پێویسـتی دەزانـم ئامـاژەی پـێ بـدەم، لـە زۆربەی کۆبوونـەوەکان و دانیشـتنەکاندا، بـە گشـتی، هـاوڕێ مەنسـور زۆر بـاس و نموونەی کارە کردارییەکانـی لینینـی دەهێنایـەوە و قسـەی لە سـەر دەکـردن، دەوری لینیـن لـە خەباتی سیاسـیی بزووتنـەوەی کرێکاری و کۆمۆنیسـتیدا نموونەیەکی بەرجەسـتەی کـرداری بوو بـە لایەوە، بـۆ گەیاندنی حیزبی کۆمۆنیست بە دەسەڵاتی سیاسی.

هـەمیشـە دووبـارەی دەکـردەوە؛ «لینیـن مارکسـییەکی واقعییە.» هـەر بەو مانا پراگماتیزمەی دەوری مەنسـور حیکمـەت، دەتوانـم بڵێـم هـاوڕێ مەنسـور «مارکسـییەکی واقعـی و کردارییـە»، نەک «مارکسییەکی هاوچەرخ».

لـە ئاکامـی پێداچوونـەوە بـە باسـەکانی هـاوڕێ مەنسـور کێشـەیەک نییە، بۆ هەر کەسێک بەو ئەنجامە جیاوازە فیکری و سیاسـییانە بگاتە باسـێکی جدی و گرتنەبـەری پڕۆسـەیەک، کـە ئاڵوگۆڕێکـی کاریگەر لە

بـاری کرداریيەوە نيشـان بدات، بـەڵام بە داخەوە، لەم بارەیەوە تا ئێستا لە ڕێڕەوی باسکردنی ئەو هاوڕێیانە لە سەر جیاوازییان لە بەرانبەر کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حیکمەت، جگە لە بیستنی وشەی «جیاوازیمان هەیـە»، کـە نەمانزانـی ئـەو جیاوازییانـەی کـە دەبێت ئاڵوگـۆڕ، بۆ پێشـڕەویی زیاتر لـە خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیسـتی بگرێتە بەر، لە باری کرداریيەوە چییە، لە بۆشـاییدا ماوەتـەوە. یان هـەر تەرحێکیـش کرابێت لە بۆچوونی خاوەنەکەی یا کەسـانێک، کە بە پەنجەکانی دەسـت ئەژمار دەکرێن تێ نەپەڕیـوە. هەڵبەتە جەدەل لە سەر بیروباوەڕ بە دوور لە مانا عەمەلییەکەی، هەر ئەو پەراوێزبوونەی لێ بەرهەم دێت.

لەگەڵ ئەوەی مەشغەڵەی جیاوازی بووەتە ڕێگای بیرکردنەوەیـەک، کـە نەتوانـن ئەجێنـدای سیاسـیی لـێ دەرکێشـن، لـە هەمـان کاتـدا، لـە بـە کار هێنانی دەستەواژەی «مارکسیزمی هاوچەرخ» بۆ پێناسەی هـاوڕێ مەنسـور، لە بـەردەم ئەو ناکۆکییـەدا بەرەو ڕوو دەبنـەوە، کـە نەیانتوانـی وەک «مارکسـییەکی هاوچەرخ» خۆشیان بناسێنن.

کەسـانێک سـی سـاڵ زیاتر لایەنگری مەنسـور حیکمـەت بـوون و وەک ڕابەرێـک تـا لـە ژیانـدا

بوو مەرجەعی سەرەکییان بوو، لە مەیدانی خەباتی کۆمۆنیستی کرێکاریدا دەوریان بینیوە، سی ساڵە لەگەڵ ئەدەبیاتی مەنسور حیکمەتدا دەستیان تێکەڵاو کردوە و هەر ئەو ئەدەبیاتانە زیهنیانی لە بیروباوەڕی ماویزم، پۆپۆلیزم و خەباتی ناکرێکاری و ناکۆمۆنیستی دوورخستەوە، بەڵام ڕۆژێک لە ناکاو لە خەو هەڵدەستن و لە هەستکردن بە تارماییەکی نەزانراو، مەنسور حیکمەت بۆیان دەبێت بە شتێکی تر. مەنسور حیکمەت بووە بە کەسێک، کە تەنها «مارکسیزمێکی هاوچەرخە»، یان «بۆچوونەکانی هاوڕێ مەنسور لە سەر حیزب و کۆمەڵگا و حیزب و دەسەڵات نادەقیقە»!؟ ئەمە ئەو ئاڕاستەیەیە، کە ناتوانن مەنسور حیکمەت وەک مارکسیزمێکی واقعی و پراکتیکی بناسن، وەک کەسێکی ناکارامە و ناشۆڕشگێڕ، لە ڕیزی مارکس و لینین دایدەبڕن، هەر چەندە کەسانێکیش هەر لە درێژکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی لە بەرانبەر هاوڕێ مەنسوردا هەیانە، بەوە گەییشتوون، کە هەمان پێناسەش لە سەر لینین دەکەن، بەو مانایەی ڕۆڵی ڕابەری لینین لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەخەنە ژێر پرسیارێکەوە،

کــه نەدەبوو بەلشــەفیکەکان ڕابەری ئەو شۆڕشــە بکەن و دەسەڵات بگرنە دەست، شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبــەر لــە دوای لینیــن لــەو خاڵــەدا دەســت نیشــان دەکەن. لینین، کە نموونەی کەســایەتییەکی پراکتیزەن، نمونەییە و ڕۆڵی لە گۆڕینی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی کۆمۆنیســتەکان لە دەورانی خۆیدا ســەلماندوە، بــەڵام لای ئــەم هاوڕێیانــەی ئێمــە بووەتە شــەبەحێک و ئەزموونێک، نابێت دەرس لە سەرکەوتنەکانی وەرگرین. لە هەمان کاتدا، جگە لە بانگەشــە و خواستی پێداچوونەوە بەو ئەزموونانە ڕێگایەکــی تری ســەرنجڕاکێش و کــرداری ناخەنە ســەر ڕێگای بەهێز بوونــی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیســتییەوە، تەنهــا بۆچوونەکانیــان لــەو بارەیــەوە لە ئاســتی پرســیارێکی بــێ وەڵامدا جێ دەهێڵن!

***

وەرگرتنی ئەزموونێک لە کار و نەخشەکانی هاوڕێ مەنســوردا مەســەلەیەکی جدییە، کاتێک لە پێشنیاری هەر کارێکی حیزبی و سیاســی، گەر بۆ خۆشــی ئەو پێشــنیارەی کردبێت و خاوەنی نەخشەیەک بووبێت، گــەر ئــەو کارە ڕێگری بۆ دروســت بووبێت و گیری

تـێ کەوتبێت، یا ئاکامێکی کرداری و ئەرێنیی نەدابێ بە دەستەوە، هیچ کات دوودڵی لە سەر ئەوە نەبووە، کـە نەخشــەکەی بۆ شــێوەیەکی تر بگۆڕێـت، دەیوت «کاری ڕۆتین کوشندەیە»، بۆیە پێویستە هەمیشە لە نەچوونە پێشــەوەی هــەر کارێکدا ڕێگا و کاراکتەری تـری بـۆ پەیدا بکەی، ئەو کارە ڕۆتینەی کوشـندەیە، دەتوانین بە باشــی و ئاســانی گروپ و مەحفەلەکانی پێ بناسینەوە.

بــە داخەوە، ئـەم ئەزموونە لە نێو هەڵسـوڕاوان و ڕابەرانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا جێ نەکەوتوە، دەبینین ئامادەن بۆ چەندین ســاڵ، ژیانی سیاســی بە چەند کارێکی ڕۆتینی بێ بەرهەم بگوزەرێنن، هەڵبەتە ئەم ســەرئەنجامە تەنها لە ســەر ئەو کەس و گروپانە نییــە، کــە لــە کۆمۆنیزمــی کرێـکاری جیابوونەتــەوە، بەڵکــوو نەخۆشــییەکە هێشــتا یەخــەی حیزبەکانــی کۆمۆنیســتی کرێکاریشــی بەرنەداوە. پێویســتە کاری سیاســی بەردەوام و ئاڵوگـۆڕ و داهێنانی تێدا بکرێت، گــەر نەتزانــی وەک گروپێکــی حاشــیەیی، ناسیاســی و تەریـک دەمێنیتــەوە و ناتوانــی ڕێکخــەر و ڕابــەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بیت.

بە بۆچوونی من، ئەوانەی لەم بزووتنەوەیە چوونە دەرەوە و ڕێگایەکی تریان گرتوەتە بەر، پێش هەموو شتێک ڕێگای نووسین، وتار، بڵاوکراوە و کتێب دەرکردنیان گرتوەتە بەر، دەستە و گروپی جیاوازیان پێک هێناوە، بانگەوازی ڕابەری بۆ خەباتی کرێکاری دەکەن، یان چاوەڕێن کرێکاران لە نێو خۆیاندا ڕابەرانی خۆیان و حیزبی خۆیان پێک بهێنن. بەڵام لە باری کردارییەوە نەیانتوانیوە یان نەیانویستوە نیشانی بدەن، ئەو کارانەی ئاڕاستەکەیان دەباتە پێشەوە چین؟

ئەمەش جگە لەوەی کەموکوڕییەکی گەورەی ئەو گروپ و ڕێکخراوانەن، کە بە شێوەیەکی تر لە بەیانکردنی تێگەییشتن لە مارکسیزم و سۆشیالیزم خۆیان ڕاگەیاندوە، لە هەمان کاتدا، دووبارەکردنەوەی هەمان پڕۆسەی ئەو سەردەمانەیە، کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، چەند ڕێکخراوێک لە هەمان چەقبەستندا بە دیار ئایندەیەکی نادیارەوە هەڵسوڕانی ڕێکخراوەییان دەکرد، بەڵام هاوڕێ مەنسور وەک فریادڕەسێک لەو چەقبەست بوونە

دەریکێشــان. هــەر بــەو مانایەش، کــە گەڕاونەتەوە بــۆ دووبارەکردنــەوەی مێژوویــەک، کــە لــە بــاری فیکری، سیاســی و ڕێکخراوەییەوە بە ســەرچووە، بۆیــە ئەو کەســانە لە لایەک لە خۆناســاندیان وەک ڕابەر و لە لایەکی ترەوە لە ئومێدی سەرکەوتن لە ئاڕاستەکەیاندا، دەکەونە ژێر پرسیارێکی جدییەوە.

نەناســینی مەنسور حیکمەت وەک مارکسیستێکی شۆڕشــگێڕ، مارکسیســتێکی واقعــی، کــە دەور و جێگــە و ڕێگــەی خــۆی نەخشــاندوە لــە پراکتیکــی شۆڕشگێڕانەدا، دەوروبەرەکەی وەها ڕاهێنا بوو، کە دەبێت ئامادەبن بۆ شــۆڕش، شۆڕشێک نا، کە مانای کۆتایی هێنان بێت بە کۆماری ئیســلامی، شۆڕشــێک نــا، کــە ڕووخانــی ســەدام و حوکوومەتــی بەعــس بێــت، بەڵکــوو شۆڕشــێک، کە ئاڵوگۆڕی ڕیشــەیی لە کۆمەڵــگادا بســەپێنێت. ئامادەبــوون بــۆ شۆڕشــێک، کە دەســەڵاتی چینــی کرێکار تــەواوی پێوەندییەکانی ســەرمایەداری ژێــرەوژوور کات، ئەمــە مەشــغەڵە و ئامانــج و ئەزمونــی داهێنەرانــەی پراکتیکــی و دەور و دەخالەتــی هــاوڕێ مەنســور بووە، کــە ڕۆژانە و هەمو ســاتێک ڕەنگدانەوەی تەواوی کارە کرداری و سیاسییەکانی ئەو بووە.

ئەگەر مەبەستی باسەکەم کورت بکەمەوە، ئەوەی گرینگە لەم باسەدا، هەوڵدانێکە بۆ باشتر ناسینی مەنسور حیکمەت وەک مارکسییەکی واقعی و پراگماتیک، بەو مانەیەی لە دەورانی خۆیدا زانیویەتی وەڵام بە چی باتەوە و دەبێت چی بکات، بە مانایەک بەیانکردنی جیاوازییە لە بەرانبەر ئەو لایەن و کەسانەی کە خۆیان لە مەنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری جیا دەکەنەوە و دوای سی ساڵ زیاتر کارکردن لە ژێر چەتری مەنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئێستا بە بێ ڕۆشنکردنەوەی پێش وەختی جیاوازییەکانیان، هاوڕێیانی هاوخەباتی چەندساڵەیان بە جێ دەهێڵن، دواتریش وەها ڕادەگەیەنن ڕێگایەکی دروستتریان پەیدا کردوە، یان بە دوای ڕێگایەکی دروستتردا دەگەڕێن!

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێم، کاتێ سەرنجەکانم دەچێتە سەر ئەو هاوڕێیانەی پێداچوونەوە بە کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەکەن، مانای ئەوە نییە زۆرینەی ئەو لایەن و هاوڕێیانەی لە پێوەند بە کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە هەڵسوڕانی سیاسی دەکەن، لە باری کردارییەوە خۆیان بە درێژکراوەی هەمان ئەو ڕەیلە مارکسییە واقعی و پراکتیکییە پێناسە

دەکەن، کە پەیڕەوییان لە مەنسـور حیکمەت و لینین کردوە. تێبینیی من وەهایە، ئەمەش پرۆسـەیەکە، کە لە مەیدانی کرداری، کارکردن و هەڵسوڕانی سیاسی لـە دنیـای واقـع و ململانێـدا کۆمۆنیسـت بـوون و شۆڕشگێڕ بوونی خۆی دەسەلمێنێت.

## (2)

# «بیرمەند»ی ناشۆڕشگێڕ

گەورەترین و جوانترین پەیکەر بۆ مارکس و ئەنگڵس لە ناوەڕاستی شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیادا دانراوە. دانانی ئەو پەیکەرە بەو مەبەستە نمایش نەکراوە، کە مارکس و ئەنگڵس وەک نموونەی دوو شۆڕشگێڕ و ڕابەری خەباتی پرۆلیتاریا بۆ شۆڕشی سۆشیالستی بناسرێن، بەڵکوو بە گشتی. بۆرژوازی لە هەوڵی ئەوەدایە وێنایەک لە سەر مارکس و ئەنگڵس بدات بە دەستەوە و بیانناسێنێت، کە دوو بیرمەندی بە توانا و بە بایەخی ئەڵمانین لە بواری فەلسەفە و ئابووریدا. هەڵبەتە گومان لە بیرمەندیی ئەو دوو خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕە نییە، بەڵام ئەوەی مارکس و ئەنگڵس نەیانتوانی لە ئەڵمانیا بەردەوامی بە ژیانیان بدەن، هۆکارەکەی ئەوە نەبوو، کە بیرمەندن، بەڵکوو هۆکاری دوورخستنەوەیان لە سەر خەبات، کاری سیاسی و شۆڕشگێڕانەیان بوو لە بەرانبەر سیستەمی سەرمایەداریدا.

با لەوە گەڕێین بۆرژوازی چۆن پێناسەی مارکس دەکات، سەیر لەوەدایە کەسانێک لە کۆمۆنیست و چەپ و خۆ بە مارکسیزانیش لە ژێر کاریگەریی هەمان ئەو وێنایەدان، کە بۆرواژی مارکسی پێ پێناسە دەکات. گەر بەشێکیان ڕاستەوخۆ وەها نەڵێن، بەڵام

لـه جـۆری مامەڵـە و بیرکردنەوەیـان لە هەڵسـوڕانی سیاسـیدا نیشـانی دەدەن، کـە پێیـان وایـە مارکس ماوەیەکـی درێـژ چووەتـە خەڵوەتـەوە و لێکدانـەوە، شـیکردنەوە و دراسـەی کـردوە و دواتـر بووەتـە بیرمەندێکی سـەرکەوتووی وەهـا، کە وەک ڕابەرێکی خەباتـی سۆشیالیسـتی دەرکەوێـت. ئـەم وێنایـە بەو مانایە دەتوانین بیناسـین، کە پێوەندیی نێوان پراکتیک و فیکـر نابینێـت و لێکیان جیا دەکاتەوە، یان دەیەوێت پرۆسەی تەکامولی فیکری تەواو بکات و دواتر بڕواتە ناو ناسـنامەی سیاسـیی خـۆی و گروپەکەیەوە. بۆیە یەکلایەنە ئەولەویەت بۆیان لێکدانەوە، شـیکردنەوە و دراسەیە، بە جۆرێک فیکر پێش پراکتیک دەخەن. هەر بـۆ ئـەو مەبەسـتەش دەچنـە نـاو دنیای ئەفـکار و بە وێنەی بیرمەندێک خۆیان نیشان دەدەن، ڕۆڵی خۆیان ڕۆشـنگەرییە و ئەرکی کەسانی تره پراکتیکەکەیان بۆ ئەنجام بدەن.

ئەمسـاڵ لە هەفتەی مەنسور حیکمەت لە لەندەن، باسـێکم پێشـکەش کـرد و تێیدا مەبەسـتم بوو ئەوە ڕوون بکەمـەوە، کـە چـۆن بـۆرژوازی مارکـس وەک ئابووریناسـێک دەناسـێنێت، بـە هەمان شـێوە، هاوڕێیانێـک دوای سـی سـاڵ زیاتـری خەباتیـان لە

ڕیزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، بەو دەستەواژەیە چوونە دەرەوەی خۆیان لە حیزب ڕاگەیاند، کە مەنسور حیکمەت «مارکسییەکی هاوچەرخە»، لە لایەک سنووربەندیی فیکریی سیاسیی ناڕۆشنی خۆیان لە بەرانبەر چەند بابەتێکی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ڕادەگەیەنێن، لە لایەکی تریشەوە، خۆیان لە گشتێتیی باسە فیکرییەکانی مەنسور حیکمەت نادەن. هەر بۆیە ناچاربوون وەک «مارکسییەکی هاوچەرخ» بیناسێنن. واتە تەنها ناساندنی حیکمەتە وەک مارکسیزانێک، نەک مارکسییەکی پراکتیکی و شۆڕشگێڕ.

پێداگریی من لە سەر ڕۆڵی سیاسیی مەنسور حیکمەت لەو شوێنەوەیە، کە وەک ئینسانێک لە دەورانی خۆیدا چەندە کاریگەریی جدیی لە سەر باس و مەسەلە فیکرییەکان دانا، ڕۆڵ و کاریگەری و ئەزموونی کاری سیاسی و پراکتیکی کۆمۆنیستی ئەو چەند قات زیاتر بوون لە باسە فیکری و سیاسییەکانی. مەنسور حیکمەت مارکسییەکی پراکتیکی و شۆڕشگێڕە، نەک «مارکسییەکی هاوچەرخ». بە کار هێنانی هاوچەرخ مانای سوڕانەوەی ئەو هاوڕێ کۆمۆنیستانەیە لە بازنەیەکدا، کە ناتوانن

ئامراز، ئاینده و پێداویستییەکانی شۆڕشی کرێکاری بەرجەستە بکەنەوە لە ژیانی سیاسیی خۆشیاندا. مەنسور حیکمەت هەمان وێنا لە سەر لینین دەدات، کە مارکسییەکی پراکتیکی و شۆڕشگێڕە، نووسراوەکانی لینین ئەو مانا و پێگەیەی هەیە، کە پراکتیکی سیاسی دەباتە پێشەوە. لە بەرانبەر لینیندا، هەتا بۆرژوازییەکانیش سەرسامن بە دەوری ڕابەری و پراکتیکیی شۆڕشگێڕانەی.

هەر لە دوای دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە لە سەرەتای نەوەتەکانەوە کەسانێک لە سەر بنەمای ئەوەی باوەڕیان بە ڕابەری ئەو کاتەی حیزب نەبوو، دوای کێشمەکێشمێک لە ڕیزەکانی حیزب چوونە دەرەوە و ڕێگایەکی تریان گرتەبەر و بۆ یەکەم جار دەستەواژەی «مارکسیزمی هاوچەرخ»یان لە بەرانبەر مەنسور حیکمەتدا بە کار هێنا. دواتر ڕێگایەکی جیاواز لە کۆمۆنیزمی کرێکارییان گرتەبەر و تا ئێستاش ڕێگای خۆیان نەدۆزیوەتەوە و باسێکیشیان لە سەر «مارکسیزمی هاوچەرخ» نەما. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کەسانێک، کە لە نەوەتەکانەوە وەک هەڵسوڕاو و ڕابەری کۆمۆنیزمی کرێکاری خۆیان دەناساند،

خۆیـان بە پابەندبـوون بە دەوری ڕابەری مەنسـور حیکمەت تەداعی دەکردەوە، کەچی دوای سـی سـاڵ زیاتر لە خەباتی سیاسییان لە کتوپڕێکدا و بێ پێشینەی خسـتنە ڕووی بابەتێکـی فیکریـی سیاسـی، نـەک لە ڕیزەکانـی کۆمۆنیزمـی کرێـکاری چوونـە دەرەوە، بەڵکـوو خەریکـن دەگەڕێنەوە بۆ بیـر و بۆچوونێک، کە پێش سـاڵانی نەوەتەکان خۆیان ڕەخنەکانیان لەو بیـر و بۆچوونانـە قەبووڵ کردوە. واتە خۆیان تەواو بێبـەری دەکـەن لە ئەزمـوون و پراکتیکێک، کە زیاتر لە سـێ دەیە لە بزووتنـەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەیانبـووە. هەڵبەتـە ئـەم ئاڵوگـۆڕە لـە بۆچـوون و کاری سیاسـیدا تـاوان نییـە و مافـی هـەر کەسـێکە، ژیانـی سیاسـیی خـۆی هەڵبژێرێت و دیاریـی بکات، بـەڵام پێـم وایە دوای سـی سـاڵ پەشـیمان بوونەوە لە خەتێکی فیکریی سیاسـی، کـە ئەزموونیان کردوە و ناسـاندنی مەنسـور حیکمەت، وەک «مارکسییەکی هاوچەرخ»، ئیتر ناتوانن جێگای متمانەی ئەوەبن، کە وەک ڕابەرێک چاویان لێ بکرێت.

لە ڕاستیدا، کاتێک مرۆڤ نزیک بە هەموو تەمەنی خـۆی بە هەڵـە دوای ڕێباز و بزووتنەوە و نەریت و خەتێکـی فیکریی سیاسـی کەوتبێت، ئیتـر تازە چەند

تەمەن و کات و فرسەتی بۆ دەمێنێتەوە، تا خەت و ڕێباز و نەریتێکی تازە بگرێتەبەر و بەرەو پێشەوەی ببات؟! لەوەش گرینگتر ئایا مرۆڤ، کە لە بەشی هەرە گەورەی تەمەنی بە سوودی خۆیدا ئەزموون و ڕێگایەکی هەڵەی هەڵبژاردبێت و بە هەڵدێردا چووبێت، ئاخۆ چی گەرەنتیی ئەوە دەکات دوای چەند ساڵ دیسان لە خەت و ڕێبازە تازەکەشی پەشیمان نەبێتەوە و دیسان نەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سفر؟!

بە جیا لەوەی هەر سەرنجێک لە سەر وێنای «مارکسیزمی هاوچەرخ» لە سەر مەنسور حیکمەت دەدرێت، گەر هاوڕێ سامان کەریم کەمێ بە دیقەتەوە سەرنجی بدایە، باش دەیبینی، کە من خۆی و دوو هاوڕێکەیم نەخستوەتە ڕیزبەندیی ئەو کەسانەی پێناسەی مەنسور حیکمەت بە «مارکسیستی هاوچەرخ» دەکەن و ئەو بە هەڵە ئەو ڕستەیەی منی بەرانبەر بە خۆی لێکداوەتە، بەڵکوو دەڵێم سەیرەکە لەوەدایە، کەسانێکیش هەن پێناسەی خۆیان دەکەن بە «مارکسیزمی هاوچەرخ». ئەمەش بە ڕاستی پێویستە جێگای سەرنجێکی قوڵتر بێت لە سەر ئەو هاوڕێیانە، چونکە جگە لەوەی پێشوەخت نیشانی

بدەن مەشـغەڵەیان چییە، ئاشکرایە بە خەیاڵاتێک، کە بۆ خۆیان داناوە «هاوچەرخن». مانای ئەوەیە، جگە لـەوەی خۆیـان وەک ئەهلـی فیکر دەناسـێنن، ناکرێ مانایەکـی تریـان لـێ وەربگریـن، چونکە پێشـوەخت بڕیاریـان داوە «مارکسـیزمی هاوچەرخـن»، نـەک مارکسـییەکی پراکتیکـی. لەباری غـروری فیکرییەوە بـێ هیـچ ڕۆڵ و بەرهەمێـک خۆیان لـە پێش هەموو کۆمۆنیسـت و گروپێکـەوە دەبینیـن. بۆیە پێویسـتی نەدەکـرد هـاوڕێ سـامان ئەوەنـدە لـە سـەر فیکر و پراکتیـک بنووسـێت و بەڕاسـت و چەپـدا بکەوێتـە ڕەخنـە لـە سـەر ئەزموونـی حیزبـی کۆمۆنیزمـی کرێکاری، چونکە هەر بە ناوی (ئاڕاسـتەکەیدا) دیارە فیکر و پراکتیک جیا دەکاتەوە و لە قووڵاییی فیکرەوە ئاڕاسـتەکەی دەباتە سەر پراکتیک. بۆیە ئەولەویەتی کارەکانـی، کـە بـۆ خـۆی دانـاوە، گوایـە خەریکـی «نووسـین، کتێـب دەرکردن، لێکدانەوە، شـیکردنەوە و تەفسیرکردن» دەبێت. واتە ڕۆشنگەریی کردوە بە ئەرکی خۆی، کە لەو بارەیەشـەوە تا ئێسـتا، جگە لە ناڕۆشنی هیچی تری نەداوە بە دەستەوە. بۆیە دوای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی، کە نادیارە کەی بەم ئەرکـە هەڵدەسـێت و کەی تەکامولی دەکات، پاشـان

دەیەوێت «پڕۆلیتاریا ڕۆشن بکاتەوە بۆ خەباتی سۆشیالیستی». واتە هاوڕێ سامان بیر دەکاتەوە و دەنووسێت و کەسانی تریش پراکتیکەکەی بۆ ئەنجام دەدەن. ئەمەش نموونەی «بیرمەندێکی ناشۆڕشگێڕە». ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە لە دنیای خەباتی سیاسی نموونەیان هەیە، کە جگە لە کاریکاتۆرسازی هیچی تری لێ بەرهەم نایەت. هەروەها وەک «بیرمەند»ی بێکار و ناشۆڕشگێڕ ناتوانێت لە ڕیزی هیچ جۆرە خەباتێکی سیاسیی کرێکاران و جەماوەریدا جێگایەک پەیدا بکات، تەنها بە زەڕەبین بە دوای کەموکوڕیی هەڵسوڕانی سیاسیی ناکرێکاریدا دەگەڕێت و خۆی لێ دەپارێزێت. ئەو حیزبەش، کە لە نەخشە و بیرکردنەوەی تایبەتی هاوڕێ سامان دایە، دەمێکە کەسانی تر سپاردویانەتە دەست قەدەری هوشیارکردنەوەیەک، کە بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت پڕۆلیتاریا تێ بگەیەنن.

نووسراوەکەی هاوڕی سامان گوایە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕستەیەی منە، کە لە هەفتەی حیکمەتدا کردومە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کردوە بە بەهانە و فرسەتێک بۆ دەربڕینی چەندین مەسەلە،

کـە پێوەندییان بە باسـەکەی منەوە نییە. بۆ خۆشـی بـە هەڵـە چووەتە نـاو باسـەکەوە، بەڵام بـە داخەوە کەوتوەتە ناو فەزایەکەوە زۆرتر نیشـاندانی نەفرەتە بەرانبـەر حیـزب، کـە هـاوڕێ سـامان تەمەنێـک لـە سـەنگەریدا کاری کـردوە و ئێسـتا پێداچونـەوە بـە ڕێبازەکەی دەکات! پیداچوونەوە خۆی لە خۆیدا هیچ کێشـەیەکی نییـە، بەڵام نەفرەت بۆچـی؟! هەموو ئەو نموونانـەی باسـی کردوون، بە ڕاسـتی جێگای باس و سـەرنجن، بـەڵام ئـەوەی زۆرتر سـەرنجڕاکێش و نابەجێیـە، دەڵێت: «من ئاگام لـەوە نەبووە، کە بڕیار دراوە (واحیدی حککا) بچێتەوە بۆ ئێران». ئاشکرایە لـە پشـتی ئـەم ڕسـتەیە کۆبەنـد و لێکدانەوەیەکـی تـر لـە هێرشـی (7/14) یەکێتـی بـۆ سـەر (حککـع) لـە بیرکردنـەوەی تـازەی هـاوڕێ سـاماندا خـۆی مەڵاسداوە. پێش هەرشتیک پێدەچێت هاوڕێ سامان دوای (22) سـاڵ گەییشـتبێت بـە باوەڕهێنـان بـە پاسـاوەکەی تاڵەبانـی، کە گوایە بە ڕادەی سـەرەکی بـە هـۆی ئەو جەولەیـەوە پەلاماری حیزبـی ئیمەیان داوە! بـە داخـەوە ئەمـە دەچێتـە خانەی پاسـاودانی هێرشـەکەی یەکێتـی و پەردەپـۆش کردنـی ماهیەتی دژی کۆمۆنیسـتی و دژی ئـازادی و سـەرکوتگەری

یەکێتییەوە. تەنانەت دەعوانامەکەی نەزەر عەلی ئەکبەریش نادیدە دەگرێت، کە دەڵێت ئەم حیزبە دەبێ قاچاغ بکرێت لە سەر ئەوەی یاسای یەکسانیی ژن و پیاوی ڕاگەیاندوە، کار بۆ جیابوونەوەی کوردستان دەکات و ئاوارەی عەرەبی پەناداوە بە داخەوە ئەم پێداچوونەوەیەی هاوڕێ سامان لە لێکدانەوەی خودی ئاسایش لە دواترە. ئایا سەرەتای بەهانەگیریی یەکێتی، واتە ڕفاندنی هاوڕێیان (عمار، یوسف و فهد) و داتاشینی تۆمەتی کوشتن بۆیان لە چەند مانگ پێش هێرشی (7/14)، هەر بە بۆنەی گەڕانەوەی هێز بوو بۆ ئێران؟! هێرشی (7/14) ڕووداوێکی لە ناکاو نەبوو، کە دوای چوونەوەی هێز بۆ ئێران ئەنجام درابێت، بەڵکوو چەندین جار بە بێ ناردنەوەی هێزیش بۆ ئێران، یەکێتی هەمیشە لە کەمیندا بوو بۆ پەلاماردانی حیزب، هۆکارەکەشی لە بنەڕەتدا دژی کۆمۆنیست بوون و دژی ئازادی بوونی یەکێتی بوو، بەڵام هەر جارە و پاساوێکی دادەتاشی. لە دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانەوە دەورەیەکی تر لە کێشمەکێشم و شەڕ فرۆشتن بە حیزبی ئێمە لە لایەن یەکێتییەوە دەستی پێ کرد. سەرەتا هەڕەشە و بەیان دەرکردنی ئاسایش، پاشان ڕفاندنی هاوڕێیانی

عەرەبزمان و دواتریش هێرشی (7/14). سەیرە بە ئامادەبوونی هاوڕێ سامان چەندین جار باس و لێکدانەوەمان لەم بارەیەوە کردوە، کە یەکێتی بە هەر پاساوێک بووایە، بڕیار و پلانی هەبوو زەربەیەک لە حیزبمان بدات. نەوشیروان ڕاشکاوانە دانی بەمەدا نا، لەو دانیشتنە لەگەڵ نەوشیروان، ئێمە هەموو بیانوەکانمان بڕی و سازشمان کرد لە پێناو ئەوەی بەر بە هێرشەکەیان بگرین. بەڵام ڕێک ئەو کاتەی ئێمە بیانوەکانی ئەوانمان بڕی، بڕیاری دا لێ مان بدرێت.

بۆچی هەر دوای ئەو ڕووداوە بە دوو مانگ، کە جەلسەی ڕابەری هەر دوو حیزب بە ئامادەیی هاوڕێ سامان و خودی مەنسور حیکمەت ڕێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ڕووداوە و چی کردن بەرپا کرا، گەر هاوڕێ سامان ئەو کارە بە هەڵەیەکی کوشندە دەزانێت، بۆ حەرفێکی نەگوت، کە بۆنی ئەم قسانەی لێ بێت. کەچی ئێستا چووەتە دەرەوە و لەو دوورەوە دەیەوی نیشانە بگرێ و بەرپرسیارێتیی ئەو هێرشەی یەکێتی بخاتە سەر حیزب و هاوڕێیانی تری، بەو پاساوەی چونکە ئەو ئاگای لێ نەبووە. ئایا هاوڕێ سامان ئاگای لەوە نەبوو، کە (حککا)

بەرنامەیەکی هەبوو بە ناوی (ڕابەرانی کۆمۆنیست لە ناو خەڵکدا) و چەندین جار هێزی ناردەوە بۆ ئێران؟ ئەمە بە جدیی زۆر ئۆپۆرتۆنیستی و جێگای داخ و ئەسەفە! ئایا نەبوونی ئەو لە مەکتەبی سیاسی پاساوە بۆ ئەم مەسەلەیە؟! ئایا (22) ساڵ کات پێویست بوو تا هاوڕێ سامان بەم هەڵسەنگاندنە قوڵە بگات؟

ئەگەر ئەو کاتە هاوڕێ سامان مەکتەب سیاسی نەبووە، خۆ لە بیست ساڵی دوای ئەو ڕووداوە، نەک مەکتەب سیاسی، بەڵکوو سەرۆکی (م.س.) و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیش بووە، چەندین کۆنگرە و پلنیۆم و کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسی و کادران و هتد. ئەنجام دراوە و بە نووسین، بۆچوون و لێکدانەوە ئاڵوگۆڕ کراوە. بە ڕاستی سەمەرەیە، لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا هیچ کاتێک ئەم تێڕوانینەی نەدرکاندوە و تەنانەت ناڕاستەوخۆش ئاماژەیەکی لەم جۆرەی نەبووە.

هاوڕێ سامان لە سەرەتای نووسینەکەیدا وا نیشان دەدات، کە ئامادەی جەدەل و ڕەخنەگرتنە، بەڵام شێوازێک، کە ئەو پەیڕەوی لێ کردوە نە جەدەلە و نە ڕەخنەگرتن. جەدەل و ڕەخنەگرتن خۆی لە

خۆیدا ئەرکێکی زەروری کۆمۆنیستەکان و خەباتی چینایەتییە، بەڵام بەو مەرجەی کەسەکان خۆیان لە دڵی ئەو کێشمەکێشمانەدا قەراریان گرتبێ و ڕووی لە یەکگرتن و گەشەی خەباتی کۆمۆنیستەکان و هەڵگرتنی بەربەستەکانی پێشڕەوی خەباتی چینایەتییان بێت. بەڵام ئەوەی سامان کەریم پێشوازیی لێ کردوە، شێوازێکە بۆ ئەستۆپاکیی حساباتی کەسیی خۆی لە ڕابردوو. ئەمەشی بە غرورێکەوە کردوە، کە بەڵکوو وەک «بیرمەندیک» چاوی لێ بکرێت. نموونەی ئەم جەدەل و ڕەخنەگرتنەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سەر مەسەلەکانی وەک ڕیفراندۆم، جەنگی موسڵ و کۆرۆنا، ئەوەی سەلماندوە، کە ئەو بە دوای «ڕای کەسی»ی خۆیەوەیەتی، لە کاتێکدا بە دەیان لاپەرە وەڵام بە بۆچوونەکانی ڕەش کراوەتەوە، کەچی تازەبەتازە بە تەحریفکردنی باسەکانەوە ڕای خۆی دووبارە دەکاتەوە. بۆیە هەر جەدەلێک لەگەڵ هاوڕێ ساماندا کوتانی ئاوە لە دەستکەواندا.

بە دڵنیاییەوە ئێمە پێشوازی لە هەڵسەنگاندنی ڕەوتی خەباتی ڕابردووی حیزب و جوڵانەوەکەمان دەکەین و لەوەش ناترسین هەڵە و کەموکورتییەکانمان چی بوون، چونکە ئەمە بۆ ئێمە پێداویستییەکی بردنە

پێشەوەی خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتییە. تەنانەت خۆشمان بە بەرپرسیار لە هەموو لایەنە باش و خراپەکانمان دەزانین و بە کردەوەش بەردەوام حیزب و بزووتنەوەکەمان لە بەردەم ڕەخنەدا داناوە. بەڵام ئەوەی سامان کەریم دەستی بۆ بردوە، خۆ دزینەوەیە لە بەرپرسیارێتیی مێژوویەکی (27)ساڵە و گوایە بە پەشیمانبوونەوەی لەناکاو و بێ پێشینەدا لە کۆمۆنیزمی کرێکاری و خۆ هەڵخستنی وەک «بیرمەندێک» دەتوانێت لەم بەرپرسیارێتییە ڕزگاری ببێت. ئەمەش هەقیقەتی سەرەکیی ئەو جەنگەیە، کە لە نێوان «تیۆر و پراکتیدا» بەڕێی خستوە. کۆبەندێکیش، کە لە پێداچوونەوەیدا بەرانبەر بە مێژووی کار و خەباتی گرتویەتیەبەر، ئەو ئەنجامەمان پێ دەڵێت، کە تەنها ڕووکەشی ڕووداو دەبینێت و لە هەمان ڕووکەشییا تەفسیری دەکات. بەم جۆرەش نەک «ناشۆڕشگێڕە»، بگرە «بیرمەندییەکەش»ی لە خۆی حەرام کردوە.

(2022/7/28)

## (3)

# ئامادەبوون بۆ نوێنەرایەتیی کەسێك، کە بە شایانی سزای تەوبیخی دەزانی، مانای چییە!

وەڵامێک بە موئەیەد ئەحمەد

لـە پلینیۆمـی (33)ی حیزبـی کۆمۆنیسـتی کرێکاریی عێراقدا مەسـەلەیەکی هەسـتیار لە ئارادا بوو، دەبووایە یەکلایی بکرێتەوە. مەسـەلەیەک، کە چەندین جار هاتبووە گۆڕێ، بەڵام هەموو جار بۆ ڕاگرتنـی دڵـی هاوڕێیانێـک و بۆ خاتـری بەرگرتن لە قوڵبوونەوەی ناکۆکیی ناو ڕابەری لە سـەر ئەو مەسـەلەیە چاوپۆشی دەکرا، بۆیە بە هەڵواسراوی دەمایەوە. ئەو مەسەلەیە باسکردن و بڕیاردان بوو لە سـەر پێشـێلکاریی چەند بارەی فەلاح عەلوان لە هەڵبەستنی تۆمەتی بێ بنەما، تەشهیر و سوکایەتی بەرانبـەر چەندیـن هاوڕێـی هاوکۆمیتـەی خۆی لە ڕابەری حیزبدا، کە لە سـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە نووسراو و بە عەلەنی بڵاوی دەکردەوە. ئەوەی پێویسـت دەکات ئـەم مەسـەلەیە لـە ئێسـتادا بـە یـاد بهێنمـەوە، وەڵامـە بـە چاوپێکەوتنێکی هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد، کە لە «کوردسـتان دیپلۆماتیک» بـڵاو بووەتـەوە و دواتر لە پەیجی خۆیـدا دایناوە. جـۆری وەڵامەکانی هاوڕێ موئەیەد لە گێڕانەوەی پڕۆسـەی گەییشـتن بـە بڕیـاری لێسـەندنەوەی ئەندامییەتـی لـە فەلاح عەلوان لـە پلینیۆمی (33)دا، بە ڕاستی نا مونصیفانە، ناواقعی و نادروستن. لەو

بارەیـە دەڵێت: «یەکەم؛ خۆی لایەنگری لەو بڕیارە نەکردوە و هەڵوێستی وەرگرتوە. دوەم؛ دەستکاریی پەیـڕەوی ناوخۆ کراوە». هەڵبەتە هاوڕێ موئەیەد لـەو چاوپێکەوتنـەدا، دەربـارەی ئاینـدەی کاری سیاسـیی خـۆی باسـێک دەکات، مەبەسـتم ئـەوە نییـە لەم نووسـینەدا لەو بارەیـەوە هیچ بڵێم، ئەوە هەڵبژاردنی ژیانی سیاسیی خۆیەتی، بەڵکوو هەوڵ دەدەم لەم نووسـراوەدا چەنـد ڕوونکردنەوەیەکی پێویسـت بـدەم دەربارەی ئەو وەڵامانەی لە سـەر لێسەندنەوەی ئەندامێتیی فەلاح داویەتەوە.

مەکتەبـی سیاسـیی حیـزب تـا ئـەو سـاتەی گەییشـت بـەو پێشـنیارەی بیـدات بـە پلینیـۆم، کە ئەندامێتیـی لە فەلاح عەلوان بسـەنرێتەوە، چەندین جـار لـەو شـکاتانەی کۆڵیبـووەوە، کـە لـە سـەر تۆمـەت، تەشـهیر و سـوکایەتی کردنـی فـەلاح بـە هاوڕێیانی هاوکۆمیتەی درابووە مەکتەبی سیاسی. هەمـوو جـارەکان دوای لیکۆڵینـەوە و سـەلماندنی خەتاکاریـی فـەلاح لـە کۆبوونـەوەی فەرمیـدا، مەکتەبی سیاسی بە نامەی فەرمیی خودی هاوڕێ موئەیـەد و داوای لـە فەلاح کردبوو، کە تۆمەتە بێ بنەماکانـی وەرگرێتـەوە و داوای لێبـوردن بـکات.

هەمـوو جـار مەرجـی وەرگرتنـەوەی تۆمەتـەکان و داوای لێبوردنـی فـەلاح کرابـوو بـە مـەرج، بـۆ ئـەوەی سـزاکەی کـەم بکرێتـەوە. بـەڵام هەمـوو جارێـک، نەک فەلاح هیـچ هەنگاوێکی لەو بارەیەوە نیشـان نـەدا، بەڵکـوو بـە دووبـارە و چەندبـارە کردنـەوەی پێشـێلکارییەکانی، هیـچ ڕێگایەکـی لـە بـەردەم ڕابـەری حیـزب نەدەهێشـتەوە، جگـە لـە لێسـەندنەوەی مافی ئەندامێتی. هاوڕێ موئەیەد بۆ خـۆی ئامـاژە بەوە دەکات، کە لەگـەڵ ئەو تۆمەت، تەشـهیر و سـوکایەتییانەی فەلاحـدا نەبـووە و ڕەخنـەی لێی هەبووە! بیهێننە بەرچاوتان کەسـێک لـە پۆسـتی سـکرتێری حیزبێکدا بێت، کـە ئەرک و بەرپرسـیارێتیی سـەر شـانی ئەوەیە، بەرگری لە پرەنسـیپ و بنەمـا سیاسـی و کۆمۆنیسـتییەکان بکات، کەچی هەموو هێزی خۆی خسـتوەتە سـەر یـەک، تەنها بۆ ئەوەی بڵـێ من لەگەڵ ئەو کارانەدا نیم!! تازە هەموو جارێک دوای دووبارەکردنەوەی ڕسـتەی «مـن لەگـەڵ ئـەو ڕەفتارانـەی فەلاحـدا نیـم» و بـە زیادکردنی بەڵامێک، کەوتوەتە پاسـاو هێنانەوە بۆ بەرگری لە مەحفەلیستی و خۆپارێزی لـە گرتنەبـەری هەڵوێسـتێکی ئوصوڵـی و حیزبیی

ڕاشـکاو لـە بەرانبـەر پێشـێلکارییەکانی فەلاحـدا.
بـۆ یەکجاریـش بەرپرسـیارێتیی خـۆی، وەکـوو سـکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بەرانبەر پارێزگاری لـە کەرامەت و کەسـایەتیی ئەندامانـی کۆمیتەکەی نیشان نەدا و لە سەر ڕەفتارەکانی فەلاح وشەیەکی نەنووسـی، تا هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی هەست بکەن هاوڕێ موئەیەد وەک سکرتێرێک بە چاوێکی یەکسـان بەرگـری لـە کەسـایەتی و کەرامەتیـان دەکات. جارێـک لـە کۆبوونەوەیەکـدا، هاوڕێیەکـی کۆمیتـەی ناوەنـدی بـە هـاوڕێ موئەیـەدی وت؛ «هـاوڕێ موئەیـەد ئەسـڵی کێشـەکە خۆتـی، نەک فـەلاح، کە لە بەرانبەر ئەو هەموو پێشـێلکارییانەی فەلاحـدا، نەک هـەر بێدەنگیت هەڵبـژاردوە، بەڵکوو ڕوون و ڕاشـکاو چاوپۆشی لێ دەکەیت. لە بارەی ئـەم کێشـەیەوە، بـەر لـە هـەر کـەس ئـەوە کار و بەرپرسـیارێتیی تۆبوو، وەک سـکرتێری کۆمیتەی ناوەندی دەستپێشـخەری بکەیـت و بۆ پارێزگاری لە کەرامەتی کەسانێک، کە تۆ سکرتێریانی، یەخەی فەلاح بگریت و چارەسـەری بکەیت. ئەگەر یەکجار وات بکردایـە ئیتـر پێویسـتی نەدەکـرد ئێمە ناچار بین بە پێشـنیار، بڕیار و لێسـەندنەوەی ئەندامێتی

بەر بە پرەنسیپ شکێنی فەلاح بگرین، بەڵام لەوە دەچێت، نەتەوێت بە هیچ جۆرێک وەڵامی فەلاح بدەیتەوە و بەرگری لە ئوصوڵ و پرەنسیپەکانی کۆمیتەکەت بکەیت، تا فەلاح لێت نەڕەنجێ».

لە ڕاستیدا بەردەوامیی فەلاح لە سەر پرەنسیپ شکێنی و هەروەهاش بێدەنگی و چاوپۆشیی هاوڕێ موئەیەد، وەکوو سکرتێر وای کرد و ئاکامەکەی گەییشت بەوەی لە پلینیۆمی (33) دا کۆمیتەی ناوەندی بۆ بەرگری لە پرەنسیپە حیزبییەکان و بەرگری لە کەرامەتی کۆمیتەکە و ئەندامەکانی بڕیار لە سەر سەندنەوەی ئەندامێتی لە فەلاح بدات. هاوڕێ موئەیەدیش بەرپرسیارێتیی خۆی کردە قوربانیی بەرژەوەندیی مەحفەلیستی و وەکوو هەمیشە بە دووپاتکردنەوەی «من لەگەڵ ئەو ڕەفتارانەی فەلاحدا نیم»، لە ڕاستیدا خۆی دایە پاڵ پێشێلکارییەکانی فەلاح. تا ئەو ڕادەیەی کە بۆ دەستکێشانەوەکەی بڵێ؛ «ناتوانم لەگەڵ مەحفەلیستی  ئەو ڕابەرییەدا کار بکەم...». هاوڕێ موئەیەد باس لەوە دەکات هەر لەو پلینیۆمەدا پێشنیاری کردوە فەلاح تەوبیخ بکرێت و مافی ئەندامێتیی لێ وەرنەگیرێتەوە، پێش هەموو شتێک

دەبێ بڵێم بە ڕاستی ئەو هەڵوێستەی هاوڕێ موئەیەد منی توشی جۆرێک سەرسامی کرد، کە خۆی لە کاتێکدا لانی کەم فەلاحی بە مستەحەقی تەوبیخ دەزانی، کەچی لەبەر ئەوەی فەلاح غائب بوو لە پلینیۆم، بە ڕێگای تەلەفون ئەوپەڕی هەوڵیدا ڕەزامەندیی فەلاح وەربگرێت تا خۆی ببێتە نوێنەری و بە نوێنەرایەتیی ئەو دەنگێک زیاد بکات و بەرگریی لێ بکات، بەڵام ئسوڵیتر ئەوەبوو، کە بۆ ئەوەی ئحساسی ئەوە بە ئێمە بدات، کە بەرگری لە کەسایەتی و کەرامەتی ئێمە دەکات، هەتا ئەگەر فەلاح بۆ خۆی داوای لە موئەیەد بکردایە، کە ببێتە نوێنەری لە پلینیۆمدا، پێویست بوو هاوڕێ موئەیەد بڵێ: «بە ڕای من تۆ پێشێلکاریت کردوە و تەشهیر بە هاوڕێکانت دەکەیت و مستەحەقی تەوبیخی، بۆیە من ناتوانم و ئامادەنیم ببمە نوێنەری تۆ». بەڵام بە داخەوە هاوڕێ موئەیەد ئەم هەڵوێستە کۆمۆنیستییە و بەرپرسیاریەتیی وەک سکرتێرێک کردە قوربانیی بەرژەوەندیی مەحفەلیستی لەگەڵ فەلاح و ڕێک پێچەوانەکەی کرد.

هاوڕێ موئەیەد دەڵێ: «کە بڕیاری زۆرینە لێسەندنەوەی ئەندامێتیی فەلاح پەسند دەکرێت،

بە دژی وەستاوەتەوە و دواتریش دەستی کێشاوەتەوە، هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئەو بڕیاری لێسەندنەوەی ئەندامێتییە پرۆسەیەکی لەناکاو و تەنها دەنگدانێک نییە، کە بڕیارێکی یەکلایەنەی تیا پەسند کرابێت، بەڵکوو پاش ماوەیەکی درێژخایان و تەوبیخکردن و داواکردن بەوەی فەلاح کۆتایی بهێنێت بە پێشلکاری و داوای لێبوردن بکات، پاش هەموو ئەوانە و دووبارە و چەندبارەبوونەوەی فەلاح لە سەر تۆمەت و تەشهیرەکانی، کۆمیتەی ناوەندیی بەو بڕیارە گەیاند. لێرەدا پێویستە مەسەلەیەکی گرینگ بە یادی هاوڕێ موئەیەد بهێنمەوە، کە لە ناو پلینیۆمەکەدا پێم وت؛ «باشە هاوڕێ موئەیەد سەربارى هەموو ئەوانە، فەرموو ئێمە ئێستا پێشنیارەکەی تۆ، کە تەوبیخە قەبووڵ دەکەین، بەڵام ئەگەر دوای ئەو تەوبیخەش فەلاح هەمان کاری دووبارە کردەوە، بۆ پلینیۆمی داهاتوو چی بکەین و پێشنیارت چی دەبێت»، هاوڕێ موئەیەد لەو بارەیەوە وشەی «نازانم»ی هەڵبژارد! چونکە سوور دەیزانی، کە ئەگەر بە قسەکەی ئەویش بکەین، فەلاح دووبارە هەمان سوکایەتی و پرەنسیپ شکێنی

دەکاتەوە و دیسانیش هاوڕێ موئەیەد لە بەرانبەر پێشنیاری لێسەندنەوەی ئەندامێتییەدا، بەرگریی مەحفەلیستی لەو دەکات. وتم: «باشە ئێمە وەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، تاکەی و چۆن هەست بە گەرەنتیی پاراستنی کەرامەتی خۆمان بکەین لە بەرانبەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیدا، کە تۆمەت و سوکایەتیی ناڕەوامان پێ دەکات و سکرتێرەکەش نازانێ چی بکات؟!» هەر بۆیە پڕۆسەی چارەسەری ئەو کێشەیە دەبووایە بە قەناعەت و بڕیاری زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی چارەسەر بکرێت و بەرگری لە کەسایەتی و کەرامەتی خۆمان بکەین، کە هاوڕێ موئەید نەیتوانی یان نەیویست بەو کارە هەستێت، هەر بۆیە لەو پلینیۆمەدا زیاتر لە هەر کەس پێداگریم کرد لە سەر پێشنیارەکەی مەکتەبی سیاسی بۆ لێسەندنەوەی ئەندامێتی لە فەلاح.

لە لایەکی ترەوە، هاوڕێ موئەیەد دەڵێت دەستکاری پەیڕەوی ناوخۆ کراوە، ئاخۆ بە ڕاست هاوڕێ موئەیەد ئامادەیی سەلماندنی ئەم تۆمەتە گەورەیەی هەیە، یان ئەویش وەک فەلاح بە ڕەوای دەبینێ، کە بە بێ بنەما تۆمەتی گەورەی بەم جۆرە

لـە میدیاکانەوە بـدات بـە ڕووی هاوڕێکانی دەیان ساڵەیدا؟! گەر مەسەلەکە لەم ئاستەدا بوو، پێویست بوو کەمێک ئەرک و زەحمەت بکێشـی، یەکەم ئەو بەنـدە لـە پەیڕەوی ناوخۆ بخاتـەڕوو، کە پێی وایە دەسـتکاری کـراوە، دوەم بـەر لـەوەی لـە میدیاوە ئـەم تۆمەتـە ڕابگەیەنـی، لانـی کەم بـۆ یەکجار لە ئۆرگانێکـی خـاوەن سـەلاحییەتدا بیخاتـەڕوو. لـە شـوێنێکی تردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نووسـراوانەی کە دەربارەی «ئینشقاقی یەکێتیی شورا و سەندیکا کرێکارییەکانـی عێـراق»، کـە لـە لایـەن هـاوڕێ موئەیـد، هـاوڕێ ڕێبـوار و من نووسـراون و بڵاو کراونەتەوە. ئاشکرایە، کە لەو بارەیەوە هەر کەس لە سەر بنەمای بۆچونی خۆی لەو کاتەدا باسەکانی کـردوە، هـەر کـەس مەبەسـتی بێـت دەتوانێت لەو بۆچوونانـە ورد بێتەوە و بۆیـان بگەڕێتەوە، بەڵام بـۆ سـاغکردنەوەی دروسـتی و نادروسـتیی ئـەو نووسراوانە لە بەرانبەر ئەو ئینشقاقەی لە یەکێتیی شورا و سەندیکای کرێکاران ڕوویداوە، ئێستا ئەو نووسـراوانە بنەما نین، بەڵکوو لە ئێستادا پێویست دەکات دەربـارەی چۆنێتیی گەشـەی ڕێکخراوەییی ئەم یەکێتییە لە ڕاستای پێشڕەوی لە نێو بزوتنەوەی

کرێکاریـدا لێـک بدرێتـەوە. هەر بۆیە باسـکردن لە سەر ئەوەی کە هاوڕێ موئەیەد دەیخاتە سنووری ئـەوەی لـە بـاری سیاسـییەوە، خـۆی بەرگریی لە یەکێتیی شـورا، سـەندیکا و فەلاح عەلوان کردوە و وەها نیشان دەدات موخالەفەتی ئێمە باش نەبووە، ئەو پرسـیارە دێتە پێشـەوە، یەکێتییەکەی فەلاح و دەوری فـەلاح لـە ناو بزوتنـەوەی کرێکاریدا دوای پانزە سـاڵ لە هەڵسـورانی سیاسـی و هاوپشـتییە سیاسـییەکانی هـاوڕێ موئەیـد بۆ ئـەو ڕێکخراوە بـە چـی گەییشـت..؟. ئـەوەی هـاوڕێ موئەیـەد ئێسـتا ناتوانـێ بیسـەلمێنێت و کاری پێ بکات ئەو لایەنەیـە. لـە کاتێکـدا، هـاوڕێ موئەیەد لـە وەڵامی دەربـارەی ئینشـقاق لـە حیزبدا دەڵێـت؛ «حیزبێک یـا ڕێکخراوێـک بـە ڕواڵـەت وا دەردەکەوێـت، کـە نەگـۆڕاوە لە بەر ئەوەی توشـی ئینشـقاق نەبووە، بـەڵام بـە کەمـێ وردبوونـەوە دەردەکەوێـت، کـە ئەو حیزب و ڕێکخراوەش هەمیشـە سـەر لە نوێ خۆیـان بەرهـەم دەهێننەوە بە میکانیزمـی تایبەتی خۆیان. ڕابەرییەکەی و ئەندامەکانی، گەر کەسـانی چەنـد نـەوەی دواتریش، بن بەڵام لە سـەر بنەمای نەریـت و میکانیزمی تایبـەت درێژە بە حیزبەکە یا

ڕێکخراوەکـە دەدەن و ئەمـەش وەک ئـەوە وایـە، کـە سـەر لە نـوێ دروسـتیان بکەنەوە. هـەر بۆیە ئینشـقاق یـا مانـەوەی ئارایشـێکی ڕێکخراوەیـی لـە شـوێنی خۆیـدا دوو لایەنـی یـەک پڕۆسـەن و ناتوانـرێ واقیعییەتـی بزوتنەوەیەکـی پـێ دەسـت نیشان بکرێت».

بەڵام دوای پانزە ساڵ لە هەڵسوڕانی یەکێتییەکەی فـەلاح، کـە تا ئیسـتا هیـچ ڕۆڵ و پێگەیەکـی لە ناو بزوتنەوەی کرێکاریی عێراقدا بە دەسـت نەهێناوە، هەروەها هیچ جۆرە کارکردێکی لە سەر بەهێزکردن و ڕێکخراوکردنـی ئـەو بزوتنەوەیە نەبووە و نییە، نەمـان بینـی لە باری کردارییـەوە هاوڕێ موئەیەد سەرنجی بچێتە سەر میکانیزمی کارێکی لەو جۆرە بنبەسـت و بێ سـەمەرەی ئەم ڕێکخراوە، کە پانزە ساڵە تەنهـا ناوەکـەی خـۆی و مەحفەلێک بەرهەم دەهێنێتـەوە، بە مانایـەک بەرگری لەو ڕێکخراوە و لـە ڕۆڵی سـەرەکیی فـەلاح لەو ڕێکخـراوەدا، ئەوە دەگەیەنێـت هاوڕێ موئەید میکانیزمی پێوەندبوون بـە کرێـکارەوە، ئومێـدی بـە کار و هەڵسـوڕانی یەکێتییەکـە و سـکرتێرەکەیەوە هەیە، کە تا ئێسـتا چالاکـی و ئاسـۆکەی و مەیلـە سۆشیالسـتییەکەی

هیچ ئاسەوارێکی نییە، بە ڕاستیی ئینسان سەرنجی دەچێتە سەر ئەو کەسانەش، کە چاوەڕوانن و ئومێدیان بەوەیە، ئەم یەکێتییە لە خەو خەبەری بێتەوە و کارێکی سیاسیی گەورەیان بۆ بکات..!

مەسەلەیەکی گرینگتر دەربارەی ئەم یەکێتییە ئەوەیە، کە لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە بۆ یەکجار فەلاح بووە بە سەرۆکی، ئیتر تا ئێستا ناوی «سەرۆک» وەکوو ناوی باپیرەی فەلاحی لێ هاتوە و تا ئەبەد ناگۆڕدرێ. هاوڕێ موئەیەد، کە هەمیشە خۆی بە لایەنگری نەریتی شورایی و ڕابەری دەستەجەمعی دەزانێ، کەی لە ڕوانگەی ئەوەوە جارێکی تر پێویست دەکات سەرۆکی ئەم یەکێتییە هەڵبژێردرێتەوە؟!، هەر لەو کاتەوە، سەرۆکایەتیی حیزب پێنج جار سکرتێری گۆڕیوە، هەر چی دامەزراوە بۆرژوازییەکانی ئەم کۆمەڵگایە هەیە، لە سەرۆک کۆمار، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی حوکوومەت، سەرۆکی هەرێم و... هتد، چەند جار گۆڕاون، دەکرێ هاوڕێ موئەیەد پێمان بڵێیت کەی نۆرەی ئەوەش دێت، کە لە ڕوانگەی لایەنگریی سیستەمی شورایی و ڕابەری جەمعییەوە لانی کەم دووبارە هەڵبژاردنەوە بۆ سەرۆکی ئەو یەکێتییە

بکرێت؟! یان ئەوەی کە هەموان دەزانین سەرباری ئـەوەی قیـادە و قاعیدەی ئـەو یەکێتییە لە ژمارەی پەنجەکانـی یـەک دەسـت زیاتـر نییە، بـەڵام چۆنە لە ئاسـت دەسـەڵاتی ڕەهـا، فـەردی و یەکلایەنەی فـەلاح دەربـارەی هەمـوو شـتێکی ورد و درشـتی ئـەو یەکێتییـە، بـۆ جارێک باسـی ڕابـەری جەمعی و نەریتـی شـورایی ناکەوێتـە بیریـان و کاری پـێ ناکەن؟!

دوای هەمـوو ئەوانـەش تـا ئێسـتا، کـە هاوڕێ موئەیـەد پێداگـری دەکات و ناڕازییە بەو بڕیارەی کۆمیتـەی ناوەنـدی، پێـم وایـە باشـتربوو بـۆ ناڕەزایەتیـی بەرانبـەر بـە بڕیـاری لێسـەندنەوەی ئەندامێتیـی فـەلاح لـە بـری هەڵچونـی کوتوپـڕ و دەستکێشـانەوەی بێ پێشـینە، پێش ئـەوە هەوڵیان بدایـە، نـەک هەزاران و سـەدان ئیمـزای کرێکاران لـە یەکێتییەکەیـان کـۆ بکەنـەوە لـە بەرانبـەر ئـەو بڕیـارەی حیزبـدا، بەڵکـوو شەخسـی خـۆم بـە کۆکردنـەوەی ئیمـزای دە کرێکاریـش بیرێکی ترم لـێ دەکردەوە. هـاوڕێ موئەیەد زیاتـر لە چارەکە سـەدەیەک کاری سیاسـیی خۆی لەم حیزبە کردە قوربانیـی بەرگرییەکـی مەحفەلیسـتی لـە ڕەفتاری

نـاڕەوای تۆمـەت لێدان، تەشـهیر و سـوکایەتی بە هاوڕێیانێکی، کە دەیان سـاڵ پێکەوە لە سەختترین دەورانەکانـدا کاری کۆمۆنیسـتییان کردوە، خودی هـاوڕێ موئەیـەد لـە هەمـوو کـەس باشـتر ئـەو ڕاسـتییە دەزانێ، کە ئەو هاوڕێیانە شایسـتەی ئەو تۆمەت، تەشهیر و سوکایەتییانە نەبوون.

(21) حوزەیرانی (2019)

# (4)
# چەند خاڵێك
# بۆ هاوڕێ ئاسۆ کەمال

هاوڕێ ئاسۆ کەمال لە پێشەکی نووسراوەکەیدا، دەڵێت: «ئەم جەدەل و دایەلۆگانە هەر چەندە گرینگن، بەڵام خوێنەریان هەست دەکا، کە ڕەخنە و گفتوگۆکاکان بارگاوین بە باسی شەخسی و ترس و دڵەڕاوکێ لە ڕەخنە، هەروەها بەرپەرچدانەوەی نالۆجیکین و پشت نەبەستن بە بەڵگە بۆ سەلماندنی ڕاستی و ڕەخنەکان.» ناڕاستی لەم سەرەتایەدا، ئەو پرسیارە دێنێتە بەردەممان: ئایا «خوێنەر» وەها هەست دەکات، یان هاوڕێ ئاسۆ بۆ خۆی دەیەوێت بە یاری کردن بە وشە فەزاکە بارگاوی بکات؟ چونکە بەکار هێنانی «خوێنەر» بە گشتی ئەو مانایە دەبەخشێت، کە خوێنەران هەموویان بە یەک هەست، بە یەک بیر و بە یەک ئاڕاستە لەو دیالۆگە حاڵی دەبن و هاوڕێ ئاسۆش نوێنەرایەتییان دەکات. ئەمەش ئاشکرایە، کە سەرەتایەکی ناسەرکەوتوە لە نووسین و ڕەخنەدا. ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەش، کە باسی دەکات، دەکرێت گوزارشت لە خۆی بکات، گەر نا کەسی تر ئەم ترس و دڵەڕاوکێیەی نیشان نەداوە.

ئایا پەشیمان بوونەوەی کەسێک لە بۆچوونەکانی چەندین ساڵەی تەمەنی بە خەتابار هەژمار دەکرێت؟ ئاشکرایە وەڵامەکەی نەخێرە! قەبووڵکردنی پەشیمانی

بەشێکی گرینگە لە ئازادیی بیروڕا، بەڵام لۆژێکی هاوڕێ ئاسۆ لەو گۆشەیەوە دەچێتە ناو باسێکەوە، گەر بە ڕەخنەگرتنی کەسێک لە پێشینەی بۆچوونەکانی خۆی بڵێین پەشیمان بوونەوە، ئەوە دەچێتە قاڵبی خەتابار کردنەوە. گریمان کەسێک زۆربەی ژیانی کۆمۆنیست، مارکسی و ئەتایست بووە، ڕۆژێک بە هۆش دێتەوە و دەبێتە ئایندار و ڕەخنە لە تەواوی ڕابردووی خۆی دەگرێت، ڕۆشنە ئەمە پەشیمان بوونەوەیەڤو کەسیش ناتوانێت خەتاباری بکات. ئایا کەسانێک لە ڕیزەکانی خۆمان، نەک باوەڕیان بە کۆمۆنیزمی کرێکاری، مەنسور حیکمەت و لینین نەماوە، بەڵکوو دەستیان لە مارکسی بوونی خۆشیان هەڵگرتوە. ئەمە پەشیمان بوونەوەیە، بەڵام ئایا خەتابارە؟ بێ گومان نەخێر! یان هەر بۆ نموونە، هاوڕێ ئاسۆ لە گۆڤاری ڕەوەندی ژمارە یەکدا باسیکی کردوە و دەڵێت: «ئەم باسە بریتییە لە سەرنجدانەوەی ئەبعادی ستراتیژی و شمولی حیکمەتیزم و ناساندنی تایبەتمەندییەکانی وەکوو مەکتەبێکی فیکری و سیاسی، کە نوینەرایەتیی مارکسیزمی سەردەم دەکات. لیکدانەوەکە لە سەر حیکمەتیزم، کە چۆن توانیویەتی مارکسیزمی ئەم سەردەمە بێت؟ جیاوازیی

لە باقی ڕەوتە کۆمۆنیستییەکانی سەدەی بیست دوای لینیین؟ بەراوردێکـە لـە نیوان کۆمۆنیزمـی مارکس و لینیـن لەگەل کۆمۆنیزمی کرێکاری مەنسـور حیکمەتدا و سـەلماندنی هاوشـێوە بوونـی حیکمەتیزمـە لەگـەڵ مارکسیزمی ئەواندا.» ئێستاش وێڵی دوای بەهیزترین وشـە و ڕسـتەیە بـۆ ئـەوەی (180) پلـە پێچەوانـەی ئـەو قسـانەی خـۆی بسـەلمێنێت. ئایا ئەگـەر ئەمە ناو بنێین پەشـیمان بوونەوە، حوکمێکی ناڕەوامان داوە و مانـای وایـە ئەو خەتابار دەکەین؟! لە ڕاسـتیدا هەموو پەشیمانبوونەوەیەک دەکرێت لە دوو ڕوانگەی سلبی و ئیجابییەوە چاوی لێ بکرێت، نەک خەتابار. بۆ ئەوانەی هاوبیری بن ئیجابی و بۆ ئەوانەی مخالفی بن سـلبییە و هیچـی تـر و خەتایەک لە ئارادا نییە. ئێسـتا دیالۆگی ئێمە لە سـەر وازهێنانی کەسـانێکە، کە ڕەخنەیان نەک لە تەواوی بۆچونە فیکری و سیاسییەکانی کۆمۆنیزمی کرێـکاری و حیزبەکانـی هەیە، بەڵکـوو زۆر بە کەم و نەفرەتەوە بۆی دەڕوانن. هەروەها بە دوای بە دەست هێنانـی وەڵامدانەوەی بۆچـوون و کارێک و پێکهێنانی جۆرێکی ترەوەن لە سیاسەتکردن و پێکهێنانی حیزب. ئایـا ئەمـە ڕەخنـە و پەشـیمان بوونـەوە نییـە؟ ئاخـۆ ئێمـە وتومانـە قەدەغەیە یان تاوانە؟ بەڵام بۆمان هەیە

ڕەخنەکانیان قەبووڵ نەکەین و بە دروستی نەزانین و وەڵامیشان بدەینەوە. دەکرێت ڕەخنە پەشیمانبوونەوە بێت لە ڕێبازیک و دەشکرێت ڕەخنەکە لە پێوەند بە گەشەپێدانی هەمان ڕێباز و خەتی سیاسییەوە بێت. ڕەخنە دەتوانێت لە ڕوانگەیەکەوە پێشڕەو بێت و لە ڕوانگەیەکی ترەوە پاشەوپاش گەڕانەوە بێت. هەڵبەتە خاوەنی ڕەخنەکە مافی خۆیەتی وەک پێشڕەو نیشانی بدات، مافی ئێمەشە، وەک پاشەوپاش گەڕانەوە لە قەڵەمی بدەین. ئیتر با هەر جۆرە ناوێک و پاشگرێک لە وێنەی «نوێخوازی» بە خۆیەوە بلکێنێت.

هاوڕێ ئاسۆ لە چوارچێوەی وێنایەک، کە بۆ خۆی داناوە لە سەر کۆمۆنیزمی کرێکاری، گوایە لەبەر ئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە بنبەست گەییشتوە و «ئەمڕۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی چەقبەستوو کردوە لە سێکتێکی فیکری و قاڵبێکی سیکتاریستی دا» و سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، دەبێت ئاڵوگۆڕ لە سەر بیر و بۆچوونمان بکەین و «کۆمۆنیزمی نوێ» بێنینە ئاراوە. چونکە سەرنەکەوتوە و «چەقی بەستوە». لە پێشدا پرسیاری مەنتقی ئەوەیە، ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری بنبەست، چەقبەست و سێکتیکی فیکرییە، کەوایە بۆچی پێشڕەوی کۆمۆنیزم لە گرەوی ئەوەدایە

ئەم بنبەست، چەقبەستوو و سیکتە سەرنەکەوتوە بە خۆیدا بچێتەوە؟! ئەوە مەیدان و ئەوە کۆمۆنیزمی نوێی دڵخوازی خۆتان بڕۆن بەهێز و چەقنەبەست و ناسیکیت و سەرکەوتووی بکەن. بۆ لە سەر ئەوە ڕاوەستاون، کە حەتمەن ئەم کۆمۆنیزمی کریکارییە «بنبەست و چەقبەستوە» بۆچونەکانی ئێوە پەسەند بکات؟! بەڵام دیارە هاوڕێ ئاسۆ ئەوەی بیرچووە، کە دوای شۆڕشی ئێران، باسەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێر و ڕەخنە لە شورەویی، چین، لە ستالین، فیکری ماو تسی تۆنگ، ئەنوەر خواجە و کۆمۆنیزمە بۆرژوازییەکانی ئەو سەردەمە، زۆرینەی کۆمۆنیستەکان و چەپی ئێران و کوردستانی عێراقی سەرسام کرد. ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە شورەویی و چین لە تۆپی هێز و باڵادەستیدا بوون! چین و شورەویی، نەک بنبەست نەبوون و بەڵکوو ڕێبازەکەیان سایەی بە سەر تەواوی چەپ و کۆمۆنیستەکانی زۆربەی جیهانی ئەو سەردەمەدا کردبوو. ئەو ڕەخنانە زۆرینەی ئێمەشی لەو ڕابردوە چەند ساڵەی باوەڕمان بە بۆچوونەکانی ماو تسی تۆنگ هەبوو، پەشیمان کردەوە. پەشیمان بوونەوەیەکە جێگای شانازیی هەر کۆمۆنیستێکە، کە دەیەوێت ڕۆڵی هەبێت لە خەباتی کرێکاری و شۆڕشی

سۆشیالستیدا، جا لە دەورانێکدا پڕ کار و گەشاوەیە یا لە حاڵەتی کشانەوە و سستیدایە. ئەو ڕەخنانە و میتۆدێک بۆ ئاوێزان بوونی خەباتی کرێکاری و خەباتی کۆمۆنیستی، بنەماکانی ناگۆڕدرێت. ئەوانەش پەشیمان نەبوونەوە و ڕەخنەکانیان قەبووڵ نەکرد، دیمان، کە بوونە میوانی خۆشەویستی بزووتنەوەی ناسیۆنالستی. ئاخۆ هاوڕێ ئاسۆ چۆن وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە، کە بە هەمان ئاڕاستەی بیرکرنەوەی تێزی سەرنەکەوتن باس لە سەرنەکەوتنی خودی مارکس دەکەن؟ یان سەرکەوتنەکانی گرامشی لە ئیتاڵیا کامانەن، وا هاوڕێ ئاسۆ کردویەتی بە سەرچاوەیەکی گرینگی بۆچوونەکانی؟ ئێستاش دوای تەمەنێکی چەندین ساڵە هیچ ڕەخنە و پەشیمانبوونەوەیەک تاوان نییە، بەڵام کرێکارانی سۆشیالیست خۆیان بە دەوری «حولحلی مەزهەبدا» ڕێک ناخەن. هەر بەو مانایە، ئیتر نیشانەکانی ڕابەری بوون جێگایان نامێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، کە سەرنەکەوتن و دۆخی ئێستای بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری مایەی ئەوەیە بە دیدیکی ڕەخنەگرانەوە لە کار و هەڵسوڕانی (3–4) دەیەی پێشوومان بڕوانین و بزانین هۆیەکانی سەرنەکەوتن و بەرەوپێش نەچوونمان چی بوون، بەڵام

خـودی ئەوەی سـەرنەکەوتین و پێشـڕەویمان نەکرد، بـە هیـچ جۆریک خۆی لـە خۆیدا بەڵگەی نادروسـتیی بنەماکانـی کۆمۆنیزمـی کرێـکاری نییـن. ئەگـەر بـەم میتۆدە بیر بکەینەوە، ئەوە لە پێشـدا دەبێت بنەماکانی مارکسـیزم بخەینە ژێر پرسیارەوە، چونکە بە داخەوە لـە هیـچ کوێـی دنیـای ئێسـتادا هیـچ ڕەوت و هێزێکی مارکسیستی تر دۆخی لە کۆمۆنیزمی کرێکاری باشتر نییـە. بـە پێچەوانەوە، پێگەی کۆمۆنیزمـی کریکاری لە ڕەوتەکانی تری کۆمۆنیسـت و خۆ بە کۆمۆنیست زان باشتر و بەهێزترە. بە ڕاستی جێگای سەرسوڕمانە لە دنیـای ئەمـڕۆی بەرفراوانی سۆشـیال میدیادا باس لە بەرگرتن بە جیاوازیی بیروڕا لە ناو حیزب و مەحفەلە کۆمۆنیسـتییەکاندا بکرێـت. هیـچ حیـزب و مەحفەلێـک ناتوانێـت لـە بەردەم ئـەم دەرگا و پەنجەرە کراوەیەی سۆشـیال میدیا ڕەخساندویەتی، ڕووی ئەوەی هەبێت بلێـت بەربەسـت بـۆ بڵاوبوونـەوەی بۆچوونەکانـم دادەنرێـت. هـاوڕێ ئاسـۆ بـە جیـا لـە چاپکردنـی کتێبەکـەی، لـە هەمـان کاتدا، لە ئاسـتێکی بەربڵاودا لە ڕێـگای سۆشـیال میدیـاوە بـڵاوی کردوەتـەوە، بە بێ ئەوەی تەنها یەک خولەکیش لە پێشدا لە ناو حیزبدا بۆ قانع کردنی حیزب و هاوڕێیانی دەیان ساڵەی قسـەی

لـه سـەر بکات! لـە کاتێکـدا وەک ئەندامیکـی حیـزب، چەند سـەد لاپەڕەی ڕەشـکردوەتەوە بـۆ ڕەخنەگرتن لـە بنەمـاکان، بەرنامە، مێژوو، سیاسـەت و کارکردیی حیـزب، بـە بـێ ئەوەی کـەس پێی بڵێ بـۆ وات کردوە و بۆ ئەو یاسـا و ڕێسـایانەت ڕەچاو نەکردوە، کە بە بەشـداریی ڕاسـتەوخۆی خـۆت پەسـەند کـران؟ ئیتر ئەمە چ ڕوویەکە باسی تۆمەتی بەرگرتن بە جیاوازیی فیکری لە ناو حیزبدا بکەی؟! تەنها ئەوە دەکاتە بەڵگە، کە لە سایتی حیزبدا ئەو کتێبەیمان بڵاو نەکردوەتەوە، کـە پێشـوەخت بـڵاو کراوەتـەوە و لـە بەردەسـتی هەمـوو کەسـێک دایە. بـەم بیانوە دەیەوێـت لە لایەک سـایتی ڕەسـمی حیزب، کە کەناڵی ڕاگەیاندنی حیزب، سیاسـەت و ڕوانگەی فەرمیی حیزبـە، بکەینە بولتەنی نووسـراوە و بۆچوونە جیـاوازەکان. لە لایەکی ترەوە مافی ئەوەمان لێ دەسـێنێتەوە، ئەو بابەتەی کە لەگەڵ مەوازینـی هیـچ مینبەرێکـی فەرمیـی حیزبـدا نایەتەوە بـڵاوی نەکەینەوە. بـا لەوە گەڕێین، کە سـایتی حیزب کەناڵـی بۆچـوون و سیاسـەتی فەرمیی حیزبـە، بەڵام تەنانەت داواکەی هاوڕێ ئاسـۆ ناچێتە خانەی ئازادیی ڕادەربڕینـەوە، چونکـە باسـی کتێبێـک دەکات، کـە پێشوەخت ڕۆیشتوە و بڵاو بووەتەوە، بەڵکوو دەچێتە

خانــەی ڕیـكلام كردنەوە بـۆ كتێبەكەی. واتــە داوامان لـێ دەكات لـە سـایتی فەرمیـی حیزبـەوە ڕیـكلام بۆ كتێبەكەی بكەین، كە دەیان و سـەدان لاپەڕە ڕەخنەی نادروسـت و ناكۆمۆنیسـتی ئاڕاسـتەی حیزب كردوە. مافی ئەوەشـمان پێ نادات ئەگەر كتێبەكەی بە گرینگ نەزانین ڕیكلامی بۆ نەكەین، بە تایبەتی بابەت و كتێبێك، كـە بۆ خۆی پێشـوەخت بڵاو كراوەتـەوە و نەیتوانیوە جێـگا و ڕێگایـەك لـە ناو بزووتنەوەی كۆمۆنیسـتی و كرێكاریـدا پەیدا بـكات. ئەو كتێبەی هاوڕێ ئاسـۆ، كە بـە ڕێگای ئسـوڵی حیزبیدا تێ نەپەڕیوە و پێشـوەخت سـەربەخۆ بڵاو كراوەتەوە. بۆ دەبێت من ناچار بم، لە ژێر ناوی قەبووڵكردنی جیاوازیی بیروڕادا ڕیكلامی بۆ بكـەم، ئەویش لە سـایتی فەرمیـی حیزبەوە، كە ئەركی بڵاوكردنەوەی خەت و ڕێبازی سیاسیی پەسەندكراوی حیزبـە؟ سـایتەكان و بـازاڕ پـڕە لـە جۆرەهـا كتێب و بـاوەڕی كۆمۆنیسـتیی جیاواز و ئـەوەی تۆش یەكێكە لەوانـە، بـاس و نیگەرانیـی هـاوڕێ ئاسـۆ دەربـارەی بەرگرتـن نییـە بـە جیاوازیـی بیـروڕا، بەڵكـوو بـاش دەزانێـت، كـە بڵاو نەكردنـەوەی كتێبەكەی لە سـایتی حیزبـدا خوێنەری كەم دەكاتـەوە. گەر هەر هاوڕێیەك ئارەزومەنـد بێـت بۆ خوێندنەوەی كتێبەكەی ئاسـۆ بە

ئاسـانی دەسـتی دەکەوێت و بیانوو هێنانەوە بە ناوی بەرگرتنی ئێمە بۆ خوێندنەوە قسەیەکی منداڵانەیە. ئەو کتێبـە، گـەر پێگەی خـۆی هەیە، پێویسـتی بە ڕیکلامی ئێمە نییە و ئەرکی ئێمەش نییە ئەو ڕیکلامە بکەین.

بـەڵام گـەر هـاوڕێ ئاسـۆ پێشـتر بـە شـێوەیەکی ئسـوڵی داوای بکردایـە، کـە باسـی هەیـە و جیاوازیی هەیـە، تـا لـە ئۆرگانـی خـۆی و ڕابـەری و لـە نێـو ئەنداماندا باسەکانی بگەیەنێت و هەوڵی بدایە حیزب و هاوڕێیانی قانع بکات، ئەو کات ئێمەش بە پێی ئسـوڵی حیزبـی، ڕێـگای بڵاوکردنەوەیمـان دیـاری دەکرد. بێ گومـان دوای ئـەوەی هەمـوو میکانیزمێکـی ئسـوڵی دەگیرایـە بـەر بـۆ ئەوەی لـە ناوخۆی حیزبدا قسـە و باسـی لە سـەر بکرێت، خۆ ئەگەر دوای ئەم پڕۆسەیە نـە هاوڕی ئاسـۆ بیتوانیبایە حیـزب و هاوڕێیانی قانع بـکات و نـە بە پێچەوانـەوە حیـزب بیتوانیبایە هاوڕێ ئاسـۆ قانـع بکات، بـێ گومـان ڕێـگای بڵاوکردنەوەی عەلەنیـش دەخرایـە ڕوو، تەنانـەت لـەو کاتـەدا، ڕەنگە لەگـەڵ ڕوونکرنەوەیەکـی سـادەدا، کـە تەوزیحی ئەو پڕۆسـەیە بـدات، وەک ڕای جیـاواز لـە گۆشـەیەکی تایبەتدا بۆی بڵاو بکرایەتەوە. بێ گومان بەو مەرجەی هیـچ تۆمەتێکـی نەسـەلمینراوی لـە دژی حیـزب و

کەسایەتییەکانی و هیچ کەسی دەرەوەی حیزبیشی تێدا نەبێت، بەڵام بە داخەوە، هاوڕێ ئاسۆ گۆشەگیری و تەریکبوونی خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵبژارد و دواتر بە بێ گوتنی یەک وشە لەگەڵ حیزب، کتێبەکەی بڵاو کردەوە. لە هەمان کاتدا، پرسیاری ئەوەم لێ کردوە باسەکانت هەر چییەکن و خۆت بە چی دەگەیت ئەوە بە ڕێی خۆی، بەڵام لە باری کردارییەوە بە نیازی چیت؟ واتە «چیکردن»، کە تا ئێستاش وەڵامی نەداومەتەوە، ناشبینم لەو بارەیەوە تا ئێستا ئەولەویەت و نەخشە ڕێگایەکی بۆ خۆی دانابێت. هەر بۆیە لە ئاستی بۆچونی کەسیی خۆیدا ماوەتەوە. واتە ئەو ڕەخنە و بۆچوونانەی لە سەر حیزب و خەباتی کۆمۆنیستی هەیەتی، پێویستە پراکتیکیکی جیاواز لە ئەزموونی کۆمۆنیستی کرێکاری نیشان بدات. گەر ئەم ئەرکە لە باری کردارییەوە خۆی نیشان نەدات و هەر لە ئاستی بانگەشە بۆ کتێبەکەی بێنەوبەرە بکات، ئەوە باشترین نموونەی سکتاریستیی خۆی لە باری فیکرییەوە نیشان دەدات، کە بۆ خۆشی وەها نیشان دەدات، کە خەبات لە بەرانبەر سکتاریستیدا دەکات.

مەسەلەی تەمەن بۆ ڕابەری بوون یەک واقعییەتە، شمولی هەموو ئەم جیلەی کۆمۆنیستەکان دەکات

لـە عێـراق و ئێـران، کـە لـە حەفتـاکان و هەشـتاکانەوە دەسـتمان بـە کار کـردوە. پێوەرێکـی گشـتی نییـە وەک ئاسـۆ گوزارشـتی لـێ دەکات. ڕەخنـە و پەشـیمانیی لـە هـەر بۆچوونێک بە ڕێی خۆی، بـەڵام تەنها ڕەخنەگرتن، کە ئێسـتا لە فەزای دیالۆگی کۆمۆنیسـتەکاندا دەربارەی بنبەسـتی کۆمۆنیسـتی کرێـکاری، حیـزب و دەسـەڵات، لینیـن... دەستاودەسـت دەکات، جگـە لـە گوزارشـت لـە بۆچوونی کەسـی، کە دەڵێن: «باوەڕمان بە کۆمۆنیستیی کرێـکاری، مەنسـور حیکمـەت و لینین نییە»، شـتێکی تر نابیستین. لە هیچ کۆمۆنیستێکم نەبیستوە، کە بانگەوازی ئـەو بـێ باوەڕییە دەکات لە باری فیکری و سیاسـییەوە نموونەی ئەوەی باوەڕی پێیەتی بە پراکتیک بەرجەسـتە کاتەوە. باوەڕبوون و بێ باوەڕی، سەودا و مامەڵە نییە، بەڵکوو مەسـەلەیەکی پراکتیکی و نیشاندانی ئەزموونێکی سـەرکەوتووترە. کارمـان بەوانـە نییـە، کـە بـە دوای هەقیقەتـی باوەڕێکـدا دەگەڕێیـن، کەی ئـەو هەقیقەتەیان دەسـتکەوت، ئەو کات قسـەیەکی لە سـەر دەکەین. بەڵام لە ئاسـتی خۆناسین وەک پێشەنگ و ڕابەرێک، گەر هەر لە سـەرەتاوە بێ پێشـنەی نیشـاندان و سـەلماندنی ئەو هەقیقەتـە نەخاتـە ڕوو، بـە خولانەوە بـە دەوری ڕەخنە و گـەڕان بـە دوای هەقیقەتـدا تەمـەن مانا پەیـدا دەکات،

کـە دەتوانێـت ڕابـەر بێـت یـان نا. ئاسـۆ ڕەخنـەی لەوە هەیە، ئەم کۆمۆنیسـتی کرێکارییە سێ دەیەیە نەیتوانیوە کۆمەڵایەتـی بێتـەوە! هـاوڕێ ئاسـۆش دوای دوو سـاڵ و پـاش چەنـد سـاڵی تریـش لـە دەرچوونـی کتێبەکـەی دەتوانێـت بـەم میتـۆدە ببینـێ «کۆمۆنیزمـە نوێ»کـەی چەنـدە کۆمەڵایەتـی بووەتـەوە و چەنـدە بۆچوونەکانـی هەقانییەتـی هەیـە؟ هـەر بۆیە جێگای سـەرنجە لە سـەر سـەرفکردنی ئـەو هەمـوو وشـە و دێـڕە زۆرە بەرانبەر ڕەخنـە و ڕەخنەگرتـن، کـە لە نووسـینەکەی ئاسـۆدا بە کار هاتوە، کە دەڵێت: «نابێ لە «ڕەخنە بترسـین»، هەر وەک لە سەرەتاوە گوتم، سۆشیال میدیا ئەوەندە فراوانە ڕۆژ نییـە ڕەخنـە و دیالۆگـی ڕەخنەگرانـە نەخوێنینەوە. ئایـا ئـەوە کەلەڕەقیی کۆمۆنیسـتەکانە یـان پیرۆزکردنی بیـر و باوەڕەکانیانـە؟ یـان ڕەخنـەکان ڕۆشـناییان تێدا ناخوێنرێتەوە؟ وا پێشـنیارەکانی هاوڕێ ئاسـۆ لە سـەر نەترسـان لـە ڕەخنـە ناتوانێـت ئامۆژگارییەکـی بـاش و ئەرێنـی بێـت. مەنسـور حیکمـەت هاوکاتـی ڕەخنەکانـی لـە کۆمۆنیسـتی ئـەو سـەردەمە، هاوشـانی هاوڕێکانـی هەمیشـە پراتیکێکـی پێشـڕەوتری بەرجەسـتە دەکـرد و بـەردەوام بە سـەروکاری بەرنامە دارشـتن بـۆ پراکتیک و پێکهێنانی حیزبەوە بوو. لە پێشـدا حیزبی کۆمۆنیسـتی

ئێـران، دواتـر بـە ڕەخنە لـەوەی، کە مەیلـی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەییـی جیـاواز لـە نـاو ئـەو حیزبـەدا خۆیـان بەرجەستە کردوە، ڕەوتی خۆی لەو حیزبە جیاکردەوە و حیزبی کۆمۆنیستیی کرێکاریی ئێرانیان پێکهێنا. دیارە گەر بـە لۆژێکی هاوڕێ ئاسـۆ بێت، دەبووایـە ئەو تێکەڵاوییە قەبووڵ بکرایە، تەنها لە سـەر بنەمای ئەوەی هەموان بە خۆیـان دەگـوت کۆمۆنیسـت. لـە کاتیکدا، لە مـاوەی ئەم چەند سـاڵەدا بینیمان حەقانییەتی بۆچوونەکانی حیکمەت بـە کرداریـی دەرکـەوت و مەیلـە کۆمەڵایەتییەکانـی ناو ئـەو حیزبـە، هەر کامیان ڕێگای خۆیـان گرت و تەنانەت ڕەوتی ناسیۆنالیسـت و قەومپەرسـتی دژی کۆمۆنیستی لێ هاتە دەرەوە.

(2022/8/21)

## (5)

# بەرەو بەهێزکردنی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی!

لـە میانەی دەسـەڵاتی میلیشـیایی و تاڵانچێتیی بارزانـی و تاڵەبانیـدا، خرۆشـانێکی بەرفراوانـی جەمـاوەری لە ناوەندی شـارەکان و شـەقامەکاندا نمایشـکراون، کە بـۆ داواکردنـی پێداویسـتییەکان تا دەگات بەوەی دروشـمی کۆتایی بەم دەسـەڵاتە دەنگدانەوەیـان بـووە و جێـگا و پێگەیەکـی بەرچاویان نیشـانداوین. ئاستی توڕەیی، دەربڕینی ناڕەزایی و نەویسـتنی ئەم دەسـەڵاتە لە ئاسـتێکی بەرفراوانتریشـدا لـە شـوێنی خۆی مـاوە، بەڵام لە ئێسـتادا لـە شـێوازی خۆپیشـاندان و خرۆشـانی جەماوەریـدا خـۆی نانوێنێـت، ئـەم حاڵەتـە لـە خامۆشـی، بووەتـە جێگـەی نیگەرانیی کەسـانێکی زۆر، ئـەو کەسـانەی دەیانەوێـت بـە خێرایـی و لە شـەو و ڕۆژێکـدا تەخـت و تاراجی ئەم دەسـەڵاتە بپێچرێتـەوە و بەرپرسـەکانی ئـەم دەسـەڵاتە بـە سـزای تاوانەکانیـان بگەیەنـن، ئـەم پەلەکردنـە بۆ کۆتایـی هێنـان بـەم دەسـەڵاتە بە هەر شـێوەیەک بێت، زیاتر لە نێو توێژی زۆرینەی ئەو ڕۆشـنبیرە ئازادیخوازانـەدا بەرچـاو دەکەوێـت، کـە تەنهـا لە پەنجەرەی ئازادییەوە و دوور لە پێداویسـتییەکانی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە لە دنیا دەڕوانن،

هەروەها لە ئاستێکی دیاریکراویشدا وەک حاڵەتێک لـە نێو بەشـێک لە چەپـەکان و کۆمۆنستەکانیشـدا ئـەم دنیـا بینینـە سـەری دەرهێنـاوە، کە لـە گوتار و نووسـینەکانیاندا، وەک شـێوازی ڕەخنـە لـە خەمساردی و ڕۆڵی بێ ئیرادەی خەڵک گوزارشتی لـێ دەکرێـت، دەڵێن بۆچی ئـەم خەڵکە و کرێکاران بەرەنگاری و کاردانەوەیان نییە...؟

دەتوانم بڵێم ئەم خواسـتی پەلەکردنە و جۆری ڕەخنانـە، جیاوازییەکـی تایبەتی نێوان ئەو توێژەیە لـە رۆشـنبیرانی ئازادیخـواز و زۆرینـەی خەڵـک بـە گشـتی، خەڵـک بـە دوای ئاڵوگۆڕێکەوەیـە بـۆ باشـترکردنی ژیـان و خۆشـگوزەرانی، بـەڵام ئەو «ئازادیخوازانـە»، تەنهـا بـە دوای هـەوای پاکـی ئازادییـەوەن، بـە تەنـگ جیاوازیی بەینـی هەژار و دەوڵەمەنـدەوە نین، لە ژێر پـەردەی ئازادیدا دەبنە بەشـێک لـە پارێزەری پێگـەی چینە بـاڵاکان، بۆیە هاوکێشـەی ناڕەزایەتییەکانیـان مانـای جیـاواز بە خۆیەوە دەبینێت، کە بە لای هەر لایەنێکیانەوە مانای پراکتیکیی تایبەت دەبەخشێت، ئەو ئازادیخوازانەی تەنهـا ئەوینـی پەرچەکـردار، کارداوەنـەوە و بەرەنگارین لە هەر ئاسـتێکدا بێت بۆ گورزکێشـان

بە دەسەڵاتێکی دیاریکراوی نەخوازراوی دژ بە ئازادی، لە سەرکەوتنی ئازادیدا دەچنە سەر ئەو کارانەی بە هۆی ئازادییەوە بە دەستیان هێناوە، بۆ نموونە دەبنە میدیاکار، بەڵام خەڵکی ستەمدیدە بە دوای ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەییە لە پێناو خۆشگوزەرانی و مافەکانی ژیاندا، گەر هاوشانی ئازادی، خواست و خۆشگوزەرانی و مافەکانی کرێکاران و توێژە نەدارەکان دابین نەکرێت، ئەو ئازادییە بە دەردی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک نایەت، ئەو کات جیاوازیی چینایەتی لە ژێر پەردەی ئازادیدا بە شێوازێکی تر خۆی بەرهەم دێنێتەوە، ئازادی بە بێ گرێدانەوەی بە خواستە زیندوەکانی ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش جێگایەک لە خەباتی جەماوەریدا پەیدا ناکات.

ڕووخانی دەسەڵات بۆ کرێکاران مانای باشترکردنی ژیانیانە لە بەرزکردنەوەی کرێی کار، کەمکردنەوەی کاتژمێری کار، دابینکردنی سەلامەتیی کار و... هتد، کرێکاران و زەحمەتکێشان بە دوای جووڵانەوەیەک ناکەون، کە ئاکامەکەی لە پێوەند بە ژیانیانەوە نارۆشن بێت، ڕووخانی دەسەڵات بۆ ئەو توێژە لە ڕۆشنفکرانی ئازادیخواز،

لـە پێنـاو دۆخێکدایـە بـۆ ئازادیـی بیروباوەڕیـان، ئەمانی زیندانی سیاسی، ئازادیی ڕۆژنامەوانی... کە ئەمانە و زیاتریش لەوانە، هەڵبەتە زۆریش باشـن، بەڵام کۆمەک بە سـفرەی خاڵـی کرێکاران، خەڵکی زەحمەتکێـش و هـەژارو نەدار نـاکات، واتە گلەیی کردن یا ڕەخنە گرتن، لە ئاستی چۆنێتی و شێوازی نارەزایەتییـەکان لەو شـوێنەوە نابێـت ببینرێت، کە بۆچـی بەرەنگاریمـان نەکـردوە و خرۆشـانەکان تەوژمـی جوڵـەی گەڕاوەتە دواوە، بـە تایبەتی ئەم جـۆرە بیرکردنەوانـە بۆ کۆمۆنسـتێک، مانای ڕێگە ونکردنـی ڕێبـاز و ئامانجەکـەی دەگەیەنێت، بڕیار نییـە کۆمۆنیسـتەکان گلەیـی بکـەن و ڕەخنـە لـە کرێکاران و زەحمەتکێشـان بگرن لە سـەر ئەوەی خۆپیشـاندان و خرۆشـانی جەمـاوەری ناکـەن و نایەنـە مەیدان و کاردانەوەیان نییە، دیارە ئەوەیان لـە بیر چـووە، کرێکاران پێداویسـتییەکانی ژیان و ئاسـتی ئامادەییـان لـە ڕێکخسـتن و یەکگرتوویی دەیانخاتـە سـەر ڕێـڕەوی کاردانـەوە، بۆیە دەبێت ئەو ڕێگایانە لە شێوازی نارەزایەتی نیشان بدەین، کـە مایـەی سـەرکەوتن و دەسـتکەوت دەبێـت بۆ باشـترکردنی ژیانـی خـودی کرێـکاران و خەڵکـی

هەژار و نەدار، بە مانایەک بۆ زۆرینەی دانیشتوان لـە دابینکردنی خواسـت و پێداویسـتییەکانیان، یان ڕۆشـنتر بڵێیـن کۆتایـی هێنـان بـە دەسـەڵاتێک بە مەرجی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی و بنەبڕکردنی تەواوی چەوسانەوەی ئینسان لە سەر ئینسـان مانـا پەیدا بـکات، کرێکاران بۆ بە دەسـت هێنانـی پێداویسـتییەکانی خۆیـان دێنـە مەیدان، بۆ خەیـاڵات و ئـارەزووی ئـەو جـۆرە لـە «چـەپ و کۆمۆنیستەکان» ژیانی خۆیان ناشێوێنن.

هەڵبەتـە بـۆ کۆتاییـی هـەر دەسـەڵاتێک، سـەرکەوتووترین ڕێگا خۆپیشـاندان و خرۆشانی بەرفراوانـی ڕیـزی میلیۆنـی خەڵکـە، کـە تـەواوی دامودەزگاکانـی دەسـتەی دەسـەڵاتدار تێکوپێـک دەشـکێنێت، واتە کۆتاییی هەر دەسـەڵاتێک ئاکامی خۆڕانەگرییە لە بەرانبەر نارەزایەتی و خرۆشـانی ڕیزی میلیۆنی، کە لە ماوەیەکی کەمدا، بەرپرسانی ئـەو دەسـەڵاتە ناچـار بـە هەڵاتـن دەکات. بـەڵام کێشـەکە لەوەدایـە، کە بە دوای هەڵوەشـاندنەوەی هـەر حوکومەتێکـدا، دووبـارە دامەزراندنـەوە و بەڕێوەبردنـی کۆمەڵـگا مەسـەلەیەکی جدییـە! کـە پێویسـتە بـە ئاسـۆ و ئامادەیـی و توانـای هێـزی

جەماوەر، ڕێگا نەدرێت دەسەڵاتێک بێتەوە سەرکار، کە بە هەمان میکانیزم و پڕۆسەی دامەزراندنی نایەکسانی و بەرجەستەکردنەوەی چەوسانەوەی ئینسان لە سەر ئینسان لە شێوازێکی تردا دووبارە بێتەوە، لە مێژووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە کێشمەکێشمی نێوان دەسەڵات و خەڵکدا نموونەی بەرچاومان هەیە، وەک ئێران، میسر و تونس...، بۆیە ئەوەی کە جێگای سەرنجە، مەسەلەکە خامۆشی و نەبوونی بەرەنگاری و کاردانەوە نییە، بەڵکوو نەبوونی ئاسۆی جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرفراوانی گشتگیرە لە بەرجەستەکردنەوەی پراکتیکی شۆڕشگێرانەدا، کارکردنە بە ئامانجی سەرکەوتن بۆ بە دەست هێنانی ژیانێکی یەکسان، کە بۆ تەواوی دانیشتوان فەراهەم بێت.

ئەوەی لە نێو تەواوی نارەزایەتییەکان، بەرەنگاری و کاردانەوەکاندا پێویستە جێگای سەرنجمان بێت، سایە نەکردن و لاوازییەکی بەرفراوانە لە بونی مەیل و ڕەوتی سۆشیالستی، تەواوی ئەو جوڵانەوانەی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان و هەر وڵاتێکدا، کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە بەرچاومانەوە بووە، کێشەی

بنەڕەتییان هەر ئەوەیە، کە هەوڵدان بۆ کۆتاییی سیستمی سەرمایەداری زۆر لاوازە، یا لە ئاستی نەبووندایە، ئەوەی سایەی کردوە جوڵانەوەی چاکسازییە، چاکسازیش لە ئاستێکی نزمدا، واتە کەموکوڕیی جوڵانەوەکان، هاتنە خوارەوەی بەرەنگاری و کاردانەوە نییە، بەڵکوو نەبوونی پتەوی ئاسۆ، مەیل و ڕەوتی سۆشیالستییە لە ڕێڕەوی بەرەنگاری و کاردانەوەکاندا، هەتا لە نێو نارەزایەتییە کرێکارییەکانیشدا، لاوازیی ئەم ڕەوتە واقیعییەتێکی تاڵە، لەوە تاڵتر ئەوەیە، کە خەباتی کۆمۆنیستەکان نەچێتە سەر گۆڕینی ئەو واقیعە تاڵە، بە ناوی لاوازیی بەرەنگاری و کاردانەوە، ڕەخنە لە هێزی بەرهەمهێن دەگرێت، کە بۆچی کاردانەوەیان نییە، کە ئەم ئاڕاستەیە، نەک هیچ خزمەتێک بە گەشەی بزوتنەوەی سۆشیالستی ناکات، بەڵکوو لە بەرانبەر چاکسازیشدا دەستەوەستان ڕادەوەستێت، کە دەبێتە پاشکۆی جوڵانەوەی ئەو چاکسازی و ئازادیخوازییەی توێژە ناکرێکارییەکان بە دوایدا وێڵن، بەڵام پێویستە هاوکێشەکە بە پێچەوانەوە بێت، واتە بزوتنەوەی ئازادیخوازی و چاکسازی دەبێت جێگای خۆی لە

نێو جوڵانەوەی یەکسانخوازیدا بکاتەوە.

واقیعییەتی جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان شەڕی چینایەتییە، کێشمەکێشم و شەڕی نێوان چینی کرێکار و سەرمایەدارە، کۆتاییی سەرمایەداری یەک ڕێگای هەیە، خەباتی ڕێکخراوەییی چینی کرێکارە دژ بە سەرمایە، سەرمایەداری و سەرمایەداران، کاتێک لە نێو ئەو خەباتەدا ئاستی مەیلی سۆشیالستی سایەی نەکردبێت، هاوسەنگیی هێز بە قازانجی بزوتنەوەی سۆشیالستی کرێکاری نەبێت، حەتمییە شۆڕشی سۆشیالستی لە هەر هەنگاوێکدا قابیلی پاشەکشە و شکست خواردنە.

خەباتی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان ئاوێزانە بەوەی کە کاتێ دژ بە هەر دەسەڵاتێکن، بەو مانایە دژی ئەو دەسەڵاتەن، کە بەرگری لە پاراستن و مانەوەی سەرمایەداری دەکات، نەک ئەوەی چەندە دژی ئازادییە. جا ئەو دەسەڵاتە لە کوردستان بێت یا عێراق و هەر شوێنێکی تری دنیا، ئامرازی دەستی سەرمایەدارانە بۆ چەوسانەوەی کرێکاران و زۆرینەی کۆمەڵگە و پاراستنی هێزی کار وەک کاڵا، ئەو دژ وەستانەوەیە خەباتێکی ڕۆشن و پراکتیکێکی شۆڕشگێرانە دەخوازێت لە چۆنێتیی

بەهێزکـردن، ڕێکخسـتن و سـایەکردنی ڕەوتـی سۆشیالستی لە ناو تەواوی بزوتنەوەی کرێکاریدا، بـە مانایـەک، ناوەڕۆکی ڕەوتی ئەو جوڵانەوەیە بە خەبات بۆ کۆتاییی کاری بە کرێ بناسرێتەوە، تا لە هەر سـاتێکی ئامادەبوونیدا بتوانێ زەنگی کۆتاییی دەسەڵاتی سەرمایەداران ڕاگەیەنێت.

گەر ئەوە بە فەرمیی بناسین لە دەورانی ئێستای خەباتی چینی کرێکاراندا بە گشتی، مەیل و ڕەوتی سۆشیالستی نەیتوانیوە هاوسەنگیی هێزی خەباتی سۆشیالسـتی بگاتە پێشـەنگی هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتـی لـە ئاسـتێکی دیاریکـراودا لـە هـەر شـوێنێکی دنیـا بێت، واتە پێویسـتە هەنگاوەکانمان پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە بێـت لە نێـو خەباتی چینـی کرێـکار بـە تایبەتـی و لـە نێـو خەباتـی جەماوەریشـدا بـە گشـتی، بۆ بـە دەسـتەوە گرتن و چوونـە پێشـەوە لـە گەشـەدان و پێشـڕەوی بە مەیـل و ڕەوتـی سۆشیالسـتی، ئەو کاتـە دەتوانین بڵێین بەرەنـگاری و کاردانەوەش مانای پراتیکێکی شۆڕشگێڕانە وەردەگرێت. ئەم باسە بەو مەبەستە دەخەمە ڕوو، کە دەرگایەکی جدی بۆ باسی نێوان کۆمۆنیسـتەکان لـە سـەر نارەزایەتـی، شـۆڕش و

بەهێزکردنی ڕەوتی سۆشیالستی بکاتەوە و جێگای لێکۆڵینەوە و نەخشـە کارێک بێت بۆ بەڕێ خسـتن و چوونـە پێشـەوە و هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی کرێکاری.

(2023/9/10)

(6)

# له وه‌ڵام
# به هاوڕێ ساماندا

بەینی من و هاوڕێ سامان کەریم پرسیار و وەڵام نییە بۆ سەلماندنی ڕاست و دروستیی جیاوازیی بیر و بۆچونەکانمان لە سەر هەقیانەتی حیزبییەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەڵکوو جیاوازیی فیکری و سیاسییە، کە هەر یەکەمان ئاڕاستەیەکی گرتوە. سامان پەشیمانە لە سەرجەم ڕابردووی، زیاتر لە سی ساڵ خەباتی کۆمۆنیستی و پێکهاتنی سەرجەم حیزبە کۆمۆنیستییەکانی ئێران و عێراق و سەرجەمیان بە هەڵە دەزانێ، منیش بەردەوامم لە ڕیزی هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا. بەڵام پێ ناچێت نە سامان بتوانێ هەقیقەتی بۆچوونەکانی خۆی بۆ من بسەلمێنێت و نە وەڵامی من بە پرسیارەکانی سامان ئەو قانع بکات.

سامان زۆر لە سەر ئەوە ڕۆیشتوە، کە گوایە پێم گوتوە «مادام (30) ساڵە بە هەڵە دوای ڕێبازێک کەوتووی، ئیتر نابێت و بۆت نییە پەشیمان بیتەوە لەو هەڵەیە و هەر بەردەوام بە.» بە ڕاستی ئەمە بە لاڕێدا بردنی باسەکەیە، ئەمەش جۆرێکە لە شێوازی ناهونەریی سامان لە گۆڕینی ئاماژەیەک، کە کردومە. وە لە بارەی ئاڵوگۆڕێک، کە بە سەر بیر و باوەڕیدا هاتوە. من ڕوون و ڕاشکاوانە گوتومە؛ ئازادی و

مافی خۆتە هەر کاتێک پەشیمان دەبیتەوە. بێ گومان هەر کەس لە هەر کاتێکدا بەو باوەڕە گەییشت، کە ڕێگایەکی هەڵەی گرتوەتەبەر، باشترە پەشیمان بیتەوە، هیچ قسەیەک لە سەر ئەمە نییە. لە لایەکی ترەوە باسەکەی بردوەتە سەر باریکی ئیحساساتی و مەسەلەی تەمەن و «بڕۆ بمرە»، کە زۆر جێگای داخە! هیوادارم ئیختلافی نێوانمان هەر چەند بێت، هەرگیز گومان لەوە نەکەیت، کە لە قوڵاییی دڵەوە ئارەزووی تەمەنێکی درێژ و تەندروستت بۆ دەکەم. ئەم مەسەلەی تەمەنە یەک واقیعیەتە و پێویست بە هەراسان بوون ناکات. ئەمە تایبەتمەندیی هاوڕێ سامان نییە، بەڵکوو شمولی هەموو ئەم جیلەی کۆمۆنیستەکان دەکات لە عێراق و ئێران، کە لە حەفتاکان و هەشتاکانەوە دەستمان بە کار کردوە. بەڵام مەبەستەکەی من سادە و ڕۆشنە و پێویست بە شێواندن ناکات؛ نە باسی مەرگ و ژیان و نە باسی مافی پەشیمان بوونەوە و نە ڕەوابوونی پەشیمانییە، کاتیک کەسێک هەست بکات ڕێگایەکی هەڵەی گرتوە، هیچ ڕەبتێکیان بە باسەکەی منەوە نەبووە و نییە. من دەڵێم ئەگەر کەسێک لەناکاو بە هۆشی خۆیدا هاتەوە، کە زیاتر لە سی ساڵە وەک ڕابەرێک بە

هەڵـە و هەڵدێـردا چووە و فریـوی ڕێبازێکی هەڵەی خـواردوە، تـازە ئیتر نابێت بە «ڕابەر» و هیچ دوور نییـە، دە سـاڵی تـر لە ڕێبازی ئەمڕۆشـی پەشـیمان نەبێتـەوە. بـە دڵنیاییـەوە هەڵسـەنگاندن و کۆبەندی هەڵسـوڕان بە مانای ڕەخنەگرتن لە لایەنە لاوازەکان و دەست گرتن بە لایەنە بەهێزەکان و ئەزموونەکانی خەباتەوە، خۆی لە خۆیدا نەک کێشەی نییە و بەڵکوو پێویسـتە. بەڵام فریوخواردن و لەناکاو پەشیمانی لە تێکڕای خەبات و ڕێبازی زیاتر لە سـی سـاڵ، کە بێ گومـان مافـی بـێ ئەملا و ئـەولای هەموو کەسـێکە، بـەڵام بە داخەوە دەڵێم کارەسـاتە. تۆ زیاتر لە سـی سـاڵ خەباتی سیاسـی، تیۆری، کرداری، حیزبایەتی، جەمـاوەری و بەرامبەرکێـی لەگـەڵ ئەحـزاب و بزووتنەوە بۆرژوازییـە جۆراوجۆرەکان و بەرگریی پەیگیرانە لە کۆمۆنیزم، لە جەرگەی شکسـتی بلۆکی خۆرهـەڵات و هەراوهوریـای مەرگی کۆمۆنیزم و بە کاملی فەرامۆش کردوە.

دەربـارەی باسـکردنی چەنـد جارەتـان لە سـەر دانیشـتن لەگـەڵ «گروپـی موهتەدی»، لـەو بارەوە سـکرتاریەتی حیـزب ڕوونکردنەوەیەکـی ڕوون و ڕاشـکاوی ڕاگەیانـدوە، بـڵاو کراوەتـەوە و جەختی

لـەوە كـردوە، كـە ئێمـە هـەر لـە سـەرەتاوە ڕامـان گەیانـدوە، كە ئامادەی هیچ جـۆرە كارێكی هاوبەش نییـن و نەبووینە لەگەڵ ئەو ڕەوتە ناسیۆنالیسـتانە. بـە كرداریش ڕێگامـان لەوە گرتوە، كە لەگەڵ ئەوان كۆمیتەی هاوبەش بۆ یەكی ئایار دروست بێت و بە پێداگریـی ئێمە كۆمیتەكە لە هەڵسـوڕاوانی كریكاری و كۆمۆنیست پێكهات، نەک لە حیزب و لایەنەكان و هەر ئەو كۆمیتەیەش بەرنامەی یەكی ئایاری بەڕێوە برد. دوای ڕاگەیاندنەكەش كەسـانێک وەكوو ئەوەی ڕوونكردنەوەكەیـان نەدیتبـێ بـۆ تەشـهیر كردن بە حیـزب هـەر قسـەكانی خۆیـان دووپـات دەكەنەوە. ئەمـە ئیتـر بـۆ ئێمـە دەتوانـێ یـەک مانـای هەبێـت: ئەویـش ئەوەیـە، ئـەو كەسـانە لـە ژیانـی سیاسـیدا جێگای متمانەی سیاسـیمان نابـن، چونكە متمانەیان بـە ڕوونكردنەوەكـەی ئێمـە نییـە، گەر سـامان ئەو ڕوونكردنەوەیەی دیوە و دیسـانەوە، وەكوو ئەوەی ڕوونكردنەوەكـەی نەدیبێـت قسـە دەكات، دیـارە سامانیش لای ئێمە دەچێتە ڕیزی هەمان بێ متمانەی سیاسـییەوە. سـەبارەت بە مارشـی یەكی ئایاریش، ئـەوەی چەندە كۆمۆنیسـتی و كرێـكاری بووە، هەر كەس پێوانەیەكی سیاسـیی خۆی هەیە. كۆمۆنیستی

بـوون بەشـبەش نییە و بێ هەڵەش نییە. بە گشـتی، یەکەیەکە لە پرۆسە و ڕێڕەوێکی واقیعی و مێژوویدا تەفسیری لە سەر دەکرێت. هەروەها بە سەرکەوتن، شکسـت و هەڵەکانـی پێناسـەی ناکۆمۆنیسـتی و ناکرێـکاری بوونی بـۆ ناکرێت. یەکی ئایاریش لەبەر ئـەوەی یەکـی ئایـارە، هەر کـەس و لایەنیـک ئازادە بێتە ناو مارشەکەیەوە، هەر چۆن تۆ ساڵانە دەچیتە نـاو مارشـی یەکـی ئایارەوە لـە فینلاند، کـە هەموو جۆریکـی تێدایـە. یەکی ئایاری ئەمسـاڵی سـلێمانی، وەکـوو ئەمـری واقیع، مۆرکـی هیـچ حیزبێکی پێوە نەبوو، بەڵام ئێمەش تیایدا بەشدار بووین.

سـەبارەت بـە ڕووداوی (2000/7/14) وەک دووبارەکردنـەوەی هەمان تیرۆری هاوڕێیان شـابور و قابیـل بـوو بـۆ لێـدان لـە هەژموونـی کۆمۆنیـزم و ئازادیخوازی لە هەولێر، کە بە شێوازێکی تر و لە کاتێکی تردا، یەکێتیی نیشتمانی پیادەی کرد بۆ دانی گورزێکی گـەورە لە هەژموونی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، ئەمە هۆکاری سـەرەکیی ئەوە بوو، کە یەکێتی هەمیشـە و هـەر جارەی بـە بەهانەیەک پلانی هێرشـی بۆ سـەر حـزب هەبووە. پێش و پاش (2000/7/14) نموونەی تـر هەن، کە گروپەکانی ئۆپۆزیسـۆنی ئێرانی چونەتە

ئێـران و یەکێتی هیچ پەرچەکردارێکی نەک نەنواندوە، بەڵکـوو لە ژێرەوە کۆمەکیشـی کـردوون. ڕەنگە لەوە نیگەران بێت، کە کۆمۆنیزمی کرێکاری، وەک لایەنەکانی تـری ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانی چوونەتـەوە ئیران، ئەگەر یەکیتـی حەساسـییەتیکی بووبـێ بەمـە، کـە حەتمـەن هەیبوو. هەر لەبەر ئەوەیە کۆمۆنیزمی کریکاری بوو. بەڵام ئەوە ئاشـکرایە، یەکێتی لە بنەڕەتدا بۆ بەرگرتن لـە لـەق نەبوونی دەسـەڵاتی لە بەرانبـەر ناڕەزایەتیی جەماوەریدا دەبووایە زەربەیەکی کوشندە لە کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی بدات، جا بە هەر پاساوێک بێت. ئەگەر ئەم هۆکارە بنەڕەتییە نەبووایە، دەکرا لە سـەر پاساو و بەهانەکانـی یەکیتی گفتوگۆ بکرایە، کە ئامادەبووین تەنانەت سازشیش بکەین و کردیشمان، بەڵام ئێمە لەو کاتەی لەگەڵ نەوشـیروان بە   سـازش گەییشـتین بە ڕێککەوتنی تەواو، هەر ئەو کات لەوێوە دەستووری دا دەست لە هاوڕێیانمان بوەشێنن. مەگەر خۆت نازانی، دوای سـازش و ڕێککەوتن لەگەڵ نەوشیروان، کاتێک لـە ماڵەکـەی هاتینە دەرەوە، تەنانەت دەستڕێژیشـیان لـە ئێمەش کرد؟! وەکوو خۆت باسـت کردوە، یەکیتی لـە هەشـتاکانەوە لـە بیـری لێدان لـە کۆمۆنیزمدایـە. سەردەمێک کۆمۆنیستەکانی بە تۆمەتی عیراقچێتی بە

شایستەی مەرگ دەزانی. لە کاتی شوراکانی (1991) دا دیسـان یەکیتـی تا لێواری لێـدان چووە پێش، بەڵام بە شکسـتی ڕاپەڕین مەوزوعییەتـی نەما. لە (1991) ەوە بەردەوام نیازی لێدان لە ئێمەی هەبووە، چەندین جـار گەمـارۆی بـارەگای ڕادیۆی داوە، هــەر جارێک بـە بەهانەیـەک، بەڵام هەمـوو کات بە یەک مەبەسـت بـووە، ئەویـش لێدان و پاشـەکشـە پێ کـردن بووە بە کۆمۆنیزم. گەر ئەمە نابینی و بە دوای لێکدانەوەیەکی ترەوەیـت، باشـترە بڵێم خێری لێ ببینیـت. بەلام ئەوە بزانە بتەوێت و نەتەوێت لیکدانەوەکەت ماهییەتی دژە کۆمۆنیسـتیی یەکیتی پەردەپۆش دەکات و پاسـاوێکی تر بۆ هێرشـەکەی دەهۆنێتەوە.

بەڵام پرسیارەکەت دەربارەی ئەوەی، کە مەکتەبی سیاسـی (حککـع) بڕیاری دابێت لە سـەر ناردنەوەی ئـەو واحیدە بۆ ئیران سـەیرە!، چونکە پێویسـتە لای خۆشـت ڕوون بێـت، کـە هیچ کات ئێمە لـە مەکتەبی سیاسـیی (حککـع) هیـچ بڕیارێکمـان لـە سـەر هیـچ کارێکـی ڕوو بـە ئێـران نەبـووە و نـەداوە. بڕیـار لە سـەر جەولـەی ئێـران کار و بڕیـاری حیزبێکـی تـر بـووە، هــەر چەند هاوپەیمانمان بێـت، بەڵام ئۆرگانی ڕابـەری و بڕیـاردەری خـۆی هەیـە، کـە (مەکتەبـی

سیاسـیی حیزبی کۆمۆنیسـتی کرێکاریی ئێرانە). ئایا ئەم ڕاستییە سادەیە ڕۆشن نییە؟!

ئەم گۆڕانە لە نەزەری هاوڕێ سامان و کەسانێکی تر، لە سـەر چۆنێتیی پێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیسـتی تازە نییە. هەڵبەتە ئەمە دەرگایەکی فراوانە بۆ باس و جەدەل، بەڵام ئەم باسە لەو شوێنەوە دەست پێ ناکات، کە ئەزموونی کارەکانی حیزبی کۆمۆنیستیی کرێکاری بخرێتـە ژێر پرسـیارەوە و حوکمـی «ناکرێکاری و نا کۆمۆنسـیتی»ی بـە سـەردا بدرێـت. ڕەخنەگرتـن لـە کۆمۆنیزمـی کرێـکاری بڤە نییە، بەڵام لێرەوە دەسـت پـێ نـاکات و نابێ بخرێتـە ناو چوارچێـوەی نەفرەتی ئیـدەی ئەو کەسـانەی جۆرێکی تـر بیر لە پێک هێنانی حیـزب دەکەنەوە، بەڵکوو پێویسـتە نیشـانمان بدەیت، ئـەو حزبـەی لـە نیـاز، نەخشـە و فیکـری تـۆ دایـە، چـۆن پێـک دێـت و پێکهاتەکانی بەرجەسـتە کەیتەوە. کەسـانێک پێیـان وایە، کـە حەتمەن دەبێـت پرۆلیتاریا خۆی حیزبی خۆی دروست بکات، ئەمە جێگای باسە، بەڵام لایەنگرانی دەبێ ڕوونی بکەنەوە، کە ئەمە چۆن و کەی دەبێت؟ هەروەها ڕوونی بکەنەوە، کە کرێکاری و کۆمۆنیسـتی بوونی خۆیان، کـە هیچ پێوەندییەکیان بـە پرۆلیتاریاوە نییە، لە چیدایە؟ پێویسـتە ئەزموونی

پراکتیکیی پێک هێنانی ئەو جۆرە لە حیزب بەرجەستە و عەمەلی بکرێتەوە، بە هەمان شێوەش، بۆ باسکردن لە سەر حیزب و دەسەڵات. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە، تەنها لە ئاستێکی سەتحی و بۆچوونێکی سنورداردا دێت و دەچێت، بەڵام لە ئەنجامدا ئەوەی دەیبینین، تەنها بە هێرشکردنە سەر لینین، کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حیکمەتدا خۆی دەنوێنێت، نەک ڕۆشنکرنەوە و گرتنەبەری ڕێڕەوەکانیان، هەروەها گوتومە دەمێکە کەسانی تر پێک هێنانی ئەو جۆرە لە حیزبیان داوەتە دەست قەدەری خەیاڵاتی ئەو سۆشیالیزمەی خۆیان پێدا هەڵواسیوە، هەر بۆیە تەواوی پرسیار و باسەکانیان لێپرسینەوەیە لە دروستی و نادروستیی کار و هەڵسوڕانی حیزب. پێوانە کردن بۆ حیزب لە زیهنی خۆتدا بە کۆمۆنیستی یا ناکۆمۆنیستی، بە کرێکاری یا نا کرێکاری، باسێکی بێ ئاکامە. مەیدانی ئاوێزان بوون بە هەڵسوڕان و خەباتی کرێکارییەوە زۆر فراوانە بۆ ئەوەی کرێکاری بوون و کۆمۆنیست بوونی خۆت لە بەرانبەر کەسانی تردا بسەلمێنیت، بەڵام ئەوە ڕۆشنە، کە لە «هاوچەرخ» بوونەوە دەست پێ ناکات و سەریش ناگرێت.

ئاماژەم بەوە داوە، کە سامان و دوو هاوڕێکەی نەیان گوتوە مەنسور حیکمەت «مارکسییەکی هاوچەرخە»، بەڵام سامان باز بە سەر ئەو بەشەدا دەدات، کە دەڵێم سەیرەکە لەوەدایە ئەوان خۆیان بە «هاوچەرخ» ناو دەبەن، واتە گەر ئەوانەی بە هەڵە «مارکسیزمی هاوچەرخ»یان بۆ مەنسور حیکمەت بە کار هێنابێت، واتە ئەمەی سامان و هاوڕێکانی لایەنێکی کۆمیدیی ئەو هەڵەیەیە، کە بە خۆیان دەڵێن «هاوچەرخ»، ئەمەش دەچێتە ناو بابی تێ نەگەییشتن لە پێوەندیی نێوان تیۆری و پراکتیکەوە.

هاوڕی سامان لە بارەی شەڕی ئەفغانستان و موسڵەوە ڕەخنەکەی خۆی ڕوون نەکردوەتەوە، بەڵام بە کورتی هەڵوێستی ئێمە لە هەر دوو شەڕەکەدا جێگای شانازییە. ئێمە سەرئەنجام دژی هەر دوو شەڕەکە ڕاوەستاین و بە تایبەت لە شەڕی موسڵدا جەدەلی توندمان لەگەڵ هەموو ئەو لایەن و کەسانە کرد، کە بە هەر پاساویک لایەنگری شەڕیان کرد یان بە پۆزەتیڤ هەڵیانسەنگاند. بەڵام وەستانەوەی ئێمە دژی ئەو شەڕانە لەبەر ئەوە نەبوو، کە مخالەفی بین ئەگەر مەسەلەکە لێدان لە تاڵیبان و داعش و تەفروتونا کردنیان بێت، بەڵکوو لەو ڕوانگەیەوە بوو، کە بە

تایبەت لە شەڕی موسڵدا، لە ژێر ناوی «جەنگ دژی تیرۆر» و داعش و لە ڕاستیدا بۆ تەسفییە حیساباتی نێوان جەمسەرە جیهانییەکان، شارێکیان بە سەر دوو ملیۆن هاوڵاتیی مەدەنیدا خاپور کرد. ئەگەر هاوڕێ سامان قسەیەکی هەیە لە سەر هەڵوێست و سیاسەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بە تایبەت لە سەر شەڕی ئەفغانستان، دەبێت زەحمەت بکێشت ڕەخنە لە (دنیا دوای (11)ی سێپتەمبەر) بگرێت. چونکە بە نقورچ گرتن و پرسیاری نالۆژیکی، وەڵامی ئەوە مەسەلەیە نادرێتەوە.

دەربارەی ڕیفراندۆم، بەڵێ بە شانازییەوە ئێمە بە توندی لە پشتی ڕاوەستاین، وەکوو ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەی کورد. بێ گومان چارەی ئەم کێشەیە، نەک خودی ڕیفراندۆم، کۆمەکی دەکرد بە شەفافیەتی خەباتی چینایەتی لە کوردستان و زەمینەشی خۆش دەکرد بۆ نەمانی نەفرەتی قەومی و دووبەرەکی نێوان کرێکاری کورد و عەرەب. بەڵام بە گەلەکۆمەی دەوڵەتان و دەسەڵاتی ناوەندی، مەسەلەی سەربەخۆیی و بزوتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان لەم بڕگەیەدا بە زەبری چەک شکست درا. مەسەلەی کورد، وەکوو ئەنجامی دەیان ساڵ

ستەم، سەرکوت و کۆمەڵکوژی بووە بە گرێیەکی شێرپەنجەیی. ڕیفراندۆم بەدەر لەوەی کێ بانگەوازی بۆ کردوە، گونجاوترین ڕێگاچارە و مافێکی بێ ئەملا و ئەولای خەلکی کوردستانە. ئەمە وەڵامی منە بۆ هاوڕێ سامان، بەڵام لێرەدا پرسیارێکی سەرەکی، کە ڕووبەڕووی ئەوە، ئەوەیە، کە ئاخۆ سەرکوتی ڕیفراندۆم و خواستی سەربەخۆیی، چ قازانجێکی هەبوو بۆ پرۆلیتاریا، کە تۆی دلگەرم و دڵخۆش کردوە؟ سەرکوتی ڕیفراندۆم بە زەبری چەک، میلیشیا و گەلەکۆمەی دەوڵەتان هیچ بەڵگەیەک لە سەر نادروستیی ڕیفراندۆم بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە دەستەوە نادات، بەڵکوو تەنها حەقانییەتی ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە خەڵکی کوردستان لە بەرپاکردنی ڕیفراندۆم و بڕیاردان لە سەر جیابوونەوە لە سەر حەق بوون.

(2022/8/11)

(7)

# چەند هەنگاوێك لە ڕاستای ململانێی جەمسەرەكاندا، بە قازانجی چین و ڕووسیا

ئـەوەی لـە شـەڕی نێـوان ڕووسـیا و ئۆکرانیادا دەگوزەرێ، واشنتۆنی خستوەتە بەردەم ستراتیژێکی نارۆشـن بەرانبەر بـە ئۆکرانیا. هەموو پێوەرەکانیش ئـەوە دەردەخەن، کە ئۆکرانیا توانای پێشـکەوتنی لە شەڕەکەدا لە دەست داوە، بەو پێیەی تواناکانی نزیکە لـە نەبوون، ئومێدی سـەرکەوتن تەواو لە تاریکیدایە بـۆ ئۆکرانیا. هـەر بۆیە هاوپەیمانەکانـی لە خۆرئاوا، ئیتـر ئـەو جـۆش و خرۆشـەیان بـۆ سـەرکەوتنی ئۆکرانیـا شـەڕەکە نەمـاوە. واشـنتۆنیش تـا ئـەو ڕادەیەی کە قەناعەتی بەوەیە ڕووسـیا لەم شـەڕەدا سـەرکەوتوە، پێیـان وایـە دەبێت سـەرۆکی ئۆکرانیا ئەو ڕاسـتییە قەبووڵ بکات. گەر پێمان وا بێت ئێسـتا جیهان بە جۆرێک لە شەڕدایە، بە تایبەتی سیناریۆی ئەو شـەڕەی ئیسـرائیل دژ بە خەڵکی غەززە پیادەی دەکات، ئەوا تایبەتمەندیی سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان لە ئێستادا دیاریی دەکات. ئەمریکا بە هۆی بێتوانایی و پاشەکشـەی ئۆکرانیـا لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی لەشکرکێشـی ڕووسـیادا، زیاتـر جەخـت لـە سـەر پشتیوانیی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە دەکات، چونکـە چـاوەڕوان دەکرێت ئەو شـەڕەی ئیسـرائیل درێژخایـەن بێـت. گـەر ئەمریکا ڕاسـتەوخۆ دەسـت

تێوەردان نەکات، ئەوە ئاشکرایە، کە پێگەی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا دەکەوێتە بەر پاشەکشە و شکستی زیاترەوە.

شەڕەکەی ئۆکرانیا، لە ئەیلولی (2022)ەوە بە هەموو پێوەرە پەسەندکراوەکانەوە لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە بە قازانجی ڕووسیا ڕۆیشتوە. ئێستا ڤلادیمێر پوتین کۆنترۆڵی خێراییی یارییەکەی کردوە. واشنتۆن لە شەڕی ئێستایدا زیاتر پێویستی بەوەیە تەقەمەنی و خەرجی شەڕی ئیسرائیل دابین بکات. ناچار بوو ئۆکرانیا لەو پێداویستییانە بێبەش بکات، کە پێش دەستپێکردنی شەڕی غەززە بۆی دانرابوو. ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی بەرچاوی پێگەی سەربازیی ئۆکرانیا لە بەرانبەر ڕووسیادا. لە هەمان کاتدا، چین توانای ڕووسیا بۆ بەردەوامبوونی شەڕ دەباتە سەر. شی جین پینگ سەرۆکی چین، جەختی لە سەر هاوبەشییەکی بێ سنوور لەگەڵ ڕووسیادا ڕاگەیاند و دانی بەوەدا نا، کە هەر دوو وڵات بەردەوام دەبن لە کارکردنی پێکەوەیی دژی ئەو بلۆکە سیاسییانەی کە ئەمریکا پێشڕەوییان دەکات. لە لایەکی ترەوە چین لە چەند ڕوویەکەوە سوود لە ململانێی جیهانی

وەردەگرێـت و لـە هەمـان کاتدا، پاڵپشـتیی ڕووسـیا و ئێران دەکات. هەروەها سـەرکەوتنی پڕوپاگەندەی نێودەوڵەتی بە دەست دەهێنێت لەو ناوچانەی جیهان، کە لایەنگری دەست تێوەردان و سیاسەتی دەرەوەی بلۆکی خۆرئاوا نین. لە لایەکی تریشەوە، فشارەکانی بۆ سـەر تایـوان، ژاپۆن و فلیپین چڕتـر کردوەتەوە. گەر کەمێک لە سـەر پێوەندیی ئابووریی نێوان چین و ڕووسـیا وردبینـەوە، دەبینین قەبـارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان پەکین و مۆسکۆ لە ماوەی ئەم ساڵدا بـە ڕێژەی لە سـەدا (30) زیادی کردوە. پێشـبینیش دەکرێـت قەبـارەی ئاڵوگـۆڕی ئابووریی نێـوان هەر دوو وڵات لـە مـاوەی هەمـان سـاڵدا لـەو ژمـارە پێوانەییـیە زۆر زیاتـر بێـت، لەوەی سـاڵی ڕابردوو، کە بە (190) ملیار دۆلار تۆمارکرابوو. ئێسـتا زیاتر لـە یەک لە سـەر سـێی کـۆی هەناردەکردنـی نەوتی ڕووسـیا بۆ چین دەڕوات. ئەمەش دڵنیایی دەدات لە بەردەوامیی ڕۆیشـتنی پارە بۆ حوکوومەتی ڕووسیا بـۆ دابینکردنی داراییی شـەڕەکەی لـە ئۆکرانیا. چین بووەتە یاریزانێکی سـەرەکی لە بازاڕی بەکاربەرانی ڕووسـیادا. لـە سـەدا پەنجـای فرۆشـی ئۆتۆمبێل لە بـازاڕی ڕووسـیا ئۆتۆمبێلـی دروسـتکراوی چینییە.

ئـەم جـۆرە لە ئاسـتی پێوەندیی ئابووری، ئەو سـزا ئابوورییانەی ئەمریکا دەیەوێت بیسـەپێنێت، پوچەڵ، بێمانا و بێ کاریگەر دەهێڵێتەوە.

سـەرقاڵبوونی ئەمەریـکا بـە پشـتیوانیکردنی شـەڕەکانی هاوپەیمانەکانـی لە جیهانـدا، دەرگایەکی ئـاواڵای بـۆ چیـن دابیـن کـردوە، کـە جموجۆڵـە سـەربازییەکانی لـە هـەر دوو دیـوی زەریـای هێمن چڕتـر بکاتـەوە. لـە ڕووی سیاسـییەوە، کاتـێ چیـن پاڵپشـتیی هاوپەیمانەکانـی بـکات لـە ئەورووپـا و ناوەڕاسـتی خۆرهەڵاتـدا، ئەمەش پێگەی واشـنتۆنی لـە گۆڕەپانـی نێودەوڵەتیـدا وەک جەمسـەرێک لاوازتر کردوە. ئەو هێرشـانەی لە ڕێگەی ڕێکخراوە پاشـکۆکانی ئێرانـەوە لە ناوچەکـەدا لە دژی ئامانجە ئەمریکـی و ئیسـرائیلییەکان دەسـتی پـێ کـردوە، ئەگـەری زۆرە مـەودای ململانێـکان لـە خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت فراوانتـر بـکات و سـەرگێژەی زیاتـر بـۆ ئەمریکا دروسـت بـکات. لە لایەکی تـرەوە، چین خۆی وەک ناوبژیوانێکی دادپەروەرانە بۆ ئاشـتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا پیشان دەدات، بە پێچەوانەی ئەمریکا، کە بە ئاگری بنکای ئەم شەڕانە دادەنرێـت. جگـە لەوەش باس لەوە دەکرێت، کە چین

یارمەتیی ئێران دەدات بۆ پەرەپێدانی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی و هەناردەکردنی بۆ ڕووسیا، جەختی لەوەش کردەوە، کە ڕووسیا بەشێکی سەرەکییە لە ستراتیژە درێژخایەنەکەی بۆ پەرەپێدانی هاوبەشییەکی ستراتیژیی هەمەلایەنە لە نێوان چین و ڕووسیا. چین و ڕووسیا، وەک هاوبەشێکی پتەو لە پرۆژەی خۆیاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هاوپەیمانیی ئەمریکی و دامەزراندنی نەزمێکی جیهانی خۆیان وەک جەمسەرێک بە بەدیل دەبینن. بۆیە سەرکەوتنی ڕووسیا لە شەڕی دژی ئۆکرانیا، بووەتە ئەولەویەتی سەرەکی بۆ چین.

لە هەمان کاتدا، ئێران بەرەو ستراتیژێکی هێرشبەرانە و بەهێزکردنی «میحوەری خۆڕاگری» لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاو دەنێت. لە کاتێکدا، ڕێکخراوەکانی هاوپەیمانی تاران هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئیسرائیلییەکەیان لە ناوچەکەدا. لە سایەی هاوکارییەکانی چین، ئێران دەتوانێت بۆ ماوەیەک بەردەوام بێت لە دابینکردنی دارایی ستراتیژیی خۆی. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، هەناردەی نەوتی ئێران بۆ چین گەڕاوەتەوە بۆ ئاستەکانی پێش سەپاندنی

سزا نێودەوڵەتییەکان بە سەر تاراندا. هاوردەکردنی نەوتی ئێران، لە کۆتاییی ساڵی ڕابردوودا بۆ چین گەییشتە ئاستێکی پێوانەییی نوێ. بووەتە گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی ئێران. لە هەمان کاتدا، پەکین پاڵپشتی سەربازی و دیپلۆماسیی تاران دەکات. ئێران بە هاوکاریی چین بە فەرمیی پێوەندیی بە ڕێکخراوی هاوکاریی شەنگەهای کرد، کە بلۆکی ئەمنییە بە سەرۆکایەتیی چین و ڕووسیا. هەروەها پێوەندییە سەربازییەکانی نێوان پەکین و تاران لە گەشەکردن دایە. ئێران لەم دۆخەدا، ئێستا پشت بە چین دەبەستێت وەک دەمەوانە (صمام)ی سەلامەتیی ئابووری.

ئیدارەی بایدن هیچ ئاماژەیەک نابینێت، کە سەرۆکی ڕووسیا ئامادەیە بۆ دانوستان لەگەڵ ئۆکرانیا. بەرپرسانی خۆرئاوا پێیان وایە، کە پوتین هێشتا پێی وایە دەتوانێت «چاوەڕوانی خۆرئاوا» بکات، یان بەردەوام بێت لە شەڕکردن تا ئەو کاتەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پشتیوانیی ناوخۆیی بۆ دابینکردنی بودجەی ئۆکرانیا لە دەست دەدەن. ئۆکرانیا لە شەڕێکی درێژخایەندا گیری خواردوە. زیلێنسکی دان بەوەدا دەنێت، کە ڕووسیا باڵادەستیی

لـەوەدا هـەیـە. لە هـەمـان کاتدا، تەواو نیگـەران و بێ ئومێدە لەو دۆخەی، کە ئەمریکا و خۆرئاوا پاشەکشە و بنبەستی ئۆکرانیا قەبووڵ دەکەن. بەڵام زیلێنسکی زارەکیـش بێـت، پێداگـری لە سـەر ئـەوە دەکات، کە ئۆکرانیا هیچ بژاردەیەکی تری نییە جگە لە پاراستنی پێشـڕەویی خۆی بە مانەوە لە هێرشـبردندا، تەنانەت ئەگـەر ڕۆژانـە تەنهـا چەنـد مەترێـک بجوڵێـت. بـە جیـا لـە نیگەرانییەکانی نێـوان بەرپرسـانی ئەمریکی و ئەورووپـی، کـە شـەڕەکە گەییشـتوەتە بنبەسـت، هەروەهـا ئۆکرانیـا لەگـەڵ فراوانکردنـەوەی هێـزی سەربازیدا کێشـەی هەیە، لەم دواییبیانەدا نارەزایەتیی گشتیی بە خۆیەوە بینیوە لە سەر هەندێک لە مەرجە ئاشـکراکانی بـۆ فراوانکردنـەوی هێـزی سـەربازی، کە لە لایەن زیلێنسـکییەوە سـەپێنرا. لە هەمان کاتدا، ئـەوەش ئاشـکرایە، کـە ڕووسـیا لـە ڕووی توانـای سـەربازی، کەرەسـتە و کۆکردنـەوەی چەکـەوە باڵادەسـتیی سـەربازیی بـە سـەر کییڤدا هەیـە، بۆیە فراوانکردنـی شـەڕەکە و بەردەوامیدانـی، چـی تـر بژاردەیـەک نییە بـۆ ناتۆ. پێم وایە لەم نێوەدا ئەوەی هـۆکاری سـەرەکییە، کـە پۆتیـن چـاوەڕوان دەکات، ئۆکرانیـا، ئەمریـکا و خۆرئـاوا شکسـتی خۆیـان لەم

شەڕەدا ڕا بگەیەنن، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەو ناسەقامگیرییە مەترسیدارەی کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە تووشی بووە و لە بەردەم دۆخێکی دژواردایە. هەروەها وا پێ دەچێت پۆتین بیەوێت لەم فەزایەدا فرسەت بە بایدن و ڕاوێژکارەکانی بدات، بۆ ئەوەی لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بنیامین ناتانیاهۆدا بن، ئەو قەیرانە مرۆییە دڵتەزێنەی ئێستا لە غەززەدایە، بە جۆرێک بخەنە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکاوە.

دۆخی ئێستای جیهان لە چڕی ئەم ململانێیەدا، بلۆکە ئیمپریالییەکان ئەو ئاقارە نیشان دەدەن، کە کۆتاییی باڵادەستیی ئەمریکای تیا بەرجەستە بووەتەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بینیمان، کە پێشبینییەکان سەبارەت بە دابەزینی ئەمریکا گەییشتوونەتە لوتکە و پێ دەچێت هەژموونی ئەمریکا لە ڕاستیدا گەییشتبێتە کۆتایی. لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان و ڕادەستکردنەوەی بە تاڵیبان، دوای (20) ساڵ لە شەڕ و خەرجکردنی (2) تریلیۆن دۆلار لە گەنجینەی ئەمریکا، ئێستا خۆری دەسەڵاتی ئەمریکا ئاوا بووە. ئەوەش، کە دەیانوت؛ «بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، ئەمریکا دوا

زلهێـزی جیهـان دەبێت»، بەڵام دوای  (30) سـاڵ و سـەرهەڵدانەوەی بلۆکی تر، گەرمبوونـی ململانێکان لـە بەرابـەر ئەمریـکادا، بە تایبەتی لە لایەن ڕووسـیا و چینەوە، ئەو پێشـبینییەی، کە ئەمریکا دوا زلهێزی جیهـان دەبێت، پێشـبینییەکی نادروسـت و پێچەوانە بوو، چونکە لە کۆتاییدا لەگەڵ شکسـتەکانی ئەمریکا لە شـەڕە بێ کۆتاکانیدا، ئەمریکا گازێکی گەورەتری لە دەمی خۆی دەرهێناوە و کەوتوەتە ژێر فشارێکی تونـدەوە، لە لایەکی تریشـەوە، تـەواوی زلهێزەکانی لـە ململانـێ و ڕکابەریـدا پێـش بە یەکتـر دەگرن، لە کۆتاییدا دەیانەوێت تۆپەکە لە دەستی ئەمریکا بهێننە دەرەوە، لـە ڕاسـتیدا دەبینیـن، خەریکە هاوسـەنگیی هێـزی جیۆپۆلەتیکـی لـە واشـنتۆنەوە بـەرەو میحوەرێکی تر دەگۆڕێت، بۆ مۆسـکۆ، پەکین، تاران، ئەمەش ئاڵوگۆڕێکی سەرنجڕاکێشـە، بەرەو ئەوەمان دەبـات، کە بڵێین جیهان، بە «ئەمریکی- سـەنتەری» دەوری نەمـاوە و زیاتـر لـە فـرە جەمسـەریدایە، کە ململانێـی جەمسـەرەکان نیشـانی دەدەن، کـە دنیـا ئێسـتا لـە دووبارەبوونەوەی پەرەسـەندنی ململانێی بلۆکەکانـدا دەردەکەوێتـەوە و لـە چوارچێـوەی نەزمێکی سـەرمایەداری دایە، کە فۆرمۆڵەکەی ڕۆشن

نییـە. ئاخـۆ هەر بلۆکی یا جەمسـەرێک نوێنەرایەتیی کام مۆدێل لە پێوەندییەکانی سەرمایەداری دەکات.

هیـوادارم ئـەم وتارە لە لایەن کۆمۆنیسـتەکانەوە وەک سـەرەتایەک بێـت بـۆ قسـەوباس لە سـەر ئەو ئاڵوگۆڕ و پێشـهاتانەی دنیای سـەرمایەداری، کە لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەوە دەورانێکی جیاوازی لە خۆ گرتوە.

(2023/12/10)

## (8)

# هەنگاوێك بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە!

عوسمانی حاجی مارف (ئەمجەد غفور) و

موحسین کەریم- نۆڤەمبەری (2018)

لـە گفتوگۆیەکی هاوڕێ موئەیەد ئەحمەددا، کە لە «الحـوار المتمـدن»دا بڵاو کراوەتەوە، سـەبارەت بە مێـژووی ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت) وێنایەکی نادروسـت دەخاتـەڕوو، بـەوەی کـە (ڕەوت) لـە ناو ئەڵقەی مەحفەلیزمدا گەمارۆ دەدات و لایەنێکی لاوازی کاری سیاسـی و ڕێکخراوەییی (ڕەوتی کۆمۆنیست) دەکاتە هەموو خەسـڵەت و مێژووی ڕێکخراوەکە، لە کاتێکدا (ڕەوت) خۆی وەکوو بەشێک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیسـتی کرێـکاری لـە عێراقـدا دەناسـاند و لەو ئاڕاستەیەشـدا هەنگاوی گەورەی هاویشـتبوو، بەڵام هـاوڕێ موئەیـەد، ئەو دیـوە پرشـنگدارەی (ڕەوت)، کە جێ هێشـتنی دنیای کۆنی مەحفەل و شێوەکاریی مەحفەلی و پەیوەستبوون بوو بە پرۆسەی پێکهێنان و بنیاتنانـی حیزبی کۆمۆنیسـتی کرێکاریی عێراقەوە پەردەپۆش و بێ بایەخ دەکات! بە ناوی بەرگریکردن لە (ڕەوتی کۆمۆنیسـت) و خەتی سیاسـی و سونەت و ڕابردووی سیاسییەوە، وێنایەک لە (ڕەوت) دەدات بە دەستەوە، کە لە سەنگەری مەحفەلیزم و خۆ لادان لە تەحەزوبی کۆمۆنیسـتی و بگرە دژ وەسـتانەوەی قـەراری گرتبێت! ئەمە ناهەقییەکی گەورەیە بەرانبەر بە مێژووی (ڕەوتی کۆمۆنیست)!

ئـەو وێنایـەی هـاوڕێ موئەیـەد لە سـەر (ڕەوتی کۆمۆنیست) دەیدات بە دەستەوە، ئەگەر تۆزقاڵێکیش لێکچوونـی لەگـەڵ واقیعیەتـی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) هەبێت، ئـەوە جـارێ ئـەو (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) ەیـە، کـە هێشـتا دوو ئاڵوگـۆڕی گەورەی بە سـەردا نەهاتـوە؛ یەکـەم: قەبووڵکـردن و پێداگریـی لە سـەر هەڵسەنگاندنی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ جەنگی کەنداو و ڕووداوەکانی ئازاری ساڵی (1991)، دوەم: بڕیاری مێژوویی بۆ کۆتایی هێنان بە دەورانی کاری مەحفەلی و بەشـداریکردنی چالاکانـە لە پڕۆسـەی پێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و دەستپێکردنی دەورانی تەحەزوبی کۆمۆنیستی. بۆیە دەڵێین، ئەگەر هـاوڕێ موئەیـەد بـە هاوڕایـی کردن لەگـەڵ (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)دا بەشداری کرد لە دامەزراندنی (حککع) و هەنگاوێکی بۆ پێشـەوە هەڵگرت، بەڵام دوای (25) سـاڵ و دوای ئـەوەی هـاوڕێ موئەیـەد ڕیزەکانـی حیزبـی کۆمۆنیسـتی کرێکاریی عێراق و کوردسـتان جێ دەهێڵی، میلی کاتژمێرەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمە و بە ستایشکردنی نەریت و خەتی سیاسیی (ڕەوت)ی سـەردەمی جەنگـی کەنـداو و (ئەرکـە دەسـتبەجێکان) دوو هەنـگاو دەگەڕێتـەوە بـۆ دواوە!

هاوڕێ وا نیشـان دەدات، کە ئەو باسانەی ڕەخنەیان لـێ گیراوە و لـە لایەن ڕابەری (ڕەوت)ەوە بە خودی هاوڕێ موئەیەدیشەوە پەسەند کران، باسێکی تیۆری و سیاسیی بایەخدار و دروست و کاریگەربوون و بە داخەوە حیزبی کۆمۆنیسـتی کرێکاری، نەک لە سـەر ئـەو خەتـە نەڕۆیشـتوە، بەڵکوو ڕێگری بۆ دروسـت کـردوە و لـە پرۆسـەیەکی مێژووییـدا کردویەتییـە دەرەوەی حیزب!

ئێمـە وەکـوو دوو کـەس لە ڕابەرانـی ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)، کە لە سـەرەتای (ڕەوت)ەوە تا بڕیاری پەیوەستبوونی بە حیزبەوە و کۆتاییی تەمەنی سیاسـیی (ڕەوت)، وەکوو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی، لـە تەنیشـت دەیـان کادری (ڕەوت)دا درێژەمـان بـە خەباتـی حیزبـی و کۆمۆنیسـتی خۆمـان داوە لە ناو حیزبی کۆمۆنیسـتی کرێکاریی عێراق و کوردستاندا، قەبـووڵ ناکەیـن ئـەم مێـژوە پرشـنگدارەی (ڕەوت) لەکـەدار بکـرێ، بۆیـە ئامانجمـان لـە نووسـینی ئەم وتارە ڕۆشـن کردنەوە و ڕێـگا گرتنە لە زەوتکردنی ئـەو دوو هەنـگاو و بڕیـارە مێژووییـەی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت)، کـە هـاوڕێ دەیـەوێ لە مێـژووی ئەو ڕێکخراوەدا بیسڕێتەوە بە ناوی بەرگری لێ کردنی!

## مەحفەلیزم و پڕۆسەی پێک هێنانی حیزب

مەسەلەی ڕاگەیاندن و پێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ساڵی (1993) دا، قۆناغ و پڕۆسەیەکی تەواو تازە و جیاوازی لە هەڵسوڕانی کۆمۆنیستی، سیاسی و حیزبی خستە بەردەم ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ئەو کاتەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاری لە عێراق. پێشتر هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە بە گشتی بەوە گرفتاربوون، کە تەنها لە چوارچێوەی گروپ و ڕێکخراوی بەرتەسک و کاری مەحفەلیدا هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمۆنیستیان بەرنە پێشەوە. بە هۆی ئەو گرفتاربوونەوە، خەبات و چالاکیی سیاسی لە چوارچێوەی مەحفەل و گروپەکاندا، لەبری ئەوەی ئیلهام لە خەباتی چینی کرێکار و کۆمەڵگا و شۆڕشی کرێکاری وەربگرێ، گۆڕابوو بۆ کێبڕکێ لەگەڵ گروپ و مەحفەلەکانی تردا و سایەی کردبوو بە سەر هەڵسوڕانی فیکری و سیاسییاندا. بۆیە کاتێک پڕۆسەی دامەزرانی حیزب و هەڵسوڕان لە حیزبێکی سیاسیی یەکپارچەدا هاتە سەر مێز و بەرنامەی کاری بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی عێراقەوە، تێ پەڕکردنی نەریتە مەحفەلییەکان و خۆ گونجاندن

لەگـەڵ ئـەم دەورە تازە و جیاوازەی کە بڕیاڕبوو بە پێک هێنانی حیزب دەست پێ بکات، کارێکی هەر وا سادە و ئاسان نەبوو. ئاسان نەبوو بە زوویی نەریت و شێوەکارە مەحفەلییەکان تێ پەڕێنرێت و حیزبێکی سیاسـیی یەکپارچـە شـکڵ بگرێـت و بیرکردنەوە لە ڕابەریکردنی چینی کرێکار و کۆمەڵگا بۆ ئەنجامدانی شۆڕشی سۆشیالستی، سەرچاوەی ئیلهامی سیاسی، فیکری، نەریت و شێوەکاری بێت.

ئەم کێشـەیە بەردەوام گرفتێکی سـەختی بەردەم هەڵسـوڕانی سیاسـیمان بـووە و زۆربـەی کات ئاستەنگی بۆ پێش هێناوین، چونکە هەر لە سەرەتای پێک هینانی حیزب و دواتر لە ناو حیزبدا، نەریتەکانی پێشـوو گیانسـەختانە بەرەنگارییان دەکرد و کۆسپ و تەگەرەیان بۆ هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی و سیاسیی حیـزب پێک دەهێنـا. هەر هەنگاوێک چوونە پێشـەوە بـە ئاقـاری شـکڵدان بـە حیزبـی سیاسـی، بـە نـاو گێرمەوکێشـەیەکی زۆردا تـێ دەپەڕی. بەشـێک لەو ماتریاڵە مرۆییەی لە دەوری پڕۆسەی دروستکردنی حیزبـی سیاسـی کۆبووبوونـەوە، بـەڵام بـە کردەوە نەیاندەویسـت یـا نەیاندەتوانی دەسـتبەداری نەریت و شـێوەکارە مەحفەلییەکانـی پێشـووبن، بەرەبـەرە

ڕیزەکانی حیزبیان بە جێ دەهێشت (بێ گومان ئەمە مانـای ئـەوە نییە، هەر کەس وازی لە حیزب هێنابێت بەم هۆیەوە بووە). بەشێکی تری لە ناو حیزبدا مایەوە، بەڵام سـەرقاڵی دووبـارە کردنـەوە و بەردەوامیدان بـوو بـە هەمـان نەریـت، شـێوەکار، ڕوانگـە و بەهـا مەحفەلی و گروپییەکانی پێش پێک هێنانی حیزب. بە تایبەت لە یەک دوو سـاڵی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی حیزبدا، هەمان مەحفەل و گروپەکانی پێش حیزب لە نـاو بەدەنەی حیزب و ڕێکخراوەکانیدا سـەر لە نوێ خۆیـان سـازدایەوە. ئـەم واقیعـە سـەرتاپای حیزبی گرتەوە و هەموو مەحفەلەکانی پێشـووتر بە شکڵ و شـێوازێکی تـازە لە ناو حیزبـدا قەوارەیان بە خۆیان دایەوە.

**بە جێمان لە دەورانی (ڕەوت)ی بەر لە ڕاپەڕینی ئازار**

ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتی ئێمەیـە، وەک دوو کـەس لـە ڕابەرانـی ئەو کاتـەی ڕێکخـراوی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)، قسـەکردنە بـە شـێوەیەکی تایبەتی لە سەر درێژکراوەی مەحفەلیستی (ڕەوتی کۆمۆنیست) لـە ناو حیزبـدا وەکوو یەکێک لە ڕێکخـراوەکان و لە ڕاسـتیدا گەورەترینیـان، کـە لەو سـەردەمەدا چووە

پای پێک هێنانی حیزب. هاوڕێ موئەیەد لە وەڵام بە بەشێک لە پرسیارەکانی ئەو گفتوگۆیەدا دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمانی پێش پێک هێنانی حیزب و باسکردن لـە ڕۆڵ، جێـگا و ڕێـگای (ڕەوتی کۆمۆنیسـت) وەک یەکێـک لـەو ڕێکخراوانـەی کـە لـە چوارچێـوەی دیـدگای مارکسـیزمی شۆڕشـگێڕ و کۆمۆنیزمـی کرێکاریـدا هەڵسـوڕانی سیاسـیی دەبـردە پێشـەوە. هـاوڕێ موئەیـەد لە وەڵامی پرسـیارێکدا سـەبارەت بـە ڕەخنەکانـی لـە حیزبـی کۆمۆنیسـتی کرێکاریـی عێـراق، هەوڵ دەدات وەها نیشـان بدات، کە خەتێکی سیاسـیی جیـاواز و تایبـەت لـە سـەردەمی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت)دا و لە سـەرەتای پێک هینانی حیزب و دواتریـش لە ناو خودی حیزبدا هەبووە. هەروەها لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونەیدا دەچێتە سەر بایەخدان بە دەور و مەوقعیەتی باڵا و جیاوازیی ڕێکخراوەییی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)، کە دەیەوێت ئەوە بسـەلمێنێت (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) لـە چـاو ڕێکخراوەکانـی تری ئـەو کاتـەی پێـش پێـک هینانـی حیـزب، لـە ڕووی تیـۆری و سیاسـییەوە خـاوەن خەتێکی پێشـڕەوتر، باوەڕپێکراوتـر و گونجاوتـر بـووە. بۆیـە هـاوڕێ موئەیـەد دەڵێـت: «(ڕەوتی کۆمۆنیسـت) تا ڕادەیەک

توانی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیی بەهێز دروست بکات، توانی باس و مەسائیلی تیۆری و سیاسی لە پێوەند بەو ئاڵوگۆڕانەی ئەو کاتە لە کوردستان و عێراقدا پێشهات، بخاتەڕوو. هەروەها پلاتفۆرمێکی سیاسی بە ناوی «ئەرکە دەستبەجێکان».. بڵاو کردەوە، کە ئەرکی کۆمۆنیستەکانی لە ناو گۆڕانکارییەکاندا دیاری کرد، بە تایبەتی لە کوردستاندا، بە پێشڕەوییەکی وردبینانەوە تەرحێکی عەمەلی بەرجەستەبوو، کە وای لە کادرەکانی (رەوتی کۆمۆنیست) کرد ئەو مەسەلانە بگوێزنەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و (ڕەوتی کۆمۆنست)یان کرد بە ڕێکخراویکی شایستە و ناسراو لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردستاندا».

ئەوەی لەم وتانەی هاوڕێ موئەیەددا بەرجەستەیە، جێگا و پێگەیەکی تایبەت، بە تایبەتی لە ڕووی تیۆری و خەتی سیاسی و سونەتەکانەوە، دەدات بە (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە بەرانبەر ڕێکخراوەکانی تری پێش پێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. بێ گومان ڕۆلی تایبەتی سیاسی و کرداریی (ڕەوتی کۆمۆنیست) حاشای لێ ناکرێت و جێگای شانازیمانە، هەر وەک لە سەرەتادا جەختمان لە سەری کردوە، بەڵام ئەوەی کە هاوڕێ موئەیەد دەیەوێت لە سەر

ئـەم بنەمایـە لـە نـاو حیزبـدا پێگەیەکـی تایبـەت بـە (ڕەوتی کۆمۆنیسـت) و خەتی سیاسی و ڕوانگەکانی بـدات، بـە هیچ جۆرێک واقعیەتی تیـا نییە. حیزب، بە پێـی ئەو پێشـنیار و تەرحەی کـە پێکهات و ڕابەریی هەمـوو ڕێکخراوەکانی ئـەو کات ڕەزامەندیی خۆیان لـە سـەری دەربـڕی، بە هیـچ جۆرێـک درێژکراوەی خەتـی سیاسـی، نەریـت و ڕوانگـەی هیـچ مەحفـەل و ڕێکخراوێـک نەبـوو بـە (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) یشـەوە، بەڵکـوو هەر لە سـەرەتاوە و لـە بنەڕەتەوە بـە ڕەخنەگرتـن لـە نەریـت و شـێوەکار و ڕوانگـە مەحفەلییەکانـی ئـەو کاتە، چوارچێوەیەکی سیاسـی، عەمەلـی، ڕێکخراوەیـی و نەریتێکـی تـازەی خسـتە ڕوو. واتـە خـودی حیـزب، نەک درێژکـراوە، بەڵکوو لـە سـەر بنەمای ڕەخنـە لە نەریت و بەهـا و ڕوانگە مەحفەلییەکان پێک هات. لەو سـاتەش بە دواوە هەر جۆرە پابەند مانەوەیەک بە نەریت و چوارچێوەکانی پێشـوو، تەنها بـوون بە ڕێگری دەسـتوپاگیر بوو لە بەردەم شـکڵپێدان و بنیاتنانی حیزبێکی سیاسـی، کە ئەرک و هەڵسوڕانی خۆی بە سازدان و ڕابەریکردنی شۆڕشـی کرێـکاری دانابـوو. لـەم بارەیـەوە هەموو مەحفەلەکانی ڕابردوو کۆسـپیان سـاز دەکرد، بەڵام

بـە ڕاسـتی دەوری نەریتـە مەحفەلییەکانـی (ڕەوتـی کۆمۆنیست) لە هەموان بەرجەستەتر و سەرسەختتر بـوو! هەڵبـەت لـەو دەورانـەدا کەس خـۆی نەدەکرد بـە خاوەنـی ئـەو نەریـت و ڕوانگانە. هەمـوان وایان نیشان دەدا، کە نەریت، بەها و ڕوانگەکانی پێشووی سـەردەمی بـەر لـە حیزبیـان تـێ پەڕانـدوە!، بـەڵام ئێسـتا هاوڕێ موئەیەد، کە دوای تەمەنێکی سیاسیی دوورودرێژ، ئارەزوومەندانە ئاڵای رابەریی ئەوانەی بـەرز کردوەتـەوە، مانـای ئەوەیـە بـە دەمـی خـۆی دان بـەوەدا دەنـێ، کـە لە نـاو حیزبـدا نوێنەرایەتیی مەحفەلیزمـی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت)ی کـردوە! بـەم شـێوەیەش بێتوانایی سیاسیی خۆی لە مەیدانی کار و نەریتی حیزبی و حیزبیەتدا ڕاگەیاندوە و پێداگریی لە سەر دەکات!

هـاوڕێ موئەیـەد بە داتاشـینی خەتی سیاسـی و فیکریـی جیاوازی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت) لـە بەرانبەر ڕێکخراوەکانی تردا، تەحەزوبی سیاسیی کۆمۆنیستی دەکاتە قوربانیـی مەحفەلیزم، بەڵام ئەمە ناهەقییەکی گەورەیـە هـاوڕێ موئەیـەد بەرانبـەر بـە (ڕەوتـی کۆمۆنیست) دەیکات! ئەگەر ئەنجامگیری لە لۆژیکی باسـە تیـۆری و سیاسـییەکانی هـاوڕێ موئەیـەد

بکەین، کە دوای (27) ساڵ بۆیان گەڕاوەتەوە، وە ئەو باسانە لە لایەن کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە لە کاتی خۆیدا ڕەخنەیان لێ گیرا و ڕابەریی (ڕەوت) و بگرە بەدەنەی ڕێکخراوەییی (ڕەوت)یش، وەکوو بەشێک لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری لە عێراق قەبووڵیان کرد، بەوە دەگەین، کە هاوڕێ موئەیەد (ڕەوتی کۆمۆنیست) دەخاتە دەرەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، چونکە ئەو کات نە (ڕەوتی کۆمۆنیست) و نە ڕابەرییەکەی پێیان وا نەبوو، کە دوو خەتی سیاسی و فیکریی جیاواز لە ناو (ڕەوت)دا هەیە، بەڵکوو تەنها یەک خەتی سیاسی و فیکری بوونی هەبوو، کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بوو. (ڕەوت)یش بە توندی پابەندبوونی خۆی بەو بزوتنەوەیە ڕاگەیاندبوو، وە بەرگریی لێ دەکرد. ئاساییە هاوڕێ موئەیەد خۆی لەو مێژوەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بێبەری بکات و پەشیمان بێتەوە، بەڵام ئەو مافەی نییە، بە ناوی داتاشینی خەتی فیکری سیاسییەوە، دوو جۆرە (ڕەوت) دروست بکات. (ڕەوتی کۆمۆنیست) تەنها ئەو (ڕەوت)ەیە، کە چووە پای پێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە و بە ڕاگەیاندنی فەرمیی ئەو پەیامەی بە

بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری و کۆمەڵگای کوردستان ڕاگەیاند! ئێمە خۆمان بە درێژە پێ دەری ئەو پەیامەی (ڕەوتی کۆمۆنسیت) دەزانین و شانازیی بە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەییمانەوە دەکەین لە ناو (ڕەوتی کۆمۆنیست)دا تا کۆتایی هاتن و پەیوەستبوونی بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە.

**ستایشی مەحفەلیزم**

لە شوێنێکی تردا، هاوڕێ موئەیەد ئاماژە بەوە دەکات، کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نەیتوانی ئەو سونەتە عەمەلی و سیاسییەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بگوێزێتەوە بۆ ناو حیزب، لە کاتێکدا، ئێمە ڕابەرانی ئەو کاتەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بە هاوڕێ موئەیەدیشەوە، ئەو پڕۆژەیەمان ئیمزاکرد، کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە دابڕان لە سونەتە عەمەلی و سیاسییەکانی پێشوو، لەوانەش سونەتە عەمەلی و سیاسییەکانی (ڕەوتی کۆمۆنیست)، نەک گوێزانەوەیان بۆ ناو حیزب! هیچ کاتیش لە هیچ جێگایەکی فەرمیدا، نە هاوڕێ موئەیەد و نە هیچ یەک لە ڕابەرانی تری (ڕەوتی کۆمۆنیست) بە

یەک ڕستەش ڕاشکاوانە پێداگرییان لە سەر ئەم تێزەی ئیستای هاوڕێ موئەیەد نەکردوە. تەنانەت ئەگەر ئەو کات مەسەلەیەکی وا بدرایەتە پاڵ هاوڕێ موئەیەد، کە دەیەوێ «سونەتە عەمەلی و سیاسییەکانی ڕەوت بگوێزێتەوە بۆ ناو حیزب»، هەر بۆ خۆی وەکوو تۆمەتێکی مەحفەلیستی هەژماری دەکرد و ڕەتی دەکردەوە. بۆیە ئەم تێڕوانینەی هاوڕێ موئەیەد، تەنها دەکرێت وەکوو گەڕانەوە بۆ دەورانی بەر لە دامەزراندنی حیزب و تەنانەت پەشیمانبوونەوە لە پێک هێنانی حیزب لە قەڵەم بدرێت.

ئەوەی پێویستە سەرنجی بدەین و ڕۆشنی بکەینەوە، لەم ئاڕاستەیەی هاوڕێ موئەیەد پشتی پێ دەبەستێت بۆ جیاوازییەکانی وەکوو نوێنەری خەتێکی سیاسی و فیکریی جیاواز و تایبەت لە ناو حیزبدا، هەر چەندە مەبەستی ئێمە نییە لەم نووسینەدا بچینە ناو وردەکاریی ئەو باسانەوە و ڕۆشنیان بکەینەوە، ئەوەیە کە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی باسە تیۆری و سیاسییەکانی ئەو کاتەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) و دەوری ئەو باسانە، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ

ئاشکرا دەبێت، کە ئەو جیاوازییانەی هاوڕێ موئەیەد ئاماژەیان پێ دەکات، بەردەوامیدانە بە لێکدانەوە و بۆچوونێکی سیاسی، کە لە کاتی خۆیدا ڕەخنەیان لێ گیرا و بە بنبەست گەییشتن! لە لایەن ڕابەریی ئەو کاتەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) ەوە، بە هاوڕێ موئەیەدیشەوە، درەنگ یا زوو ئەو ڕەخنانە قەبوول کران. ئەمەش بەو مانایە نییە، کە ئێستا هاوڕێ موئەیەد ناتوانێ و بۆی نییە، لەو ڕەخنانەی لە مەسەلە تیۆری و سیاسییەکانی (ڕەوتی کۆمۆنیست) گیراوە، پەشیمان بێتەوە، بەڵام گەڕانەوە بۆ ڕەخنەگرتن لەوەی قەبوولمان کردوە، جیاوازە لەوەی مێژووی واقیعی ئینکار بکەیت و وا نیشان بدەیت، کە (ڕەوتی کۆمۆنیست) بەو باسە تیۆری و سیاسییانەی ڕۆڵێکی پێشڕەویی بینیوە. پێمان خۆشە لە لایەن هاوڕێ موئەیەدەوە ئەو خاڵە ڕۆشن بکرێتەوە، کە ئاخۆ ئەوەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) لەباری تیۆری و سیاسییەوە ڕۆڵی پێشڕەو و کاریگەری دیووە، دوای ئەوەی خۆشی لە کاتی خۆیدا ئەو ڕەخنانەی قەبووڵ کردوە، کە لەو باسە تیۆری و سیاسییانە گیراوە، چ ڕۆڵێکی هەیەو چ گرێکوێرەیەکی سیاسیی بۆ دەکاتەوە!؟

**پێگەی (ڕەوتی کۆمۆنیست)**

ئێستا باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتەی، کە هاوڕێ موئەیەد پێی وایە (ڕەوتی کۆمۆنیست) ڕۆڵێکی تا ڕادەیەک جیاوازی لەباری تیۆری و سیاسییەوە بینیوە. پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو باسە تیۆری و سیاسییانەی کە هاوڕێ موئەیەد وەک خاڵێکی بەهێزی خەتی سیاسیی (ڕەوتی کۆمۆنیست)ی پێناسە دەکات و لە هەمان کاتدا، دەیکاتە سەرەتای جیاوازییەکانی خۆی و خەتێکی تر لە پاڵ کۆمۆنیستی کرێکاری و پرسی پێک هێنانی حیزبدا.

بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەو خاڵە بکەین، کە پێمان وا نییە کەسێک هەبێت لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا، کە گومان لە ڕۆڵ، ناوبانگ، جێگا و ڕێگای گرینگی (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەو کاتەدا بکات یان بە فەرامۆشیی بسپێرێت یان بە کەمی بگرێت؛ یەکەم لەبەر ئەوەی کە لە باری ڕێکخراوەییەوە فراوانتر، تۆکمەتر و پتەوتر و لە کاری نهێنیدا کارامە بوو، دواتر بە دانانی بارەگای چەکداری دەبێتە ڕێکخراوێکی ناسراو لە ناو کۆمەڵگەدا. ئەم دوو خاڵە لە بەرجەستەترین لایەنە

پێشـڕەوی و ئەرێنییەکانـی پێگـە و ڕۆڵـی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) بـوون. ئەگەر مەبەسـت گواسـتنەوەی ئـەم پێشـڕەوییانە بێـت بـۆ نـاو حیـزب، ئـەوە بـە کـردەوە بینیمـان، کـە ئـەم جهەتگیرییانە لـە حیزبدا پەسـەندکران و پێداگرییان لە سـەر کرا، لە کاتێکدا، پاشـماوەی مەحفەلیزمی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)، نەک لە سـەر ئەمانە، بەڵکوو وەکوو هەموو مەحفەلەکانی تر، زیاتر لە سـەر ئەوە پێداگریی دەکرد، کە بەشـی خۆی لە کورسییەکانی ڕابەریی حیزبدا چەند دەبێت! تەنانەت مەسـەلەی دانانی بـارەگای چەکداری، هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنی حیزبەوە پەسـەندکرا و هەنـگاوی بـۆ نرا، لە کاتێکـدا، دوای چەند مانگێک لـە کردنەوەی بارەگای (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)، دوای بنبەسـتێکی سیاسـی و ئیـداری، کە دواتـر ئاماژەی پـێ دەدەیـن، بارەگاکانـی خـۆی پێچایـەوە! بـەڵام حیزب بە شـێوەیەکی فراوانتر بارەگاکانی حیزبی لە زۆرێک لە شارە سەرەکییەکانی کوردستان کردەوە و هاوکاتیـش هاوکاریـی کردنەوەی بنکە و بارەگای ڕێکخـراوە جەماوەرییەکانـی کـرد. ئەگـەر بەشـێکی تـری باسـەکە لـە سـەر شـێوەکاری ڕێکخراوەییـی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت)ە، کـە وەکـوو ئەزموونێـک

دەبـوو بگوێزرێتـەوە، سـەرباری ئـەوەی بەرفراون بوونەکـەی خاڵێکـی ئەرێنییە، بەڵام ڕێکخسـتنەکانی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)؛ یەکەم: ڕێکخستنی سەردەمی نهێنیکاریـی ژێر دەسـەڵاتی بەعس بـوون، دووەم: بە شێوەیەکی گشتی، جگە لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراو، لـە ئەڵقـەی ڕۆشـنبیری و ناپێوەنـد بـە کرێکارانەوە پێـک هاتبوون، کـە لـە دوای ڕووداوەکانی (1991) زۆر لـە ژێـر کاریگەریـی ئـەو نهێنیکارییـەدا وەک حاڵەتێکـی نەرێنـی مایـەوە، بـەڵام بـۆ حیزبێکـی سیاسـی، کاری ڕێکخراوەیی لە زۆر لایەنەوە مانای هێنانەئـارای پێکهاتـە و نەریـت و شـێوازی کار و هەڵسـوڕانی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی جیـاوازە، جـا حیزبمـان توانیبێتـی ئـەو کارە ئەنجام بـدات یان نا، ئەوە باسێکی ترە، بەڵام ئەوەی ڕۆشنە، هۆکارەکەی ناگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کە وەکوو هـاوڕێ موئەیەد ئامـاژەی پێ دەدات، گوایە نەمان ویسـتوە سـونەتە پێشـڕەوەکانی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) بگوێزینەوە بۆ نـاو حیـزب! چونکـە گـەر هـەر کەسـێک بگەڕێتەوە بۆ باسـەکانی خـودی هاوڕێ مەنسـور حکمەت، کە (ڕەوتی کۆمۆنیست) وەکوو بنەمای فیکری، سیاسی و سـونەتیی خـۆی چـاوی لـێ دەکـردن، دەربارەی

ڕێکخراوبوونی کۆمۆنیستی کرێکاری، باش لەوە تێ دەگات، کە ڕێکخراوە چەپەکان بە (ڕەوتی کۆمۆنیست)یشەوە لەباری کردارییەوە چەند نامۆبوون بە کاری ڕێکخراوبوونی کۆمۆنیستی و ڕۆڵیان لە ناو کرێکاراندا. ئەگەر سونەتێکیش نەگوێزرابێتەوە بۆ ناو حیزب و کەموکوڕیی تێدا هەبێت، ئەوە نەگەڕانەوە و بە کرداری نەکردنی ئەو باسانەی هاوڕێ مەنسور حیکمەتە، کە پێ دەچێت هاوڕێ موئەیەد بە نیاز بێت پێداچوونەوەیان تێدا بکات، نەک سونەت و پێشڕەوییە سیاسییەکانی ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) یان هیچ مەحفەلیکی تر، کە لە ڕاستیدا کۆسپی سەر ڕێگای نەریتە سیاسییە کۆمۆنیستی، کرێکاری و حیزبییەکان بوون. بەڵام ئاشکرایە ئەوەی هاوڕێ موئەیەد دەیەوێت کاڵی بکاتەوە و بە سەریا تێ پەڕێ، گواستنەوەی سونەتە مەحفەلییەکانە، کە (ڕەوتی کۆمۆنیست) لەو بارەیەوە بەشێکی زۆرتری بەردەکەوێت. کاتێ دێینە سەر باسە سیاسییەکان، ئەم لایەنەی مەحفەلیزمی (ڕەوتی کۆمۆنیست) و جێگا و ڕێگای تایبەتی هەر هاوڕێیەکیش زیاتر ڕۆشن دەبێتەوە.

## جەنگی کەنداو و هەڵوێستی (ڕەوتی کۆمۆنیست)

سەرنجی ئێمە لە سەر ئەم بۆچوونانەی هاوڕێ موئەیەد لەو لایەنەوە نییە، کە (ڕەوتی کۆمۆنیست) چ جێگا و ڕێگایەکی لە ناو چەپ و کۆمەڵگادا هەبوو، بەڵکوو لە سەر ئەوەیە، کە دەیەوێت ئەوە نیشان بدات، کە (ڕەوتی کۆمۆنیست) لەباری تیۆری، فیکری، سیاسی و مارکسی بوونییەوە شتێکی جیاوازتر بووە لە ڕێکخراوە چەپەکانی ئەو سەردەمە. بە ڕاستی ئەمە جێگای سەرنجە، کە دوای چارەکە سەدەیەک لە کاری سیاسی لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستاندا و بە دوای ڕەخنەیەک، کە لە دیدگا و بۆچوونی تەواوی ئەو کاتەی بزوتنەوەی چەپ گیرا و ئاڵوگۆڕی بە سەر کاری سیاسی و پێگەی چەپ هێنا بە (ڕەوتی کۆمۆنیست)یشەوە، تازە خەریکە چەندین هەنگاو دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، بۆ سەر هەمان بۆچوون و دیدگای پێش (27) ساڵ، کە هاوڕێ موئەیەد خۆیشی ئەو ڕەخنانەی قەبووڵ کردوە، یان لانی کەم ڕاشکاوانە لە بەرانبەریدا ڕانەوەستاوە. پێمان وایە دەیەوێت نیگەرانی لەوە نیشان بدات، کە دەبووایە (ڕەوتی کۆمۆنیست) جێگا

و ڕێگا و پێگەیەکی تایبەتی لە ناو حیزبدا پێ بدرایە! ئەگەر وا بێت، ئەمە هەر لە بنەڕەتەوە بە تەواویی ناکۆکە بە تەرحی پێک هاتنی حیزب، کە بڕیاربوو چۆنایەتییەکی تازە و چوارچێوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەییی نوێ و نەریتێکی تازە دابمەزرێت، نەک درێژە بدرێت بە چوارچێوە و نەریتە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ڕابردوو.

ئەگەر وەک ئەوەی هاوڕێ موئەیەد دەیەوێت نیشانی بدات، گوایە (ڕەوتی کۆمۆنیست) کاریگەریی تیۆری و سیاسیی هەبووە و نووسراوی «ئەرکە دەستبەجێکان» توانی (ڕەوتی کۆمۆنیست) وەکوو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی بەهێز بکات و بیخاتە پێگەیەکی پێشڕەوەوە لە ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و چەپی ئەو کاتەدا، ئەگەر بە ڕاستی بتوانێ دروستیی ئەم بانگەشەیەی بسەلمێنێت، کە گوایە ئەو باسانە وەک بەڵگەنامە و بڕیاری سیاسیی خەتێکی مارکسیتر و پێشڕەو و جیاوازی نیشانداوە بە بەراورد بە ڕێکخراوەکانی تر، ئەوا قەبووڵمانە، کە پێویست بوو (ڕەوتی کۆمۆنیست) پێگەیەکی جیاوازتری ببوایە و باسەکانی لە پاڵ تەرح و باسەکانی هاوڕێ مەنسوردا لە پرۆسەی دامەزراندن

و پێک هێنانی حیزبدا سایەی بکردایە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی جێگای سەرنجی جدییە، ڕۆڵی (ڕەوتی کۆمۆنیست)ە لە تەبەنیکردنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و دواتر چوونە پاڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری. ڕابەری (ڕەوتی کۆمۆنیست) بە هەر وێنایەک، کە لە سەر خۆی هەیبوو، نەیتوانی شتێکی جیاوازتر لە ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستییەکانی تر نیشان بدات. جگە لەوەش لە ڕووداوەکانی (1991)دا، سەبارەت بە لێکدانەوەی بەرانبەر بە جەنگی کەنداو و نەخشەیەکی سیاسی، کە دەبوو لە بەرانبەر ئەو هەلومەرجەدا بگیرێتەبەر، هیچ نزیکایەتییەکی لەگەڵ خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری و باسەکانی هاوڕێ مەنسور حیکمەت سەبارەت بەو جەنگە، نەک نیشان نەدا، بەڵکوو بە مانایەک (ڕەوتی کۆمۆنیست) کەوتە ناو هەڵەیەکی سیاسییەوە.

(ڕەوتی کۆمۆنیست) لێکدانەوەیەکی مارکسیستی و ڕۆشنی بۆ هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی ئەو کاتەی جیهان نەبوو، کە خەریک بوو شەڕەکەی تێدا بەرپا دەبوو. جێگا و ڕێگای ئەو جەنگە بۆ ئەمریکا، وەکوو دەوڵەتێکی ئیمپریالیستی و سەرۆکی بلۆکی خۆرئاوا بۆ هێشتنەوەی ڕۆڵی سەرکردەیی بە سەر

خۆرئـاوادا دوای کۆتایـی هاتنـی بلۆکـی خۆرهەڵات، لـە تـێ گەییشـتن و لێکدانـەوەی سیاسـیی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت)دا نەبـوو. خاسـیەتی دژی ڕژێمـی و بەسـتنەوەی ئومێـدی ڕووخاندنـی ڕژێمی سـەدام و بەعس، لە ڕێگای شەڕەوە بەشێک بوو لە سیاسەتی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت) و ئامادەسازییە کردارییەکانی.
ئەگەر چی بە هۆی لایەنگریی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بۆ باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و خودی مەنسوری حیکمەت و ئۆتۆریتەی فیکریی ئەو بە سەر سەرجەم بزوتنەوەی چەپ و خودی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)ەوە، ڕابـەری (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) نەیتوانی ڕاسـتەوخۆ بکەوێتە بەرانبەر لێکدانەوەکانی مەنسـوری حیکمەت دژی جەنگ، بەڵام کەوتە هەڵوێسـتێکی دووفاقییەوە، بـەوەی لـە لایەکـەوە دژی جەنـگ وەسـتایەوە و دروشـمی دژی جەنگـی بـەرز دەکـردەوە، لە لایەکی تـرەوە و بـە کـردەوە پێشـوازیی لـە شـەڕەکە کرد، بـەوەی کـە داگیرکردنـی کوەیتی لە لایـەن عێراقەوە مەحکـوم کـرد و وەکـوو فرسـەتێکی سیاسـی بـۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس تەماشای دەکرد!
بەم جۆرە بە کردەوە (ڕەوتی کۆمۆنیست) کەوتە ناو ئەو هەرایەوە، کە ئەمریکا بۆ خۆ سەپاندنی وەکوو

پۆلیسی جیهان بەرپای کرد. بە مانایەک پێشوازیی لە هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر عێراق کرد، لە کاتێکدا، بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان، بە ڕیزی سەدان هەزار کەسی لە دنیادا ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ وەستانەوە بەرانبەر بە جەنگی کەنداو، بەڵام (ڕەوتی کۆمۆنیست) نە لەو نارەزایەتییە جیهانییە تێ گەییشت و نە ئیعتباری بۆ باسەکانی هاوڕێ مەنسور لەو بارەیەوە دانا، کە پێشتر خۆی بە مارکسییەکی شۆڕشگێڕتر و کۆمۆنیزمێکی کرێکاریتر لە ڕێکخراوەکانی تر نیشان دەدا. هەر لە سەر بنەمای ئەو هەڵە سیاسییەش «ئەرکە دەستبەجێکان» داڕێژرابوو، کە هاوڕێ موئەیەد وەک خاڵێکی بەهێزی (ڕەوتی کۆمۆنیست) شانازی پێوە دەکات، بە جۆرێک، کە وەکوو «تێزەکانی نیسان»ی لینین مامەڵەی دەکات. با لەم بارەیەوە چەند ڕوونکردنەوەیەک بدەین؛ یەکەم: ئەو لێکدانەوەیەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە سەر ڕووداوەکانی جەنگی کەنداو، کە بۆ خۆمان پێمان وا بوو شاکارێکی نایابی بۆچوونی (ڕەوتی کۆمۆنیست) ە و پێشی بۆچوونەکانی هاورێ مەنسوری داوەتەوە، لە هەمان کاتدا، هەمان بۆچوون و لێکدانەوەی

نادروست سایەی کردبوو بە سەر تەواوی ئەو ڕێکخراوانەی سەر بە کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون لە عێراقدا. هەروەها بەشێک لە ڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کە دەمانبینین، خیلافێکیان لە سەر بۆچوونەکانی ئەو کاتەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) نیشان نەدا، بەڵام دواتر هاوڕێ ئەسەدی گوڵچینی لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە و ئێمە و هاوڕێ ئەسەد و هاوڕێ ڕەحمانی حسێنزادە کۆبوونەوەیەکمان کرد. پاش قسەوباس لە سەر هەلومەرجی سیاسی، ڕووداوەکان و ڕۆشنکردنەوەی زیاتری باسەکانی هاوڕێ مەنسور لەبارەی جەنگی کەنداوەوە، ڕەخنەکانمان وەرگرت و گەییشتین بەوەی ئەو باس و لێکدانەوانەی ئێمە، واتە (ڕەوتی کۆمۆنیست)، دروست نین و پاش خوێندنەوە و جەدەلی زیاتر، باسە ئەسڵییەکانی هاوڕێ مەنسورمان قەبووڵ کرد. هەروەها دەربارەی «ئەرکە دەستبەجێکان»، گرینگترین سەرنجی ئەو کاتەی هاوڕێ ڕەحمانی حسینزادە ئەوە بوو، کە ئاڕاستە کردارییەکانی (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە سەر ئەو بنەمایە دارێژراوە، کە پێی وایە هەلومەرجی سیاسیی عێراق و کوردستان هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەیە؛ واتە (ڕەوتی

کۆمۆنیست) بە نیازە ڕابەریی شۆڕش بکات. ئەمەش لە هەمان ئەو لێکدانەوە نادروستەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە دەربارەی شەڕی کەنداو بوومان، یانی ئومێد بەستنەوە بە ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام لە ڕێگای جەنگ و ملهوڕیی ئەمریکاوە.

هەڵبەتە دوای چەند دانیشتێک لە سەر ئەو باسانە و دواتر قسە و باسی ناوخۆی ڕابەریی (ڕەوتی کۆمۆنیست)، ڕەخنە لەو لێکدانەوە و باسە سیاسییانە و لە وێنایەک، کە لە سەر هەلومەرجەکە بوومان، گیرا. هەروەها سەرنجێکی تری هاوڕێ ڕەحمان دەربارەی مامەڵەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بوو لە بەرانبەر شوراکاندا، کە شورای گەڕەکی بە خەڵکی و پۆپۆلیستی پێناسە دەکرد و دەیویست بە فەرامۆشیی بسپێرێت و تەنها پێداگریی لە سەر شورای کرێکاری دەکرد. بەڵام بە جیا لە ڕەخنەی هاوڕێ ڕەحمان، لە باری کرداری و لە دنیای واقیعدا هەڵسوڕاوانی (ڕەوت) نەیانتوانی خۆیان لە شورای گەڕەکەکان بە دوور بگرن و لەو بارەوە پەیڕەوییان لە سیاسەتی (ڕەوت) نەکرد لە پێوەند بە شوراکانی گەڕەکەکانەوە. بەڵام دواتر ئەوەی پێویستە جەختی لە سەر بکەین، بزانین کاردانەوەی ئەو ڕەخنەیە

لـه سـەر باسـە تیـۆری و سیاسـییەکانی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) بـە کـوێ گەییشـت؟ یەکـەم؛ ڕابـەری (ڕەوتی کۆمۆنیسـت) دەرگیری بنبەسـتێکی سیاسـی و قەیرانێـک بـوو، کە پێویسـتی بەوە بـوو جدیتر بە خۆیـدا بچێتـەوە. دوەم؛ دوای ئەو بنبەسـتە بڕیاریدا، کـە بەشـێک لـە ڕابەرییەکـەی بـڕوات بـۆ دەرەوەی وڵات. هەر چەندە پاساوی خۆ پاراستن و نهێنیکاریی بـۆ ئـەم چوونـە دەرەوەیـە دەهێنرایـەوە، بـەڵام واقیعییەتەکـەی بنبەسـتی سیاسـی و ناڕۆشـنی بوو دەربارەی چیکردن؟ سـێیەم؛ هەمان بنبەست بەوەی گەیاندیـن، کـە نەتوانیـن بەردەوامـی بـە بـارەگاکان بدەین و دواتر داخران. هاوڕێ موئەیەد شانازیی بە بڕیاری کردنەوەی بارەگای چەکدارییەوە دەکات، کە چی هیچ بەرپرسـیارێتییەک سەبارەت بە داخستنیان لە خۆی نیشان نادات و لەم بارەیەوە هیچ ناڵێت!!!

### ئەرکە دەستبەجێکان، تاکتیکی کام بزوتنەوە!؟

بـە ڕاسـتیی شـانازی کردنی هـاوڕێ موئەیەد بە بەڵگەنامـەی «ئەرکـە دەسـتبەجێکان»ەوە، ئەویـش دوای تـێ پەڕینـی زیاتـر لـە چارەکـە سـەدەیەک، کارەساتێکی سیاسییە، چونکە ئێمە لە ڕابەری (ڕەوتی

کۆمۆنیست)، نەک دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک، بەڵکوو دوای ماوەیەکی کەم لە ڕووداوەکانی (1991)، بەو ئەنجامە گەییشتین، کە ئەو بنەمایەی بەڵگەنامەکەی پێ نووسراوە و سەرجەم سیاسەت و کارکردیی ئەو قۆناغەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) و گشت چەپی عێراق، بریتی بوو لە کەوتنە ژێر هەژموونی سیاسیی ناسیۆنالیزمی کوردەوە، چونکە ئەو ڕاپەڕینەی کە بڕیاربوو «ئەرکە دەستبەجێکان» ڕابەری و ئامادەکاریی بۆ بکات، لە بنەڕەتەوە تاکتیکی ناسیۆنالیزمی کوردیی گوێ لە مشتی ئەمریکا بوو، نەک تاکتیکی کۆمۆنیستی بۆ بە پیرەوە چوونی شۆڕشی کریکاری! دوای تێ پەڕینی زیاتر لە چارەکە سەدەیەک بە سەر ڕەخنەی کۆمۆنیستی لەو دیدگایەی کە «ئەرکە دەستبەجێکان»ی پێ نووسراوە، گەڕانەوەی هاوڕێ موئەیەد بۆ ئەو دیدگایە و شانازی کردن پێیەوە، ئەوە دەردەخات، کە هێشتا بۆ هاوڕێ موئەیەد ڕوون نەبووەتەوە و ڕۆشن نییە، کە چی ڕوویداوە! یان ئەم مەسەلەیەش بەشێکە لەو باسانەی هاوڕێ مەنسور حیکمەت، کە هاوڕێ موئەیەد دەیەوێ پێیدا بچێتەوە!؟ هەروەها ئەم پاشەوپاش گەڕانەوەیەی هاوڕێ موئەیەد

لـه هەمـان کاتـدا تەقەکردنە لـە قاچی خـۆی، چونکە لـەم چارەکـە سـەدەیەدا ئـەو خـۆی لـە چەندیـن نووسـراویدا لە سەر ئاکامەکانی جەنگی کەنداو ڕۆڵ و هەژموونـی ئەمریـکا، وەکوو ئاکامێکی سـەرەکیی ئـەو جەنگە، بە شـێوەی جۆراوجۆر، پەسـەندبوونی ئـەو ڕەخنە کۆمۆنیسـتییەی بە فـەرز وەرگرتوە، کە ئـەو کات لـەو دیدگایـە گیـرا، کە لـە پشـتی «ئەرکە دەسـتبەجێکان»ەوە بوو، بـەڵام لە پێداچوونەوەکانی ئێسـتایدا، بـەو مانایـەی کـە دەیـەوێ خـۆی وەکوو نوێنەری خەتێکی سیاسـیی جیاواز نیشـان بدات، بە کردەوە پاشـەوپاش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسـەتی (27 ساڵ پێش ئێستا، کە کاتی خۆی بە بنبەست گەییشت! ئـەم گەڕانەوەیـە بۆ ئەو بنبەسـتە، سیاسـەتی ئەوانە نییـە، کـە وەفـادارن بـە خەتـی سیاسـی و کرداریی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)ەوە، کە بە توندیی خۆی لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری و باسەکانی هاوڕێ مەنسوری حیکمەتدا گرێدابوو، بەڵکوو سیاسـەتی کەسانێکە، کە لە ئاڕاسـتە و خەتی سیاسی و فیکریی بەرجەستە و دوا بڕیارەکانی (ڕەوت) پاشگەز دەبنەوە و ڕێگایەکی تـر دەگرنەبەر. ئەوەی پێویسـتە بە یـادی بهێنینەوە، ئـەو چوونـە دەرەوەیـەی بەشـێک لـە هاوڕێیانـی

ڕابەریـی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) بـوو بـۆ دەرەوەی وڵات. بـە جیـا لەوەی بۆ خۆی بڕیارێـک بوو، کە بە هەڵەیەکـی سیاسـی ئەژمـار دەکرێـت و ئاکامـی ئەو بنبەستە فیکری و سیاسییە بوو، کە ڕابەریی (ڕەوت) دوای ڕووداوەکانـی ئـازاری (1991) و جەنگـی کەنداو تێی کەوت، دواتر وەکوو بەشێک لەو سونەتە خراپانـەی (ڕەوت)، کە گواسـترایەوە بـۆ ناو حیزب، زیانـی گـەورەی بە بزوتنەوەکەمان و بە حیزب و بە گەشە و پێشڕەوییە سیاسی و کردارییەکانی گەیاند!

## پێکهێنانی حیزب و بۆچوونە جیاوازەکان

هەڵبەتە بە گشتی هەڵوێست و لێکدانەوەی تەواوی چەپـەکان و کۆمۆنیسـتەکانی ئـەو کاتـە بەرانبەر بە شەڕی کەنداو هیچ جیاوازیی نەبوو لەگەڵ هەڵوێست، بۆچـوون و لێکدانـەوەی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) و لە ڕووی کرداریشـەوە بـە هەمـان شـێوەی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) ڕەفتاریـان کـرد، بـەڵام ئـەوان زووتـر و پێـش لـە ئێمـە، باسـەکانی هـاوڕێ مەنسـوریان قەبـووڵ کرد. ئـەوان کەمتر لە (ڕەوتی کۆمۆنیسـت) تیۆریزەی بارودۆخەکەیان کردبوو، بۆیە بە ئاسانیی لێکدانەوەکەی مەنسوری حیکمەت دەربارەی جەنگی

کەنداو و بۆچوونی ئەو لە پێوەند بە ڕاپەڕین و خرۆشانی ئازاری ساڵی (1991) یان قەبووڵ کرد. دیارە (ڕەوتی کۆمۆنیست) ناسراوتر و جێگە و ڕێگەیەکی دیارتری هەبوو، بۆیە سەختتر بەدەم قەبووڵ کردنی باسەکانەوە دەچوو، وە بە زەحمەت لە هەر بابەتێکدا دەچووە پێشەوە. واتە ئەم واقیعە سکتاریستی، مەحفەلی و ناسیاسییە بۆ ئەوەیە، کە نایەوێت پێگە و ناوبانگی ڕێکخراوەکەی بگۆڕێتەوە لەگەڵ چوونە ناو دەورەیەک، کە ئەو جێگا و ڕێگایە لە دەست دەدات! بۆیە لە پێک هێنانی حیزبدا ڕابەریی (ڕەوتی کۆمۆنیست)، بە تایبەتی ئەو هاوڕێیانەی لە دەرەوەی وڵات بوون، زیاتر سەختگیرییان دەکرد بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی پێک هێنانی حیزب، کە لەو بارەیەوە هاوڕێیانی (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە ناوەوە زیاتر خەریکبوون بە خۆ گونجاندن لەگەڵ پێک هێنانی حیزبدا، بەڵام هاوڕێیانی دەرەوە بە دوای ئەوەوە بوون جێگا و ڕێگای (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە حیزبدا بپارێزن و حسابی تایبەتی بۆ بکرێت. ئەمەش لە باری کردارییەوە مانای تێ نەگەیشتنە لە خۆ گونجاندن و چوونە ناو دەورەیەکی تازەوە، کە پێک هێنانی حیزبێکی سیاسییە.

ئەم ئاڕاستەیە، کە ئێستا خۆی بە خەتێکی جیاواز پێناسە دەکات و هاوڕێ موئەیەد نوێنەرایەتیی دەکات، کاریگەریی نەرێنیی دانا لە سەر بەشێکی زۆر لە کادران، هاوڕێیان و دۆستانی (ڕەوتی کۆمۆنیست)، کە تا ئێستاش پاشماوەی ئەو کاریگەرییە ماوەتەوە و بەو شێوەیە گوزارشتی لێ دەکرێت، کە (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە ناو حیزبدا زوڵمی لێ کراوە (هەڵبەت هەموو مەحفەلەکان لە بیری ئەوەدا بوون بەشی زۆرتریان دەست بکەوێت)، ئەمەش بەرجەستەی ئەو بۆچوونە چەپییە دەکات، کە پێی وایە حیزب یەکگرتنی ڕێکخراوەکانە، نەک دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تازە و پێداویستییەکی مێژوویی خەباتی چینایەتیی کرێکار دژ بە سیستەمی سەرمایەداری. هەڵەیەکی گەورەیە وەها مامەڵەی حیزب بکرێت، کە یەکگرتنی ئەو ڕێکخراوانەیە. هاوڕێ موئەیەد لە پێوەند بەو ڕێکخراوە تازەیەی خۆیانەوە، کە پێکیان هێناوە دەیەوێ وا پێناسەی بکات، کە جیابوونەوە نییە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بەڵکوو دیاردەیەکی تازەیە و دەبێ وەکوو پرۆسەیەکی مێژوویی گەڵاڵەبوونی جیاوازی خەتێکی فیکری و سیاسی مامەڵە و سەیر بکرێت. بەڵام مامەڵەی

لەگـەڵ پێـک هێنانـی حیزبدا تـەواو جیـاوازە و وەک دیـاردەی یەکگرتنـی ڕێکخـراوەکان بـۆی دەڕوانێت، بۆیـە بـە دوای جیاوازییەکـدا دەگـەڕێ، کـە پێگـە و جێگایەکـی تایبـەت بـدات بـە (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت). (ڕەوتی کۆمۆنیسـت) هەر جێـگا و پێگەیەکی بە هەر مانایـەک هەبووبێت، بەڵام حیزب دیاردەیەکی تازەیە و مانـا و ناوەڕۆکێکـی تـەواو جیـاواز لـە دەورانـی ڕێکخـراوەکان و هەڵسـوڕانی کۆمۆنیسـتی لـە خـۆ دەگـرێ. جدیبـوون بۆ حیـزب، حیزبییـەت و حیزبی مارکسی شۆڕشگێر، مانای قەبووڵ کردنی حیزبێکی سیاسـییە، کـە تـەواوی پاشـماوەکان و شـێوەکار و نەریتـی مەحفەلیـی ڕێکخـراوەکان دەخاتە لاوە، نەک ستایشـکردن و تۆخکردنـەوەی ئـەوەی کـە گوایـە هـەر لـە سـەرەتاوە لە نـاو (ڕەوت) و دواتـر حیزبی کۆمۆنیسـتی کرێکاریدا، خەتێکی سیاسـیی جیاواز بە شـێوازی جەنینی بوونی هەبووە. بەڵام ئەم شـێوازە جەنینییـە لـە کوێـی باسـەکان و ڕۆڵ و هەڵسـوڕانی سیاسـی و هەژموونی کۆمۆنیسـتی کرێکاریدا خۆی حەشـار دابـوو وە گـەرای دانابوو، کە تا ئێسـتا هیچ چـاو و تەنانەت زەرەبینێکیش پەیدای نەکردوە، جگە لە «قودرەتی قادر»ی مەحفەلیزم!؟

### شکاندنی بێدەنگی دوای چارەکە سەدەیەک

لە شوێنێکی تری چاوپێکەوتنەکەیدا، کە بە پێویستی دەزانین وەڵامێک بە هاوڕێ موئەیەد بدەینەوە، دەڵێت: «دوا بە دوای ئەوەی پێگەی تاکەکان گۆڕانی بە سەردا هات و بەشێک لە ڕابەرانی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بە گوێرەی پێگەی تازەیان لە ناو پەیکەری حیزبدا، بوون بە بەشێک لەو کەسانەی کە زۆر بە توندیی بەرەنگاری ئەو سونەتانەیان دەکرد، کە پەیوەست بوو بە (ڕەوتی کۆمۆنیست)ەوە، ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندییان هەبوو لە حیزبدا، مەحفەلیزمیان کردە ناوی ئەو هێمایە بۆ وەسفکردنی هەموو ئەوانەی پێوەند بوو بە (ڕەوتی کۆمۆنیست)ەوە». بە ڕاستی ئەم بەشە لە قسەکانی هاوڕێ موئەیەد، جگە لەوەی کە دوای تەمەنێک لە کاری حیزبی، هێشتا وەکوو مەحفەلیستێکی سەرسەختی (ڕەوت) قسە دەکات، دوو لایەنی زۆر سلبی و ناهاوڕێیانە لە خۆی نیشان دەدات؛ یەکەم؛ ئەوە بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێت، کە دوای ئەو هەموو ناڕۆشنییە لە باس و جەدەلەکانیدا ڕابگەیەنێت، کە خۆی لە ڕۆژی دامەزراندنی حیزبەوە خاوەنی خەتێکی سیاسییە، کە لە باسە «تیۆری و

سیاسـییە»کانی ڕەوتەوە سەرچاوەیان گرتوە، بەڵام بـە ڕەوای نابینـێ، کـە کەسـانێکی تـر لـە ڕابەریـی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بە گوێرەی ئاخرین هەڵبژاردنی سیاسـی و بڕیـاری مێژوویـی، فەرمیـی و شـەرعی (ڕەوت) خەتێکـی سیاسـیی تریان هەبێـت و بڕوایان بـەوە بێت، کە خەتی حیزب پەیڕەو بکەن و سـونەتە مەحفەلییەکانـی (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)یان تـێ پەڕاند بێـت! بۆیە پێیان دەڵێت بـە گوێرەی پێگەی حیزبییان و بەرژەوەندییان هەموو شتێک پێوەند بە (ڕەوت) و مێـژووی (ڕەوت) بـە مەحفەلیـزم ناو دەبـەن. ئایا بە ڕاسـتی ئەمەیە ئەزموون و شـێوە جەدەلی سیاسـی لەگەڵ هاوڕیانێکدا، کە (30) ساڵ زیاتر پێکەوە کارتان کردوە و ئیستا پێت وایە بەرژەوەندیی تایبەت و پێگەی حیزبییان بنەمایە بۆ هەڵوێسـتە سیاسـییەکانیان!؟ بە ڕاستی ئەمەیە لێکدانەوەی مارکسیستی بۆ جیاوازیی خەت و بۆچوونە سیاسییەکان!؟

ئـەم حوکمـەی هـاوڕێ موئەیـەد لـە هەمـان دیـدگاوە سـەرچاوە دەگرێـت، کـە حیـزب وەک کۆکـراوەی میکانیکـی، ڕێککەوتـن و یەکگرتنـی کەسان و ڕێکخراوەکان مامەڵە دەکات، کە لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی کەسـیی کەسەکان بڕیاری لە

سـەر دەدرێ، نەک وەکوو دیاردەیەکی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و چوارچێوەیەکـی تـازە و ئامرازێـک بـۆ خەباتـی چینـی کرێـکار. ئـەم بۆچوونـە هەمان دنیابینـی ئـەو گروپـە پچـووک و مەحفەلانەیـە، کە لـە سـەر بنەمـای پڕۆژەی سیاسـی بـۆ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵـگادا حیزب و شەخسـییەتەکانی نابینن، بگرە هاوئاوازبوونـی کەسـەکان پێوانـە و بنەمایە لایان. جگە لەوەش هەوڵ دەدات بەم شـێوەیە باسـەکە بە لایەکی تردا بەرێت و بیپارێزێ لە ڕەخنە لە نەریت و دیدگاگەلێـک، کە لە سـەرەتای پێکهاتنی حیزبەوە تا ئێسـتا لە ئارادان و ئاسـتەنگییەکی مەترسـیدارن لـە بـەردەم تەحەزوبـی سیاسـیی کۆمۆنیسـتی و خەباتی کۆمۆنیستیدا، ئەویش بریتییە لە فرقەگەری، مەحفەلیزم، نەریت و شێوەکاری مەحفەلی. هاوڕێ دەیەوێ لە جیاتی جەدەلێکی سیاسی و مارکسیستیی شیاو و شایستە، دەست بەو نەریتە دواکەوتوانەوە بگرێـت، کـە گوایـە ئێمـە و مانـان خەتـی فیکری و سیاسـی و ڕابردووی خۆمان فرۆشـتوە بە پێگەی تایبەتـی کەسـیمان لـە نـاو حیزبـدا! ئەمـەش دەبێ وەکـوو داهێنانێکـی تـازە لـە پاشـەوپاش گەڕانەوە چاوی لێ بکرێت.!!

هـاوڕێ دەیەوێ بڵێ ئەو هەمـوو دادوبێدادەی لە حیزبدا دەربارەی کێشەی مەحفەلیزم کراوە، هەمووی زیهنی، ناواقعی، دروستکراو و بێبنەما بووە! هەمووی تەنهـا بـە مەبەسـتی ئینکاریکـردن لـە پێشـڕەوییە سیاسی، فکری و کردارییەکانی (ڕەوتی کۆمۆنیست) سـازکراون! کەوایە بە ڕاستیی جێگای خۆیەتی بڵێین دوای یـەک چارەکـە سـەدە لـە پێـک هاتنـی حیـزب، هـاوڕێ موئەیـەد هێشـتا هـەر (ڕەوتی کۆمۆنیسـت) ەکـەی سـەردەمی «ئەرکە دەسـتبەجێکان»ە! کەواتە ئەم چارەکە سەدەیە چی کردوە لە ناو حیزبدا!؟ بۆ لە ماوەی ئەو هەموو سـاڵەدا، کە لە ناو حیزبدا جەدەل و ڕەخنـە لە مەحفەلیـزم دەگیرا، ڕۆژێک ڕاشـکاوانە نەیـوت مـن خەتـی سیاسـی، فیکری و سـونەتەکانی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) بە ڕاسـت دەزانـم و پێداگریی لـە سـەر دەکـەم؟ بـەم جـۆرە ناکۆکییـەکان ڕوونتر دەبوونەوە و ڕەنگە ئەوەندە کات و وزەی کەسـمان بەفیڕۆ نەچوایە و هاوڕێ موئەیەدیش ناچار نەدەبوو ئـەم هەموو سـاڵە لـە تەمەنی خۆی لە نـاو حیزبێکدا بە هەدەر بدات، کە بڕوای بە خەتی سیاسی، فیکری، شـێوەکار و نەریتە سیاسی و کردارییەکەی نەبووە! بەڵام هاوڕێ موئەیەد هەرگیز وەکوو ئەمڕۆ قسـەی

نەکـردوە، تەنانـەت ئەگـەر هـەر کات پێـی وترابێـت تـۆ هێشـتا پابەنـدی بـە خەتـی فیکری و سیاسـی و سـونەتەکانی (ڕەوت)ەوە، زۆر بـە توندیـی ئەمـەی ڕەت دەکردەوە و بە تۆمەتی هەژمار دەکرد.

**(ڕەوت)ی مەحفەلی یان (ڕەوت)ی حیزبی!؟**

خاڵێکـی لەوانـەش گرینگتـر، کە جێگای شـانازیی هەموو ئەو هاوڕێیانەیە، کە ڕۆڵیان گێڕاوە لە (ڕەوتی کۆمۆنیسـت)دا، ئەو واقیعییەت و ڕاسـتییەیە، کە ئەم ڕێکخـراوە بە بڕیـاری فەرمیی تـەواوی ڕابەرایەتیی ئـەو کاتـەی ئاگایانـە بڕیاریـدا کۆتایـی بـە مێژووی مەحفەلیزمـی پێش حیـزب بهێنێت، کۆتایی بە نەریت، شـێوەکار، بەها و بۆچوونەکانی ئـەو دەورانە بهێنێ و پەیوەسـت بێـت بە حیزبی کۆمۆنیسـتی کرێکاریی عێراقـەوە. بـەم جـۆرەش ببینـە بەشـێک لـەو هەوڵ و خەباتـەی کـە بـۆ دروسـتکردنی مێژوویەکـی بـە تەواویـی جیـاواز و نوێ بەڕێ کەوتبـوو. ئەمە کۆتا بڕیـار و هەڵبژاردنـی سیاسـیی فەرمیـی (ڕەوتـی کۆمۆنیسـت) بوو. بۆیە تەنها ئـەو بڕیارە و ئەوانەی پێداگـری لـە سـەر ئـەو بڕیـارە دەکـەن، دەتوانـن و ماف و شـەرعیەتی ئەوەیان هەیە میراتگری (ڕەوتی

کۆمۆنیست) بن بە سلبییات و ئیجابیاتییەوە. ئەوانەی دواتر و ئێستا پەشیمانن لەو بریارە، بێ گومان مافی خۆیانە پەشیمان ببنەوە، بەڵام ئەم پەشیمانییە لادانە لەو بڕیارە سیاسییە فەرمییەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بۆ کۆتایی هێنان بە مێژووی مەحفەلیزمی پێش حیزب. هەڵبژاردنێکی تازە و ڕێگایەکی تر و جیاوازە لە کۆتا بڕیار و هەڵبژاردنی سیاسیی (ڕەوت) و تازە ناتوانن ئەمە بلکێنن بە (ڕەوت) و مێژووی (ڕەوتی کۆمۆنیست)ەوە. بۆیە هەڵە دەکەن گەر وا نیشان بدەن ئەوە ئەوانن، کە میراتگری (ڕەوتی کۆمۆنیست) ن. ئەوان ئەو کاتە دەیانتوانی بڵێن خاوەنی (ڕەوت) ین، کە لەگەڵ بڕیاری هەڵوەشانەوەی (ڕەوت) و پەیوەستبوونی بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە نەبوونایە و بۆ ئەم بڕیارەش دەنگی زۆربەی کادر و ئەندامانی (ڕەوت)یان لەگەڵ بووایە! نموونەی ئەم جۆرە پاشەوپاش گەڕانەوەیە لە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا کەم نییە. بەڵام بێهودەیە و ناتوانن مێژوویەکی ڕاستەقینە بگۆڕن. دەبێت تاهەتایە هەر لە خەون و خەیاڵی مێژوویەکدا بن، کە پێیان وایە لەباری تیۆری و سیاسییەوە بە ئاسودەیی و بێ قڕەوبڕە تیایدا حەواونەتەوە و هەر

خۆیان پاڵەوانی ئەو مەیدانە بوون. ئەمە ڕێک و ڕاست لاسایی کردنەوەی ئەو هەوڵانەیە، کە لە کوردستانی ئێراندا، لە لایەن مەیلە ناسیۆنالیستییەکانی ناو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە دران بۆ نیشاندانی پەشیمانیی کۆمەڵە لە پەیوەستبوونی بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە.

(ڕەوتی کۆمۆنیست) بڕیارێکی سیاسیی دروست و گرینگی دا، بەڵام وا دیارە بەشێک لە ڕابەریی ئەو کاتی (ڕەوت)، هەر وەکوو بەشێک لە ڕابەریی گروپ و ڕێکخراوەکانی تری ئەو قۆناغەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، لەو ڕۆژگارەدا بە ناچاریی تەسلیمی ئەمری واقع بوون و بە ڕواڵەت ڕەزامەندیی خۆیان لە کۆتایی هێنان بە دەورانی مەحفەلی و دەستپێکردنی دەورانی حیزبی سیاسی دەربڕیوە، بەڵام لە پشتی ئەم ڕەزامەندییە ڕواڵەتییەوە پلانی ئەوەیان هەبوو، کە لە ناو حیزبدا هێلانەیەکی تازە بۆ مەحفەلیزمی گروپەکەی پێشوویان دروست بکەن. هەڵبەتە هاوڕێ موئەیەد یەکەم کەس نییە، کە ئێمە و مانان سەرزەنشت دەکات، لە سەر ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی پرۆسەی بینای حیزبدا ڕۆیشتووین و لە ناو حیزبدا پشتمان کردوەتە پاشماوەکانی مەحفەلیزمی (ڕەوتی

کۆمۆنیست). ئەوانەی ئەم قسانە دەکەن، لە ڕاستیدا بەم جۆرە بێگانەییی خۆیان بە سیاسەت و بڕیاری سیاسی و شەرعی (ڕەوتی کۆمۆنیست) نیشان دەدەن. ئەوانەی کە تا ئەمڕۆش پابەند و پەیوەستن بە نەریت و خەتی فیکری، سیاسی و سونەتە کردارییەکانی (ڕەوتی کۆمۆنیست)ی پێش بڕیاری پەیوەست بوون بە حیزبەوە، لە ڕاستیدا پشتیان کردوەتە ئاخرین بڕیاری سیاسی و مێژوویی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بۆ کۆتایی هێنان بە مێژووی مەحفەلیزم و بوون بە بەشێک لە مێژوویەکی تازە، کە مێژووی دروستکردنی حیزبی سیاسی و کۆمۆنیستی بوو لە پێناو سازدان و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستیدا. بەشداریکردنی هاوڕێ موئەیەد لە پێک هێنانی حیزبدا، کە دوا بڕیاری سیاسی و گرینگی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بوو، جا بە هەر بۆچوون و هۆکارێکەوە بووبێت، هەنگاوێک بوو بۆ پێشەوە، بەڵام گەڕانەوەی بۆ (ڕەوت)ی پێش دامەزراندنی حیزب و لەوەش زیاتر بۆ (ڕەوت)ی بەر لە ڕاپەڕینی ئازاری (1991)، دوو هەنگاوە بۆ دواوە.

## هۆکاری ڕاستەقینەی وازهێنانی لە حیزب

لە ڕاستیدا، هاوڕێ موئەیەد لە ژێر ناوی خەت و باس و تیۆریدا، کە لای خۆیشی نارۆشنن، بەرگرییەکی سەرسەختانە لە نەریتە مەحفەلییەکانی (27) ساڵ پێش ئێستای (ڕەوتی کۆمۆنیست) دەکات. هەڵبەت زۆر کات بە شێوەیەکی تەمومژاوی لە ناو حیزبدا و لە کاتی هەر باس و بڕیارێکی سیاسیدا ئەوەی درکاندوە، کە تێبینی هەیە، بەڵام هیچ کات ڕوونی نەکردوەتەوە، کە تێبینییەکانی چین و کەی باسەکانیان دەکات، تا ئێمەش بۆچوونەکانی ببیستین و بتوانین باس و جەدەلی لەگەڵدا بکەین، جا یان باسەکانی قەبووڵ بکەین یا ڕەتیان بکەینەوە. لەمەش سەرنجڕاکێشتر لە ژیانی سیاسیی هاوڕێ موئەیەدا، وەک کەسێک لە ڕابەریی حیزبدا، بۆ یەکجاریش لە کۆنگرە یان پلینیۆمێکدا بڕیار یا بڕیارنامەیەکی سیاسیی تایبەت بە خۆی و بۆچوونە تایبەتەکانی خۆی نەهێناوەتە بەردەممان تا پەسەندی بکەین یا ڕەتی بکەینەوە. هەمیشە بە ڕستەیەکی کورت وتویەتی باس و تێبینیم هەیە، کە داوای لێ کراوە قسە و تێبینییەکانی بەیان بکات، هەمیشە وەڵامی ئەوەبوو، کە ئێستا کاتی نییە! ڕاستییەکەی ئەوەندەی تەواوی

ژیانی سیاسیی هاوڕێ موئەیەد پێداگری دەکات لە سەر ئەوەی جیاوازیی فیکری و سیاسی و خەتی سیاسیی جیاوازی هەیە و بۆ کاری مەحفەلی بە کاری هێناوە، یەک لە سەر هەزاری ئەوە، هەوڵی نەداوە و خۆی خەریک نەکردوە بەوەی کە جیاوازییەکانی ڕۆشن بکاتەوە. لە کۆتاییدا ئێمە وەکوو هاوڕێ موئەیەد وا نازانین، کە بەرژەوەندیی کەسی و پێگەی حیزبیی ئەو بنەمابێت بۆ بۆچوون و هەڵبژاردنە سیاسییەکانی، بەڵکوو وا دەزانین، کە هێشتا ئەو نەیتوانیوە لە نەریت، دیدگا و شێوەکاری مەحفەلی تێ پەڕ بکات. هێشتا ئەو لە باوەڕ، بەها و پێوەندییە مەحفەلییەکانی ئیلهام وەردەگرێت و ئەمەش هۆکاری سەرەکیی دڵەراوکێ و نەحەوانەوەیەتی لە ناو حیزبی سیاسیدا و نامۆبوونیەتی بە گێڕانی ڕۆڵی ڕابەری سیاسی لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە تایبەتی و لە ناو حیزبی سیاسیدا بە گشتی. ئەو بە واز هێنان لە حیزب و پێداگرتنەوەی لە سەر نەریت، بەها و ڕوانگە مەحفەلییەکان، گەڕایەوە بۆ خاڵی سەرەتای بازنەکە و بۆ هەمان جێگا، باوەڕ و نەریتەکانی چارەکە سەدەیەک لەمەوبەری، بە داخەوە!

***